شۆفێر ڕەزیلە
یان فیتەر تەماحکارە؟
2

تەسبیح لەزیکری پیرانەوە
بۆ مۆدێلی لاوان
4

شەش پێشنیاز
بۆ هەستانەوەی یۆڤانتۆس
15



نم نم
سەرنووسەر: شوان ئادەم ئەیڤەس
لە خەڵکەوە بۆ خەڵک
19 www.Nnmnm.com ڕۆژنامەیەکی کولتوریی گشتییە
یەکشەممە 2010/4/11
نرخ: 750 دینار

# گەنجان بەرلەوەی بوخچەیان بکرێتەوە لێک جیادەبنەوە

**تایبەت بە نم نم**

تەنها لەدوو مانگی سەرەتای ئەمساڵ دا، لەکۆی ١٤٧حاڵەتی مارەبڕین ٣٤حاڵەتی جیابونەوە هەبووە، هاوکات بەپێی ئامارێکی خانەی دادی هەڵەبجەی شەهیدیش چەند سکاڵایەک بەمەبەستی جیابوونەوە تۆمارکراون، بەڵام هێشتا یەکلایی نەکراونەتەوەو چاوەڕێی لێکۆڵینەوەو بڕیاری دادگان.

ناجید مەجید، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی سێ منداڵەو ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژی، بڕیاری داوە لێی جیابێتەوەو سێ منداڵەکەشی لای خۆی بهێڵێتەوە، «نامەوێ لەژێر دەستی ئەو دایکەدا پەروەردەبن، چونکە هەست بەبەرپرسیارێتی ناکات بەرامبەرمان»، هەربۆیە نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی لەلایەن دایکی منداڵەکانییەوە وای لێکردووە بڕیاری جیابوونەوە بدات لێی.

کۆمار کەمال، یەکێک بوو لەو گەنجانەی لەدادگەی هەڵەبجە چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی جیابوونەوەکەی دەکردو ئاماژەی بەوە دەدا کە ماوەی سێ مانگە ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە، بەڵام لەئێستادا نایەوێت درێژە بەو ژیانە بدات، «هەرچەندە سەرەتا پێشینەی خۆشەویستیمان هەبووەو یەکترمان خۆشویستووە، بەڵام ئێستا بەیەکەوە ناگونجێینو بەڕەزامەندی هەردولامان جیادەبینەوە».

7

## قوتابیانی سەرەتایی بێئەوەی هیچ فێربن دەردەچێنرێن

8



فۆتۆ: میترۆ گرافی

## ژنان

### لەسەیراندا ئۆفن؟

بەشێکی زۆری کچانو ژنان، وەرزی بەهار بەوەرزی حەوانەوەی خۆیانو هاتنی وەرزی ئیشکردنو خواردن ئامادەکردن لەلایەن پیاوانەوە وەسف دەکەنو پێیانوایە تەنها لەو وەرزەدا چەند ڕۆژێک پشوودەدەن.
لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری پیاوانو ئافرەتان باس لەئیشی پێکەوەییو هەماهەنگی دەکەنەوە، بەڵام ژنان هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوەن ئەگەر تەنها ڕۆژێکیش بێت پیاوەکانیان بەو ئیشوکارانە هەستن کە کاری هەمیشەیی خۆیانە، هاوکات پیاوانیش ژنان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەسەیرانکردندا ژنان ئۆفن.

2

## گەنجان

### لەقۆرخکردنی یاریگاکان نیگەرانن

حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠ یاریگا پێشکەشی تیپە میللییەکانی هەولێر دەکاتو لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێ، ئەوەش نیگەرانی گەنجانو تیپە وەرزشییەکانی ئەو شارەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بەرپرسیانی ئەو ڕێکخراوە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕێوشوێنی یاساییان لەگەڵ ئەو تیپانەدا کردووە کە بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانیانەوەجوڵابێتنەوە.

3

## ئەوقاف

### یەک ملیار دینار داهاتیەتی

بەتەنها لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ٤١٠٠ مزگەوت هەیەو نزیکەی ٦٠٠هەزار هاووڵاتیش سەردانی مزگەوتەکانو هەزار کەسیش ڕوو لەکەنیسەکان دەکەن، هاوکات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی ئایینو کەسایەتییەئایینییەکان لەنێو کوردەوارییدا بەهێزتر دەبێت، هاوکات لەساڵی ٢٠٠٨ەوە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف تێکەڵ بەباجی مەشروباتو پارەی حکومەت ناکرێتو «شەرعی»یە.

4

## دەرمان

### بە پێی گێچی ویژدان دەفرۆشرێت؟

بەوتەی هاووڵاتیان لەهەرێمی کوردستان، نرخی دەرمان لەدەرمانخانەیەکەوە بۆیەکێکی دی جیاوازەو هەر دەرمانخانەیەکیش بۆخۆی نرخ لەسەر دەرمانێکی دیاریکراو دادەنێو بەپێی ویژدانی خۆی دەیفرۆشێت، ئەوەش گرفتی بۆبەشێک لەهاووڵاتیان بەگشتیو هەژارو کەمدەرامەتان بەتایبەت دروستکردووە، هاوکات بەرپرسیانیش جگەلە بەڵێنی بەدواداچوون هیچ هەنگاوێکی عەمەلیان لەو ڕووەوە نەناوە.

5

## کۆمەڵگا

### ژنی نوسەری پێ قبوڵ نییە

لەنێو کۆمەڵگە نەرێتپارێزو تازە بەمۆدێرنبووەکان ژن بۆتە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی، گەرچی ئەو ژنانەی لەبواری ڕاگەیاندن کاردەکەن زۆرنو زۆربەشیان ناسراون، بەڵام لەگەڵ هەموو دەرکەوتنێکیان لەنێو بەرنامەو لەسەر شاشەی تیڤییەکان کۆمەڵێک پرسیار لای کۆمەڵگەی نێرسالار ئەخوڵقێنن، گەرچی ئەو نوخبەیە خزمەت بەکۆمەڵگە ئەکەن لەڕێگەی بوارێکی گرنگدا، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆمەڵگە ئەو ئازادییەی پێ هەزم ناکرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە کۆمەڵگە چەپاوەکان لەهەنگاوناندان بۆ پێشەوە، بێگومان ڕاگەیاندن چەمکێکی گرنگە بۆ گرێدانی کۆمەڵگە بەمۆدێرنییەتو نوێخوازی جیهانییەوە.

7

## منداڵان



12

بۆ زانینی هەواڵو زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕی نم نم www.Nnmnm.com بکەن

# کچان‌و ژنانی ئێرانی لەکوردستان حیجاب‌و پەچە فڕێ دەدەن

## دوکاندارێک: لەبەر جوانی جلەکان ئافرەتە ئێرانییەکان بەهەر نرخێک بوایە جلیان دەکڕی

**دوای گەیشتنیان بەهەرێمی کوردستان، ئەو کچ‌و ژنە ئێرانیانەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن پەچەو حیجابەکانیان لادەبەن‌و وەکو کچان‌و ژنانی هەرێمی کوردستان جل‌و بەرگی نوێ دەپۆشن، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێننەوە بۆئەوەی سیستمی ئیسلامی وڵاتەکەیان ڕێگەی پۆشینی ئەو جۆرە جل‌و بەرگانەیان نادات کە لەهەرێمی کوردستان دەیپۆشن.**

تایبەت بەتەمتەم

لەسەروبەندی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ دا، نزیکەی ٦٠هەزار هاووڵاتی ئێرانی (بەکوردو فارسەوە)، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردوو، بەشێکی زۆری ئەو کچ‌و ژنانەی لەوێوەوە هاتبوون پەچەکانیان فڕێ دابوو، لەبری پۆشینی حیجاب‌و مانتۆ ئەو جلوبەرگانەیان دەپۆشی کە لەهەرێمی کوردستان دەپۆشرێن.

ئاشتی سەباح یەکێک بوو لەو ژنە گەشتیارانەی لەئێرانەوە هاتبووە هەرێم‌و جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو جل‌و بەرگەی لەوڵاتەکەی خۆی دەیپۆشێ جلوبەرگی زیندانە، هەربۆیە "کاتێک دەگەینە کوردستان پێویستە جلەکانمان بگۆڕین"، چونکە ئەو جلەی لەوێ هەیانە وایکردووە شێوەی ئافرەت لەبەرچاوی پیاواندا بشێوێنرێت، "هەرچەندە لەناو ماڵدا هەروەک جلەکانی کوردستان دەپۆشین، بەڵام وەکو ئەوە نییە کە بۆ دەرەوە ئەو جل‌وبەرگانەلەبەربکەین".

### "گەر بتوانم هەرگیز ناگەڕێمەوە ئێران"

زۆربەی ئافرەتە ئێرانییەکان ئازادیی پۆشینی جل‌و بەرگ لەهەرێمی کوردستان بەهەل دەزانن بۆئەوەی خۆیان بەئازادیی هەڵسوکەوت بکەن، هاوکات ئومێدی ئەوەش دەخوازن لەکوردستان بمێننەوەو نەگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان.

مەعصومە محەمەدی تەمەن ٢٣ساڵ، کچێکی ئێرانی بوو کە لەشاری شنۆوە هاتبوو، ئاماژەی بەوە دەدا کە لەهەرێمی کوردستاندا هەست بەئازادی دەکات، بۆیە ئەو جل‌و بەرگانە دەپۆشێت، "حکومەتی ئێران لەڕووی پۆشاکەوە زۆر لەگەڵمان بێبەزەییەو بەهیچ شێوەیەک ناهێڵێت جگەلەو پۆشاکەی لەئێران باوە، زیاتر لەبەرکەین".

ئەو خاتوونە باس لەوە دەکات کە هەر چەند ڕۆژێک لەهەرێمی کوردستانن، جا بۆئەوەی سەفەرەکەیان بەخۆشی بکەن، "پێویستە لەهەموو ڕوویەکەوە بەتەواوەتی ئازادبین، بەتایبەت لەجلوبەرگدا"، هاوکات پەرستوو عەلی تەمەن ٢٥ساڵ، کە دانیشتووی شاری قەزوینی ئێرانەو بەرەگەز فارسە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو شێوازی جل‌و بەرگەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیپۆشێت کراوەو بێکەموکورتییە، "هەمان ئەو جل‌و بەرگەیە کە لەبازارەکانی خۆماندا هەیەو ئێمە بۆناوماڵ لەبەری دەکەین، من پێم ئاساییە ئەو جل‌و بەرگانەم بپۆشم، لەبەرئەوەی ئافرەتانی هەرێمی کوردستانیش هەموو لەبەری دەکەن".

ئەو خانمە ئێرانییە ئەوەی نەشاردەوە کە لەئێراندا زۆرجار لەبۆنەو ئاهەنگی بوک گواستنەوەدا ئەو جۆرە جلانە لەبەردەکەن، چونکە "ئاساییە لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا ئەو جل‌و بەرگانەی لەکوردستان لەبەری دەکەن بپۆشین، لەبەرئەوە منیش چەند پارچە جلێکی جوانم بەدیاری کڕیوە بۆخزمەکانم لەئێران".



کچان‌و ژنانی ئێرانی لەدەست پەچەو حیجاب، بۆ کوردستان هەڵدێن

### دوکاندارەکانیش دڵخۆش

دوکاندارەکانی هەرێمی کوردستان بەتاسەوە پێشوازی لەو ئێرانیانە دەکەن کە جلوبەرگەکانیان دەگۆڕن، لەبەرئەوەی موشتەرییەکی زۆرتری جلەکانیان دەست دەکەوێت.

سامان خەلیل خاوەنی دوکانی پۆشاک فرۆشیە لەبازاڕی هەولێرو ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر جۆرە جل‌و بەرگ هەبووە دانیشتوانی شاری هەولێر بەدەگمەن کڕیویانەو لەبەریان کردووە، لەبەرئەوەی پێیان عەیب بوو، "لەوەتەی ئەو ئێرانیانە هاتوونەتە هەرێم، ئەو جۆرە جلانەم نەماوەو هەمووی بەر لەیەک ڕۆژ لەئاهەنگەی لەهەولێر کرا فرۆشرا بەو نرخەی کە من دەمویست".

ئەو دوکاندارە باس لەوە دەکات کە هەندێک لەدوکاندارەکانی تر ئەو کارەیان بەهەل زانیوەو زۆر بەگران جل‌و بەرگیان فرۆشتووە، "لەبەر جوانی جلەکان ئافرەتە ئێرانیەکان بەهەر نرخێک بوایە جلیان دەکڕی".

### ناتوانن ئەو جلە ڕووتانە لەوڵاتی خۆیان لەبەرکەن

بەشێک لەهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەپێویستی دەزانن میوانە ئێرانیەکان هەرجلەکانی خۆیان بپۆشن، بەڵام هەندێ هاووڵاتی دیکە پێچەوانەی ئەو بۆچونە دەوەستنەوەو پێیانوایە تاکەکان ئازادن لەوەی چی دەپۆشن‌و چی ناپۆشن.

سامر قارەمانی تەمەن ٣٧ساڵ، هاووڵاتیەکی دانیشتوی شاری هەولێرەو ناڕەزایی خۆی لەگۆڕینی جل‌و بەرگی میوانە ئێرانیەکان دەربڕی‌و دەیوت: "ئەوانە ناتوانن لەوڵاتی خۆیان ئەو جۆرە جلە ڕوتانە لەبەرکەن‌و لێرە لەبەری دەکەن، ڕاستە ئێمە ئازادیمان هەیە، بەڵام نەوەک بەو شێوەیە، من ئەو کارەی ئەوان بەپێشێلکاری ئازادی دادەنێم، بەتایبەت کە لەکوردستان چاولێکەری زۆرەو ڕەنگە خەڵکی ئێمەش لەسەر ئەو شێوازە جل‌و بەرگە ڕابێن‌و ببێتە دیاردەیەکی خراپ".

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هاووڵاتییە باس لەوە دەکات، کە هەموو ئافرەتەکان بەو شێوازە جل‌و بەرگەکانیان ناگۆڕن، بەڵکو هەندێکیان هەر هەمان ئەو شێوازە جل‌و بەرگە دەپۆشن کە لە ئێران لەبەریدەکەن، "من دڵنیام لەبەرئەوەی لە ئێران ڕێگایان پێنادرێت ئەو جل‌و بەرگانە بپۆشن، بۆیە بەشێکیان دەیانەوێت لێرە ئەو تۆڵەیە بکەنەوەو بەئارەزووی خۆیان جل بپۆشن"، هاوکات ئارام فەلاحی تەمەن ٣٠ساڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو کەس ئازادە چ جۆرە جلێک لەبەر دەکات یان چۆن خۆی دەگۆڕیت، "ئێمە پەیوەندیمان بەسەر هیچ کەسێکەوە نییە، چونکە هەموو کەسێک ئازادە لەهەرێمی کوردستان چۆن هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام زیان بەئێمە نەگەیێنێت".

# گەنجان لەقۆرخکردنی یاریگاکان نیگەرانن

## "تیپە نزیکەکانی پارتی بلیت بە پێنج هەزار وەردەگرن‌و بە٢٥هەزار دەیفرۆشنەوە بەتیپەکانی تر"

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠ یاریگا پێشکەشی تیپە میللییەکانی هەولێر دەکات‌و لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێ، ئەوەش نیگەرانی گەنجان‌و تیپە وەرزشییەکانی ئەو شارەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بەرپرسیانی ئەو ڕێکخراوە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕێوشوێنی یاساییان لەگەڵ ئەو تیپانەدا کردووە کە بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانیانەوە جوڵابێتنەوە.**

ئالان ساحێبقران لەهەولێر

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم نزیکەی هەشت هەزار یاریگای لەکوردستان دروستکرد، ٢٠٠ لەو یاریگایانە بەر پارێزگای هەولێر کەوتوون، بەڵام بەوتەی بەشێکی زۆری تیپە میلییەکانی شاری هەولێر، ئەو یاریگایانەی لەو شارەدا هەن لەلایەن یەکێتی لاوانی پارتییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. بۆئەوەی تیپێک لەو یاریگایانەدا یاری بکات، پێویستە سەردانی یەکێک لەڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات‌و بلیتی یاریکردن لەوێ وەرگرێت.

### جەماوەر بۆخۆی پەیدا دەکات

بەشێک لەتیپەمیلییەکانی شاری هەولێر باس لەوە دەکەن، بۆدەستخستنی بلیتی یاریکردن پێویستە سەردانی نزیکترین ڕێکخراوی پارتی بکەن لەو ناوچەیەی یاریگاکەی لێیە.

خالید محەمەد، سەرۆکی یەکێک لەتیپە میلییەکانی شاری هەولێرەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو جارێک بۆ وەرگرتنی بلیتی یاریکردن پێویستە بچنە بەردەم یەکێک لەڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، "لەبەرئەوەی دانیشتوانی هەولێر نزیکەی سەدا ٨٠ی حەزی لەتۆپی پێیە، پارتی دەیەوێت لەڕێگەی دەست بەسەرداگرتنی ئەو یاریگایانە جەماوەر بۆخۆی پەیدابکات‌و ئەگەر بەحەزی ئەوانیش کار نەکەی، ئەوا ناڵێم بێبەش دەبێت لەبلیت، بەڵام گەر هاوین بێت بلیتی سەعات سێی پاش نیوەڕۆت دەدەنێ، گەر زستانیش بێت بلیتی ١٠ی شەوت دەدەنێ، تا نەتوانی یاری بکەیت".

بۆبەدواداچوونی زیاتر لەوبارەوە، نم نم پەیوەندیکرد بەشێرزاد عەبدولسەمەدی بەرپرسی ناوەندی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان‌و ئەویش ئاماژەی بەوە دا کە ئەو یاریگایانە دیاری حکومەتی هەرێم بووە بۆ تیپە میلییەکان، بەڵام لەبەرئەوەی کەس نەبووە سەرپەرشتی بکات، ئێستا لەلایەن ناوەندی باڵاوە بەڕێوەدەبرێت‌و چاودێری دەکرێن.

### بازرگانی بەبلیتەکانەوە دەکرێت

ئەوەی کە تیپە میلییەکانی شاری هەولێری زۆرتر نیگەران کردووە ئەوەیە کە ئەو تیپانەی ڕاستەوخۆ سەر بەئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانن، زۆر بەئاسانی بلیتی یاریگاکانیان دەست دەکەوێت‌و بەنرخێکی گرانتر دەیفرۆشنەوە بەتیپەکانی تر.

شەیدا ئازاد، سەرۆکی تیپی تۆپی پێی ژیانەوە ئاماژە بەوە دەدات، کە بەشێک لەتیپە میلییەکان بیروڕای جیاوازیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیە، بەڵام هەر دەبێت بچن لەڕێکخراوێک بلیت وەرگرن، "شتێکی تر کە زۆر عەیبە بۆ پارتی، ئەوەیە کە تیپە دەسەڵاتدارەکانی خۆیان بلیت بەپێنج هەزار وەردەگرن‌و بە٢٥هەزار بەتیپەکانی تری دەفرۆشنەوە، دیارە یەکێتی لاوان شەریکن لەفرۆشتنەوەی ئەو بلیتانە".


ئەو سەرۆک تیپە ئەوەشی نەشاردەوە کە هەموو ساڵێک لەڕۆژی ١٨/٢دا مۆڵەتی تیپەکان نوێدەکرێتەوە کە ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانە، "لەمۆڵەتەکەشدا بەتەنها نووسراوە سەرۆک بارزانی، من نازانم سەرۆک بارزانی چ پەیوەندیەکی بەو مەسەلەیەوە هەیە"، بەڵام بەرپرسی ناوەندی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەدات، کە هەر تیپێک ئەو بازرگانییەی بەبلیتەکانەوە کردبێت ئەوان ڕاستەوخۆ ئیجرائاتیان کردووە، "ئێمە تائیستا ١٢تیپمان لەسەر ئەوجۆرە کارە هەڵوەشاندۆتەوە، هەموو تیپەکانیش بەبێ جیاوازی سێبلیتی خۆیان وەردەگرن، ئەو تیپەشی بەبەڵگەوە بزانرێت بازرگانی بەبلیتەکانەوە دەکات، ڕاستەوخۆ هەڵدەوەشێنرێتەوە".



گەنجانی هەولێر، ڕێکخراوێکی لاوانی پارتی بە قۆرخکردنی یاریگاکان تۆمەتبار دەکەن

# ژنان لەسەیران دائۆفن؟!

## "هەندێک پیاو وەک ئاغا لێی دادەنیشن و دەبێت هەموو شتێکیان بۆ حازرکەیت، بەس ئەفەندییەکان یارمەتی ژنەکانیان ئەدەن"



پیاوان، ژنان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەکاتی سەیراندا هەموو ئیشە قورسەکان بەوان دەسپێرن فۆتۆ: سامان حەمە غەریب

**بەشێکی زۆری کچان و ژنان، وەرزی بەهار بەوەرزی حەوانەوەی خۆیان و هاتنی وەرزی ئیشکردن و خواردن ئامادەکردن لەلایەن پیاوانەوە وەسف دەکەن و پێیانوایە تەنها لەو وەرزەدا چەند ڕۆژێک پشوودەدەن.**

**بارین سامان لەچەمچەماڵ**

لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری پیاوان و ئافرەتان باس لەئیشی پێکەوەیی و هەماهەنگی دەکەنەوە، بەڵام ژنان هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوەن ئەگەر تەنها ڕۆژێکیش بێت پیاوەکانیان بەو ئیشوکارانە هەستن کە کاری هەمیشەیی خۆیانە، هاوکات پیاوانیش ژنان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەسەیرانکردندا ژنان ئۆفن.

### پیاوان قەدەری عافیەت دەزانن؟

میران، خەریکی گۆشتبرژاندن بوو، بەدەموچاویشیدا دیاربوو دوکەڵی غەڵوزەکە بێزاری کردبوو، کەمێک لەولاترەوە مەریوانیش خەریکی زەڵاتە درووستکردن بوو، هاژەو شەهلاش بەدەم گڵۆبەرۆژە خواردنەوە خەریکی قسەو باس بوون، ئەمە دیمەنی یەکێک لەو خێزانانە بوو، کە لەیەکێک لەسەیرانگاکانی کوردستان کاتی خۆیان بەسەردەبرد.

بەدەم گۆشت برژاندنەوە، میران ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ژنان لەسەیرانەکاندا ئیشیان تەنها دانیشتنە، "لەهەموو سەیرانێکدا دەبێت ئێمە خەریکی کارکردن بین و ژنانیش ئیسراحەتن"، بەڵام هاژەی خێزانی میران بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوەو وتی: "با لەساڵێکدا چەند ڕۆژێکمان هەبێت بۆ ئیسراحەت، باپیاوانیش بزانن خواردن دروستکردن چەند ئەرکێکی گرانە".

### ژنان ئۆفن

هەر یەکە لەژنان و پیاوان، دەیانەوێت قورسایی ئیشەکانی خۆیان بۆ یەکتری ئاشکرا بکەن و بەشێوازێکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئەوە بخەنەڕوو کە ئیشی یەکێکیان لەهی ئەویتریان زۆرترو قورسترە، ئەوەتا مەریوان، کە لەگەڵ هاژەو میراندا پێکەوە لەسەیران بوون، باس لەئەرکەکانی پیاوان دەکات و ڕیزبەندیان دەکات، "ئێمە دەبێت هەرچی پێداویستییە بیکڕین، گۆشت برژاندن و تشریب دروستکردن و چالێنان لەسەر پیاوانە، ژنانیش بەدیارمانەوە دادەنیشن و ئۆفن"، بەڵام ژنانیش لەبەرامبەر ئەو قسانەدا وەڵامیان پێیەو ئەوانیش ئەرکەکانی خۆیان لەبەرچاوەو باسی دەکەن.

کاتێک مەریوان ئەو قسانەی دەکرد، شەهلای خێزانی هەستیکرد مەریوان ناهەقییان بەرامبەر دەکات، بۆیە بەدەنگێکی کەمێک بەرزەوە وتی: "ئاخر ئێمەش کە ڕۆشتینەوە دەبێت دوو ڕۆژ خەریکی پاککردنەوەی قاپ و قاچاخ بین".

### هەر ئەفەندییەکان وان

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی تر لەپیاوان هەن تەنانەت لەسەیرانەکانیشدا یارمەتی خێزانەکانیان نادەن و هەندێک لەژنانیش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هەموو پیاوێک لەسەیران دا ئیش ناکات.

پورە ئایشێ، لەکاتێکدا خەریکی دروستکردنی قبوڵییەکەی مامە قالە بوو، وتی: "بەخوا هەندێک پیاو وەک ئاغا لێی دادەنیشن و دەبێت هەموو شتێکیان بۆ حازرکەیت، بەس ئەفەندییەکان یارمەتی ژنەکانیان ئەدەن".

پورە ئایشێ ئەوەشی نەشاردەوە کە پیاوان تەنها گۆشت دەبرژێنن و دەڵێن هەموو کارێکمان کردووە، ئەمە لەکاتێکدا بەبۆچوونی پورە ئایشێ گۆشت برژاندن ئاسانترین ئیشی سەیرانکردنە.

### پیاوان میکیاژ ناکەن و بەتەلیقیشن

بەشێکی تر لەپیاوان گلەیی ئەوەیان لەخێزانەکانیان هەیە کە لەکاتی ڕۆیشتن و چوونەدەرەوەدا ئامادەنابن و زۆریان پێدەچێت، هاوکات ژنانیش باس لەوە دەکەن کە پیاوان پێویستیان بەهیچ ڕێکخستنی جلو بەرگ و میکیاجکردن نییە.

ئارامی تەمەن سی ساڵ، ئەو درەنگ حازربوونەی ژنەکەی، ئارامی لێبڕیوە، "بۆهەر شوێنێک بچین نازە سێ سەعاتی دەوێت بۆ خۆجوانکردن، ئەمڕۆ ئێمە لەسەعات پێنجی بەیانییەوە هەستاوین کەچی سەعات هەشت بەڕێکەوتووین"، بەڵام لەوبارەیەوە، ساکار بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی هەیەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە پیاوان نەمیکیاژ دەکەن و نەجل و بەرگەکەیان ڕێکخستن و تەنسیقی دەوێت، "ژنی داماو ئەگەر خۆشی جوان نەکات ئەوکاتە هەر پیاوەکەی خۆی هەزار تەعلیقی لێدەدات".

# شۆفێر ڕەزیلە یان فیتەر تەماحکارە؟

## "زۆرجار بەتەواوەتی بەسەیارەیەکەوە هیلاک دەبیت، کەچی شۆفێر هەقدەستت نایاتێ یان واناتداتێ سودی لێببینی"

**شۆفێرو فیتەر لەگەڵ ئەوەی بەردەوام پێویستیان بەیەکتری دەبێت، بەڵام شەڕێکی ساردیش لەنێوانیاندا هەیەو بەردەوام یەکتری تۆمەتبار دەکەن، ئەوەش لەکاتێکدایە کە هیچکامیان بێ یەکتریان ناکرێ و ناتوانن لێکدی جیاببنەوە.**

**ڕامان سەعید لەسلێمانی**

کاتێک هەر شۆفێرێک سەبارەت بەفیتەرەکان دەدوێنیت، گلەیی و گازندەیەکی زۆر لەفیتەرەکان دەکات، بەتایبەت گرانجانییەکەیان پشکی شێری بەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا فیتەرەکان خۆیان بەخاوەن هەق دەزانن و باس لەوە دەکەن کە گرانجان نین و ئەوانیش خاوەن ئۆتۆمبێلەکان بەڕەزیل ناودەبەن، ئەمەش ئەو شەڕە ساردەیە، کەبەردەوام لەنێوان فیتەرو شۆفێردا بوونی هەیە.

### فیتەرەکان بەتەماعن یان شۆفێرەکان ڕەزیلن؟

محەمەد عەبدوڵا شۆفێری تەکسیەو بەوتەی خۆی هەمیشە دوعا دەکات کە توشی دوو شوێن نەبێت ئەوانیش: نەخۆشخانەو فیتەرە.

ئەو شۆفێری تەکسییە باس لەوە دەکات کە هەرکات سەیارەکەی شوێنێکی دەشکێت، خەفەت لەشکانی سەیارەکەی ناخوات، بەڵکو چوونە لای فیتەر ئازاری دەدات، "من بەحاڵەحاڵ بژێوی خۆم و خێزانەکەم دابین دەکەم، ئینجا وەرە کارم بچێتە لای فیتەرو ئەوانیش بەئارەوزوی خۆیان نرخ بۆ چاککردنەوەی سەیارەکەم دابنێن"، ئەوەش وای لەو شۆفێرە کردووە کە پێیوابێ نەبوونی هیچ جۆرە یاسایەک بۆ فیتەرەکان، وایکردووە "فیتەرەکان بەئارەزووی خۆیان نرخ دانێن".

ئەو شوفێرە ڕایی نەکردنی کاری شۆفێرەکانی لەلایەن فیتەرەوە بەکێشەیەکی تری بەرچاو و گەورە ناوبردو ئاماژەی بەوە دا کە بەشێکی زۆری فیتەرەکان کاتێک سەردانیان دەکەیت چەند ئۆتۆمبێلێکی ڕاگرتووە، "کە تۆ دەچیت هێندە بەتەماحە نایەڵێت بڕۆیت و دەڵێت ئێستا چاکی دەکەم، پاشان تۆزێک سەیری دەکات و بەجێی دەهێڵێت، تا ماوەیەکی زۆر نایەتەوە بەلایداو دوایش دەڵێت بەجێی بێڵە، بەبێئەوەی گوێ بەوەبدات کە مەعیشەتی ئێمە لەسەر ئەو سەیارەیەو پێوستمان پێیەتی".

> "من بەحاڵەحاڵ بژێوی خۆم و خێزانەکەم دابین دەکەم، ئینجا وەرە کارم بچێتە لای فیتەرو ئەوانیش بەئارەوزوی خۆیان نرخ بۆ چاککردنەوەی سەیارەکەم دابنێن"

### فیتەرەکان شارەزاییان نییە

بەشێکی تر لەشۆفێرەکان نەهامەتییەکانیان لەگەڵ فیتەردا بەوجۆرە باس دەکەن، کە فیتەرەکان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئۆتۆمبێل نییە، بەڵکو زۆرجار سەرقاڵی چاککردن یان گۆڕینی شتێکن لەئۆتۆمبێلەکەدا کە لەڕاستیدا ئەو شتەی ئەو دەستکاری دەکات هیچ کێشەیەکی نییە.

هیوا عەبدولڕەحمان یەکێکی دیکەبوو لەوشۆفێرانەی کە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ فیتەردا نییە، ئەو بە بەسەرهاتێکی خۆی لەگەڵ فیتەردا دەستی بەقسەکانی کرد، "من بۆخۆم سەیارەیەکم پێبوو لەبەینی گێڕی دوو سێدا تەقەیەکی تیابوو، ٣٠٠هەزاریان پێ سەرفکردم و هەر چاک نەبوو، بردم بۆلای فیتەرێکی ترو وتی ئەمە قوڵاغێکی تیایە کە وەختی خۆی دەعمی کردووەو خوار بەسراوەتەوە، کردیەوەو بە٢٥هەزار بۆی چاککردم لەکاتێکدا ٣٠٠هەزاریان بەبێ هۆ بەمن سەرفکرد".

ئەو شۆفێرە ئەوەشی نەشاردەوە کە لەبەرئەوەی فیتەرەکان هیچ چاودێرییەکیان ناکرێت، "بۆیە تەنها ویژدانی خۆیان دەوردەبینێت".

### فیتەری نەزان بەهەرزان ئیش دەکات

لەگەڵ قسەو گلەییە زۆرەکانی شۆفێران دا، فیتەرەکانیش وەڵام و قسەی خۆیان هەیەو پێیانوایە کە هەرکەسێک لەجێگەی ئەوان بێت هەر هەمان کار دەکات.

کەریم عومەر کە دوکانی فیتەری هەبوو لەکانێسکان، جەختی لەوە دەکردەوە کە لەساڵی ١٩٨٧ەوە کاری فیتەری دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە گرانی نرخی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان کەوتووەتە سەر ویژدانی فیتەرەکان، بەڵام "بەگشتی شت گرانە، ئەو تەکسیەی کە جاران بەدە دینار هاتوچۆی پێدەکردی، ئێستا بۆتە سێ هەزارو دوقات زیای کردووە، بۆیە ئێمەش لەگەڵ عامداین و هیچ چاودێریەکیش نییەو هەرکەسەو بەپێی وژدانی خۆی نرخ دادەنێت".

ئەو فیتەرە وەک شۆفێرەکان گرفتەکانی خۆی باس کردو وتی: "من لەمانگێکدا سێ وەرەقە کرێ دوکان دەدەم، جگە لەموچەی دوو شاگرد"، ئەوەش وای لێدەکات هەندێجار بەگران ئوتومبێلەکان چاک بکاتەوە هاوکات جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بەشێکی زۆری ئەو فیتەرانەی ئیشەکە نازانن بەهەرزان ئیش دەکەن، "دەبێت شۆفێرەکانیش ئاگایان لەو بابەتە بێت و جیاوازی بکەن".

### هەقدەست نادەن

ناوچەی پیشەسازیش لەشاری سلێمانی کە نزیکەی چوار هەزار فیتەرو پیشەوەری ئوتۆمبێلی لێیە، بۆتە جێگەیەکی دیکەی ململانێی شۆفێرو فیتەر.

عەلی ئەحمەد یەکێک بوو لەفیتەرەکانی ناوچەی پیشەسازی و لەبارەی گرانی نرخەوە کە فیتەری پێناسراوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو نرخەی فیتەر وەریدەگرێت زۆر نییە، "زۆرجار بەتەواوەتی بەسەیارەیەکەوە هیلاک دەبیت، کەچی شۆفێر هەقدەستت نایاتێ، واتا لەدە سەیارەیا چواری قەرزەو چواری نایداو ئەوەی تریش واناتداتێ سودی لێببینی".

سەبارەت بەهەبونی تەماح لەناو فیتەراو هەوڵدان بۆگلدانەوەی زۆرترین سەیارە وەستا عەلی، قورسیی پەیداکردنی بژێوی ژیانی کردە هۆکاری ئەو قەرەباڵغییەی لای فیتەرەکان دەبینرێت، "ئەمڕۆ ژیان بەجۆرێکە ناتوانیت کە لەبەیانییەوە تائێوارە تەنها خۆت بەسەیارەیەکەوە سەرقاڵکەی، ئەگینا منیش حەزدەکەم مەعیشەتم باشبێت و دوو سەیارە چاک بکەم و زوو بڕۆمەوە، لەویاشا بەدەست شۆفێر خۆیەتی دەتوانێت نەوەستێت، پەیوەندی بەتەماحی فیتەرەوە نییە، چونکە فیتەر هەوڵی ئەوە دەدات لانی کەم مەعیشەتێکی سادە بۆخۆی دابین بکات".

# دەرمان لەدەرمانخانەکاندا بەپێی گیرفانی هەژاران ناکەن

# دەرمان لەدەرمانخانەکاندا بەپێی گیڤچی ویژدان دەفرۆشرێت؟

## "دەرمانخانە هەیە ٥٠ ـ ١٠٠٪ دەخاتە سەر نرخەکەو کەسیش لێی ناپرسێتەوە"

**بەوتەی هاووڵاتیان لەهەرێمی کوردستان، نرخی دەرمان لەدەرمانخانەیەکەوە بۆیەکێکی دی جیاوازەو هەر دەرمانخانەیەکیش بۆخۆی نرخ لەسەر دەرمانێکی دیاریکراو دادەنێو بەپێی ویژدانی خۆی دەیفرۆشێت، ئەوەش گرفتی بۆبەشێک لەهاووڵاتیان بەگشتیو هەژارو کەمدەرامەتان بەتایبەت دروستکردووە، هاوکات بەرپرسیانیش جگەلە بەڵێنی بەدواداچوون هیچ هەنگاوێکی عەمەلیان لەو رووەوە نەناوە.**

پێشەوا محەمەد لەسلێمانی

هەمووکاتێکو بەبەردەوامی دەرمان پێویستییەکی سەرەکی نەخۆشەو بەبێ دابڕان بەکاری دەهێنن، ئەوەش وایکردووە بازاڕی دەرمان هێنانو فرۆشتنی گەرم بێتو بەردەوام لەبازرگانەکانی دەرمانەوە بۆکۆگاکانی دەرمانو لەوێشەوە بۆ دەرمانخانەکان دەرمان هاتووچۆ بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی هاووڵاتیانە لەئێستادا بازاڕی دەرمان فرۆشی چاودێریەکی ئەوتۆی لەسەر نییەو بازرگانەکانو خاوەن کۆگاکانی دەرمانو خاوەن دەرمانخانەکان بەئارەزووی خۆیان نرخی دەرمان دادەنێن، هاوکات لایەنە پەیوەندیدارەکانیش وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو دیاردەیە بەڵێن دەدەن بەدواداچوونی بۆ بکەن.

### حساب بۆ گیرفانی هەژاران ناکەن

گوڵچین عەلی تەمەن ٦٨ساڵ کاتێک بۆ کڕینی پاکەتێک حەبی تایبەت بەنەخۆشی شەکرەکەی چۆتە یەکێک لەدەرمانخانەکانی شاری سلێمانی، پاکەتێک دەرمانیان بەپانزە هەزار دینار پێداوە، بەڵام لەدوایدا بۆی دەرکەوتووە کە لەهەندێک دەرمانخانەی دیکەدا هەمان دەرمان بەهەشت هەزارە.

ناوبراو، ئاماژە بەوە دەدات کە سێ نەخۆشی لەگەڵدایەو هەرچی پارەی هەیە دەیدا بەدەرمان، بەڵام "ئەم دەرمانخانانە هیچ حساب بۆ گیرفانی ئەو خەڵکە فەقیرە ناکەنو هەر لەبیری دەوڵەمەندکردنی خۆیاندان، ئاخر چۆن دەبێت دەرمان لەهەر دەرمانخانەیەکدا نرخی جیاوازبێتو نەزانیت نرخە ئەسڵییەکەی چەندە".

ئەگەر گەشتێکی سادە بەناو دەرمانخانەکانی هەرێمی کوردستان دا بکەیت، دەبینیت سەرجەم خاوەن دەرمانخانەکان جیاوازی نرخەکانی دەرمان دووپات دەکەنەوە، بەڵام ئەوانیش بەهەموو جۆرێک هۆکارەکە لەسەر خۆیان لادەبەنو دەیگەڕێننەوە بۆ کۆگاکانی دەرمان.

شەقامی گۆران لەشاری سلێمانی بەشێکی زۆری دەرمانخانەکانی ئەو شارەی لێیەو یەکێک لە خاوەن دەرمانخانەکانی ئەو شەقامەش کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات لەبەرئەوەی بەقسەی خۆی جارێک لێدوانی بۆ یەکێک لەرۆژنامەکان داوە، لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە ئیجرائاتی لەگەڵدا کراوە، هەربۆیە ئاماژەی بەوە دەدا کە بازاڕی دەرمان ئاسانترین ڕێگەی هەندێک لەبازرگانەکانە بۆخۆدەوڵەمەندکردن، "چونکە هیچ چاودێریەکی لەسەر نییەو هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی نرخی لەسەر دادەنێت، دەرمان بەناوی ئەوەوە دێنن کە لەیابان یاخود لەئەڵمانیاوە هاتووە، بەڵام خانوە قورەکانی سلێمانیشی نەبینیوە، هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی دەرمان دەفرۆشێتو لەم بەینەشدا هەر خەڵک زەرەرمەند دەبن".

### دەرمانفرۆشەکان نایانەوێت ناویان بڵاوبکرێتەوە

نم نم لەرێی بەدواداچوونێکی مەیدانییەوە تێبینی ئەوەی کرد کە زۆربەی خاوەن دەرمانخانەکان بەئاسانی لەسەر تەوەرەکە قسەیان دەکرد، بەڵام هیچکامیشیان ئامادەنەبوون ناوی خۆیان بڵاوبکەنەوە، هەر لەوبارەیەوە خاوەنی یەکێکی دیکە لەدەرمانخانەکانی شاری سلێمانی، سەبارەت بەجیاوازی نرخی دەرمان لەدەرمانخانەکاندا، باسی لەوەکرد کە جیاوازی نرخی دەرمان بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆکۆگاکانی دەرمان، کە بەپێی ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن، هاوکات ئەوەشی وت کە کۆگاکانیش لەچەندین کۆمپانیای جیاوازەوە دەرمان دەهێنو هەریەکەو بەنرخێکی جیاواز هەمان دەرمان دەفرۆشن، "هەندێک لەدەرمانخانەکان بۆخۆیان نرخ زیاد دەکەن، بۆنموونە دەرمانخانەیەک پێنج وەرەقە دەدات بەکرێ، ئەو پارەی کرێیە دەخاتەوە سەر دەرمانەکە، بەڵام دەرمانخانەیەکی تر دووسەدهەزار دەیات بەکرێو دەرمانەکە بەهەرزانتر دەفرۆشێت".

ئەو دەرمانفرۆشە تیشکی خستە سەر ئەوەش کە جیاوازی ئەو وڵاتانەی کە دەرمانەکەی لێوە دەهێنرێت جیاوازی نرخ دروست دەکات، "هەندێک کەس دەچێت لەئوردنەوە دەرمان دەهێنێتو کرێو خەرجی ڕێگاش دەخاتە سەر دەرمانەکە، بەڵام کەسێکی دیکە هەمان دەرمان لەسوریاوە بەهەرزانتر دەهێنێتو لێرەش بەهەرزانتر دەیفرۆشێت".

### چەندین کۆمپانیا دەرمان دەهێنن

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دەرمانخانەکان هۆکاری جیاوازی نرخی دەرمانیان دەگەڕاندەوە بۆکۆگاکانی دەرمان، بەڵام خاوەنی کۆگای دەرمانی زەیتونە، گۆران ڕەمەزان ئاماژە بەوە دەدات کە لەئێستادا کۆمپانیایەکی زۆر دەرمان دەهێننو هەر دەرمانێک لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی جیاوازەوە دەهێنرێت، بۆیە نرخەکەشی گۆڕانی بەسەردا دێت، "لەکۆگاکانی دەرماندا بەهۆی ئەو منافەسە زۆرەی لەنێوان کۆگاکانی دەرماندا هەیە، پارەیەکی زۆر ناخرێتە سەر نرخی دەرمانەکە، هەروەها هیچ چاودێریەک لەسەر بازاڕەکان نییە، ئێستا هەرکەسەو بەئارەزوی خۆی نرخ دادەنێت، دەرمانخانە هەیە ٢٥٪ دەخاتە سەر نرخەکە، بەڵام دەرمانخانەی تر هەیە ٥٠٪ و ١٠٠٪ی دەخاتە سەروو کەسیش لێی ناپرسێتەوە، ئەمە جگەلەکۆگاکانی دەرمان کە دەرمان هەیە لای من هەرزانەو لای کۆگایەکی دیکە گرانە، بەپێچەوانەشەوە دەرمان هەیە لای من گرانەو لای کۆگایەکی دیکە هەرزانترە".

خاوەنی کۆگای زەیتوونە، یاریکردنی نرخی دەرمانی لەدەرمانخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر گەڕاندەوە بۆ زۆری کۆگاکانی دەرمانو باسی لەوەشکرد کە جاران تەنها دوو کۆگای دەرمان هەبووە، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەرمانیان بۆدابین کراوەو نرخیشیان بۆدیاریکراوە، بەڵام ئێستا چەندین کۆگای دەرمان هەیەو لەچەندەها کۆمپانیای جیاوازەوە دەرمان دەهێنن.

### دەبێت حکومەت نرخی دەرمان دیاری بکات



کۆمپانیایەکی بواری دەرمانسازی باس لەوە دەکات کە پێویستە حکومەت لەم بوارەدا هەنگاوی جددیبنێتو چاودێری نرخی دەرمان لەبازارەکاندا کۆنترۆڵ بکات.

د. عبدولفتاح هەورامی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای T&D ی ئەڵمانی، کە کۆمپانیایەکی بواری بەرهەمهێنانی دەرمانە ئاماژە بەوە دەدات کە هۆکاری بەرزی نرخی دەرمان پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیەو دەبێت لەلایەن ئەوانەوە چاودێری بکرێتو نرخ دیاری بکرێت، "ئێمە پاکەتی دەرمانمان هەیە بەحەوت دۆلار دەیدەین بەدەرمانخانەکان، بەڵام ئەوان بە٢٥٠٠٠هەزار دینار دەیدەن بەخەڵکی، ئەوەش نرخێکی زۆر گرانە، هۆکارەکەشی نەبونی چاودێریە، کەئێستا دیاریکردنی نرخی دەرمان لەسەر گیڤچی ویژدانی کۆمپانیاکانی دەرمانو خاوەن دەرمانخانەکان بەندە، کە ئەم بابەتەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەحکومەتەوە هەیەو دەبێت لیژنەی تایبەتیان هەبێتو بەدواداچوونی بۆ بکەنو سەرچاوەی هێنانی دەرمانەکەش دیارو ناسراو بێت، چونکە لێرەدا ئەوەی زەرەرمەند دەبێت تەنها هاووڵاتیانن".

لای خۆشیەوە، هاوڕاز ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری تەندروستیو ژینگە لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو حاڵەتە بوونی هەیەو ئەوانیش وەکو پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بەرنامەی بەدواداچوونیان بۆنەهێشتنی ئەو حاڵەتە هەیە، "ئێمە بەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی بڕیاری بەدواداچوونێکی وردمان بۆحاڵەتی نەهێشتنی یاری پێکردنی نرخی دەرمان هەیە، بەڵام تا ئەنجامی لیژنەکانمان بەدەست دەگاتەوەو بڕیارێک دەردەکەین هەندێک کاتمان پێویستە".

# ئەوهەڵەگەورانەی کچانو ژنان دەیکەن

بروسکە مەحمود

کاتێک قژی خۆت بۆیە دەکەیت، پلەو ڕەنگێکی تەواو نوێ هەڵبژێرە کە سەرنجڕاکێش بێت. لێرەدا چەند زانیاریەک هەیە بۆ ئەوەی ئەم کارە ئاسانتر بکات:

- خۆت ئەنجامی دەدەیت؟ زیاتر لەدوو پلەی ڕوونتر یان تاریکتر لەڕەنگی قژی خۆت تێمەپەڕە. ئەگەر دەتەوێت ڕەنگی قژت لەقاوەیی تاریکەوە بگۆڕێت بۆزەردی کاڵ بڕۆ بۆ ئارایشتگا. هەرگیز لەماڵەوە خۆت ئەنجامی مەدە. زۆربەی ئافرەتان پرسیاریان کردوە کە چۆن دەتوانن کاری هەڵە بۆیەکردن چارەسەر بکەن، هەربۆیە با ئەو پلەیەی کە هەڵیدەبژێریت نزیک بێت لەپلەی ڕەنگی قژتەوە.
- کەسێکی گەرمە یان سارد. زۆربەمان حەز دەکەین کە ساردو گەرمیش بین، بەڵام کاتێک دێینە سەر ڕەنگی قژ، گرنگە بزانین کە چۆنیت (ئەمەش پەیوەندی بەکەسایەتیتەوە نییە). ئەگەر پێستێکی ئاڵتونی، زەیتونی یان تاریکو چاوێکی ڕەش یان قاوەیی هەبێت ئەوا کەسێکی گەرمیت (زۆربەی لاتینیەکانو ئاسیاییەکانو ئەمریکیەکان ئەم شێوازەیان هەیە). کەسانی گەرم بەئاسانی بەهۆی خۆرەوە ڕەنگیان قاوەیی باو دەبێتو بۆری خوێنیشیان لەمەچەکیاندا سەوزە.
- ئەگەر پێستێکی ئاسایی و چاوێکی سەوز یان شینت هەبێت ئەوا کەسێکی ساردیت، پێش ئەوەی بەخۆر ڕەنگت قاوەیی باو بێت دەسوتێتو ڕەنگی دەماری خوێنیش لەمەچەکدا شینە. کاتێک زانیت کە کەسێکی ساردیت یان گەرم باشتر دەزانیت کە پلەی چ ڕەنگێگ لەگەڵ شێوازی پێستتدا دەگونجێتو جوانە.
- چۆن شێوازی ڕەنگێکی گونجاو هەڵدەبژێریت؟ ئەگەر پێستێکی گەرمت هەیە پلە ئاڵتونیەکانی وەک برۆنز بەپلەی تاریکتر لەپێستت، هەڵبژێرە. ڕەنگی ڕەش بەکار مەهێنە، چونکە دەرکەوتنی پێستت تێک دەدات. کاتێک ڕەنگە ئاڵتونیەکان هەڵدەبژێریت زۆر کاڵەکان هەڵمەبژێرە. ئەگەر ڕەنگێکی زەردیشت هەڵبژارد هەوڵبدە بچیت بۆ ئارایشتگاو خۆت لەماڵەوە ئەنجامی مەدە. ئەگەر ڕەنگ ساردە ڕەگی ئاڵتونیو قاوەیی سورباو بەکارمەهێنە، چونکە تەنها سوری پێستت دەردەخات. زەردێکی تاریکو قاوەییەکی سارد جوانتر دەردەچێت. کاتێک دەچیت بۆ ئارایشتگا، داوا لەخاوەنەکەی بکە کە نمونەکانت بۆ بهێنێت، سەرەتا ئەو ڕەنگانە دەستنیشان بکە کە سەرنجت ڕادەکێشێت پاشان بەڕووی دەموچاوتەوە لەنزیک پەنجەرەیەکەوە کە تیشکی سروستی لێی دێتە ناوەوە بیگرەو داوا لەخاوەن ئارایشتگاکە بکە یارمەتیت بدات بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگێک کە لەگەڵ پێستتدا بەباشی دەگونجێت.
- چۆن پلەیەکی گونجاوی کاڵ دەستنیشان دەکەیت؟ ڕەنگی زەردی کاڵ بۆ کەسێک کە ڕەنگی پێستی گەرم بێت جوان دەرناچێت. لەجیاتی ئەوە هەوڵ بدە ڕەنگی گەرمتر هەڵبژێریت. ئەگەر قژت ڕەنگی قاوەییەو بتەوێت کاڵی بکەیتەوە نابێت زۆر پلەی کاڵ یاخود ڕوون هەڵبژێریت ئەگینا لێت نایەت. لەیادت نەچێت کە قژە تاریەکەکان لەگەڵ چاوی قاوەییو سەوزدا زیاتر دەگونجێت وەک لەقژی کاڵ.
- دەتەوێت قژت سور بکەیت، بەڵام لەگەڵیدا ناگونجێت؟ مژدەیەکی خۆش! هەموو کەسێک دەتوانێت قژی سور بکات، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە پلەیەکی گونجاو بۆ پێستت بدۆزینەوە. ئەگەر ئەوەت ویست، پێشنیازی ئەوە دەکەم کە لەماڵەوە ئەنجامی نەدەیت. بچۆرە لای کەسێکی شارەزا.
- قژت شین مەکە، دەتوانیت ڕەنگی خۆڵەمێشی بشاریتەوە. قژی خۆڵەمێشی بەزەحمەت ڕەنگ دەکرێت، چونکە پێکهاتەیەکی زبری هەیە. زۆربەی ئافرەتان ڕەنگە خۆڵەمێشیەکەی قژیان بەڕەنگی کاڵ دادەپۆشن. ئەگەر قژت یەک لەسەر سێی خۆڵەمێشیەو بتەوێت قژە سروشتییەکەت بهێڵیتەوە ئەوا ڕەنگێکی کاڵتر لەڕەنگی سروشتی قژت هەڵبژێرە.
- یارمەتی! قژم بۆیە کردوەو ناشرین دەردەکەوێت. ئەمە لەکاتێکدا ڕوو دەدات کە دوو پلە زیاتر، کاڵتر یان تۆختر، لەڕەنگی سروشتی قژی خۆت هەڵدەبژێریت. ئەگەر ئەمە ڕویدا شارەزاکان دەتوانن لەچەند خولەکێکدا چارەسەری بکەن. هەوڵ مەدە خۆت ئەنجامی بدەیت. چاککردنەوەی کارێکی خراپ بۆیەکردن، سەرکەشیەکی زانستییەو شارەزایان دەزانن بەتەواوەتی چیدەکەن، نەک تۆ.



# ژنان چی بکەن بۆ ئەوەی سکیان ڕێک بێت؟

ئا: باران

ئەو ژنانەی دەیانەوێ سکیان ڕێک بێتو لەباکردنی سک رزگاریان بێت، پێویستە سەرنج بدەنە ئەم چەند خاڵەی خوارەوەو پێڕەوی ڕێنماییەکانی بکەن:

### زۆر شیرینی مەخۆن

د. لێزلی بۆنسی، لەبەشی پزیشکی زانکۆی پیترزبۆرگ دەڵێ: زۆربەی جۆرەکانی شوکولات کە شەکرێکی زۆریان هەیە، لەمەعیدەدا بەتەواوەتی ناتوێنەوەو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی سکتان با بکاتو قەڵەو پیشان بدرێن، بەتایبەت ڕێکیی لەشو لاری ژنان تێک دەدات.

### دوو کیلۆمەتر ڕاکەن

د.دیانا تیلوور لەبەشی پاراستنی تەندرووستی لەزانکۆی کالیفۆرنیای ئەمریکا، لەو بڕوایەدایە کە وەرزشە قورسەکان، گرژییەکی فراوان دێنێتە سەر لەشتانو دەبێتە هۆی ئەوەی ماسولکەکانتان بۆماوەیەکی درێژ نەرمو سست بمێننەوە، بەڵام وەرزشی نەرمو ئارام، بەتایبەت پیاسەو بەرێگادا رۆیشتن زیاتر چەورییەکانی لەشتان دەتوێنێتەوەو لەماوەیەکی کورتدا کێشەانتان چارەسەر دەکات.

زۆر خوێو هەزوێلە مەخۆن

بەکارهێنانی بێ ڕادەی هەزوێلەکانو خوێ دەبێتە هۆی ئەوەی سکتان با بکاتو هەست بەنیگەرانی بکەن. بۆدابینکردنی سودیۆمی لەشتان کە ڕۆژانە پێویستی پێیەتی، هەوڵ بدەن شتی دیکە بخۆن، بەتایبەت سوسی سۆیاو سوسی کەچەپ.

### جووڵەکردن بەسک موعجیزە دەکات

وەرزشکردن بەسک بەشێوەی هەستانو دانیشتن ئەویش بەشێوازێکی ستاندارد، لێخوڕینی پاسکیل، وەرزشکردن بەهەردوو لایەنی لەش.

### پیتاسیۆم بەکاربێنن

ئەم مادە سروشتییە دەبێتە هۆی زوو هاتنی میزو کاریگەری باکردنی خوێ لەنێو دەبات، دەتوانن ئەم ماددە باشە لەتەماتە، مۆز، گێلاس، ماسی قزل ئالاو بادام پەیدا بکەن.

### ئاوی زۆرتر بخۆن

خواردنی ئاو بەرێژەی پێویست، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئاوەی بەهۆی خوێ لەلەشتان کۆبووتەوە، بەئاسانی بێتەدەرەوەو باکردنی سکتان لەنێو بچێت. بۆ وەرزشکردن، بەتایبەت جووڵەکردن بەسک، پێویستە تەنیا درووستیان ئەنجام بدەنو بەشێوەی ڕێکو پێکو بەردەوام ئەو کارە بکەن.

ژنان دەبێ سەرنج بدەن، بەئەنجامدانی ئەم چەند کارە سەرەتاییە، بێگومان کێشەی باکردنی سکیان چارەسەر دەبێو لەشیان ڕێک دەبێ، بەمەرجێک ڕێکوپێکو درووست جوڵەکان ئەنجام بدەن.

# عەنکاوە ماڵە مێژووییەکەی مەسیحیەکانی کوردستان

لڤین نیرویی

عەنکاوە بەچوار کیلۆمەتر لەشاری هەولێرەوە دوورەو ژمارەی دانیشتووەکەی دەگاتە ٢٠هەزار کەس، زۆرینەیان سەر بەکەنیسەی کلدانیو کاسۆلیکین.

شارۆچکەی کلدانییەکان ناوچەیەکی بچووکەو دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای پارێزگای هەولێر. ئەوەی بۆتەنها جارێکیش سەردانی ئەو پارێزگایەی کردبێ ئارەزووی بینینی عەنکاوەی لەلا دروست دەبێت، بەتایبەت بۆئەوانەی مەسیحی نینو شارەزای سروتو رێورەسمەکانیان نین.

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە عەنکاوە بەعەمکا ئابادو دواتر بەعەمکوو عەکاوەو پاشتریش بەعەنکاوە ناسراوە.

ناوی عەنکاوە لەچەندین سەرچاوەی مێژوویدا هاتووە، کتێبی - مختصر تأريخ البلدان ی ئیبن ئەلعبری ئاماژەی پێداوەو باس لەوە دەکات کە هێزەکانی مەنغولی لەساڵی ١٢٥٨هێرشیان کردۆتە سەر ناوچەی عەنکاوەو چەندین بەشیان داگیر کردووە، جگەلەوەش دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بەڵگەی مێژوویی تر سەبارەت بەعەنکاوە باسدەکەن.

نینوس زەیا یەکێکە لەدانیشتووانی ناوچەی عەنکاوەو باس لەوە دەکات زۆر بەڵگەی مێژوویی لەسەر کۆنیی عەنکاوە هەیە، لەوانەش ئەو دوو بەردەی کە لەساڵی ١٩٥٥ لەکەنیسەی مارگورگیس دۆزراونەتەوە کە بەنووسینی سریانی نەخشکراونو هەندێک زانیاری لەسەر ئەو نەخشانە هەیە.

بەردی یەکەم، بەردێکی زەردەو فراوانییەکەی ٤٠سمو درێژییەکەی ٨٠سم، تێکست لەسەر ئەو بەردە نووسراوەو تێیدا هاتووە کەنیسەی مارگورگیس لەساڵی ٨١٦زایینی نۆژەنکراوەتەوە.

بەردی دووەمیش، تێکستێکی نەخشکراو بەزمانی سریانی لەسەری نووسراوەو تێیدا مێژووی مردنی قەشە هورمزی لەسەرە، کە لەساڵی ٩١٧زایینی مردووە.

عەنکاوە بەدەر لەوەی ناوچەیەکی ئایینی دیاریکراوی مەسیحییەکانە هاوکات پێگەی چەندین ئاسەواری مێژووییشە، کە ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەی دێرینی ناوچەی عەنکاوەیە.

مەقدونیا دنخا، کچێکی رۆشنبیرەو دانیشتووی عەنکاوەیەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لەبەرئەوەی ناوچەی عەنکاوە زۆر دێرینە، زۆر شوێنی ئاسەوارییشی تێدایە، لەوانە گری مارعودا.

گری مارعودا دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای عەنکاوە بەدووری چوار کیلۆمەتر، "لەساڵی ١٩٤٥وە، گری مارعودا چووەتەناو شوێنەئاسەوارەکانی ئێراقو ئایینی مەسیحیش لەسەدەکانی یەکەم گەیشتۆتە ناوچەی عەنکاوە".

گورگیس باس لەوە دەکات کە ناوچەیەک لەعەنکاوە هەیە پێیدەڵێن قسر، هەر کەسێت بمردایا لەو شوێنە دەشاردرایەوەو ئێستا بەگۆڕستانی عەنکاوە ناسراوە، هاوکات دوو کەنیسەش لەعەنکاوە هەیە بەناوەکانی کەنیسەی مارگورگیس کە لەساڵی ٨١٦زایینی دروستکراوە لەگەڵ کەنیسەی ماریوسف کە لەساڵی ١٩٧٨ دروستکراوە.

# تەنها دووساڵە داهاتی ئەوقاف تێکەڵ بەباجی مەشروب ناکرێت

## "داهاتمان نزیکەی یەک ملیار دینارەو ١٨دوکانو ئوتێلێکیشمان پێدروستکردووە"

بەتەنها لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ٤١٠٠ مزگەوت هەیەو نزیکەی ٦٠٠هەزار هاووڵاتییش سەردانی مزگەوتەکانو هەزار کەسیش روو لەکەنیسەکان دەکەن، هاوکات رۆژ لەدوای رۆژ پێگەی ئایینو کەسایەتییە ئایینییەکان لەنێو کوردەوارییدا بەهێزتر دەبێت، هاوکات لەساڵی ٢٠٠٨ەوە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف تێکەڵ بەباجی مەشروباتو پارەی حکومەت ناکرێتو "شەرعی"یە.

ئالان ساحێبقران لەهەولێر

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان لەمیانی دیمانەیەکیدا لەگەڵ نم نم، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو پابەندبونەی خەڵکی کوردستان هەیەتی بەئایینەوە لەهیچ شوێنێکی دیکەی دنیا نییە، "من بۆخۆم چەندەها وڵاتی وەک سعودیە، میسرو تورکیا گەڕاوم هیچیان وەک ئێمە پابەندی ئایینی ئسلام نین"، بەڵام نیگەرانە لەوەی ئایین بۆبەهێزکردنی پێگەی نەتەوەیی نەخراوەتەگەڕ.

**ئالان: دەوترێ قوتابخانە ئیسلامییەکان وەک پێویست نینو بایەخیان پێنادرێت، بۆ؟**



مەریوان نەقشبەندی

**مەریوان:** خواستی خەڵکی کەمە لەکارکردن لەبواری ئایینی، بەتایبەتیش ئێمە چەندین قوتابخانەی دینیمان هەیە لەکوردستان، پێکهاتوون لەقۆناغە جیاجیاکان، لەحوجرەوە تا پەیمانگای پێگەیاندنی وتارخوێنو پێشنوێژی تیایە، ئەوە جگەلەوەی کە پەیمانگای ئەزهەریش لەکوردستان کراوەتەوە، بەڵام ئێمە هێشتا نارەحەتی گەورەمان هەیە بۆ دامەزراندنی دەرچووەکانیان لەمزگەوتەکاندا، ئەوەش مانای ئەوە نییە وەزارەت مەبەستی ئەوەی نییە دایان بمەزرێنێت، چونکە کەسێک نەماوە دامان نەمەزراندبێ، بەڵام ئەوانەی دانامەزرێن، لەبەرئەوەیە کە حکومەت کاری بۆ باشکردنی موچەیان نەکردووە، یان دەرماڵەیان نییە، ئەو موچەیەی وەریدەگرن زۆرکەمە، مامۆستای ئایینش وەک کە سانی تر نییە بتوانێت پاش دەوام کاربکات، بۆیە ناچاردەبن هەندێجار قورئان خوێنەکان بچنە تازییەکان قورئان بخوێننو پارەی زیاد وەرگرن، یان مامۆستاکان ژنێک مارەکەنو لەبەرامبەردا شتێک پارە وەرگرن.

**ئالان: کوردستان زۆرترین مزگەوتی تیایە، ئەوانە وەزارەتی ئەوقاف دروستیان دەکات یان خەڵکی خێرخواز؟**

**مەریوان:** زۆرترین مزگەوت کە دروستکرابێت لەکابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئەوکات شێخ عەدنان نەقشبەندی وەزیربوو و دوو وەزارەتیش هەبوو، ئەوەی لێرەبوو زیاتر لە ٦٠٠مزگەوتی لەسەرحسابی حکومەت دروستکرد، کە ڕەنگە بەدرێژایی هیچ کابینەیەکی تر ئەو پارەیە بۆ مزگەوت خەرج نەکرێت، بەڵام لەکابینەی پێنجدا زیاتر دروستکراوە، بەڵام لە٩٥٪ی پارەکەی خەڵکی خێرخواز دابینیکرد، ئەویش سیاسەتێکی ژیرانە بوو کە حکومەت گرتییەبەر، بۆیە ئێمە پارەیەکی زۆرمان لەو کابینەیە گەڕاندەوە بۆ حکومەت بۆئەوەی حکومەت لەجیاتی مزگەوت نەخۆشخانەو قوتابخانەی لێبکاتەوە، بەڵام تاچەند ئەو کارە کرا دەبێ لەهەردوو وەزارەتی تەندروستیو پەروەردە بپرسی، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە وەزارەت هیچی نەکردبێت، ئێمە لەکفری مزگەوتو خانەقایەکی گەورەمان دروستکرد کە نیو ملیاری تێچوو، ئەو خانەقایە چەندەها دوکانیش لەخۆی دەگرێت.

**ئالان: کەواتە ئێستا وەزارەتی ئەوقاف خاوەن داهاتی خۆیەتی، ئەو داهاتە چەندە؟**

**مەریوان:** داهاتی ئێمە نزیکەی یەک ملیار دینارە، ساڵانە بەو داهاتەش کاردەکەینو چەندین پرۆژەی خێرخوازی خۆشمان نوێکردەوە بەجۆرێکی وا کە داهات زیاد بکات، بۆنموونە دروستکردنی ١٨دوکان لەسلێمانیو دروستکردنی ئوتێلێک لەدهۆک.

**ئالان: ئەو داهاتەی دەستان دەکەوێت حکومەت لێتان وەردەگرێت یان لەبودجەکەتان دەبڕێت؟**

**مەریوان:** لەساڵی ٢٠٠٨وە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانمان وەرگرت کە ئەو پارەیە نەگەڕێتەوە ناو خەزێنەی حکومەت، ئەوەبوو حسابێک بۆ وەزارەت کرایەوەو ئێستا وەزارەت خۆی سەرفی دەکات، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە مامۆستایانی ئایینی نیگەران بوون ئەو پارەیە تێکەڵ بەپارەی حکومەت بێت، لەبەرئەوەی حکومەت باجی مەشروبو شتی تر وەردەگرێتو تێکەڵاو دەبێت بۆیە وتمان بەوجۆرە شەرعی دەبێت.

**ئالان: پەیوەندی وەزارەتی ئەوقافو دەرەوەی خۆی لەچ ئاستێکدایە؟**

**مەریوان:** لەم چەند ساڵەی دواییدا، وەزارەتی ئەوقاف لەسێ کابینەی حکومەتدا توانی پەیوەندییەک لەگەڵ جیهانی دەرەوە دروستبکات، پەیوەندییەکانیش لەچوارچێوەی شەریعە یان ئەتەکێتێکی رۆتینی بووە، بەڵام ئێستا قۆناغێکی تازەی بڕیوە، ئێستا پەیمانگای ئەزهەر لەکوردستان کراوەتەوە، ئەوەش کارێکی زۆر بەرچاوو شازە، چونکە ئەزهەر ڕێگەنادات لقی خۆی بکاتەوە، لەبەرئەوە تەنها لقی لەفەلەستینو مالیزیا هەیە، ئەوەش کارێکی گرنگە پرۆتۆکۆلێکیش لەنێوان وەزیری ئەوقافو ئەوان هەیە کە چەندەها قوتابی ئێمە لەئاستە بەرزەکانی ئەزهەر وەربگرن، لەگەڵ سعودیەش پەیوەندی باشمان هەیە، داوایان لێکردین کە قورئانی پیرۆزیش وەرگێڕین بۆ کوردی بۆ ئەو کەسانەی عەرەبی نازانن.

**ئالان: ئەو کارەیان جۆرێکە لەبانگخوازی یان بەچ مەبەستێک ئەو داوایەیان لێکردن؟**

**مەریوان:** پێموانییە بۆمەبەستی بانگخوازی بێت، لەبەرئەوەی ئەوان بۆزۆربەی زمانەکانی دونیا وەریدەگێڕن، بۆئەوەی دەچێتە سعودیە بەئاسانی بیخوێنێتەوە یان ئەوان لەزۆربەی دوکانو شوێنەکانیان ڕێنمایی کوردیان نووسیوە، بەڵام وەرگێڕانی قورئانیش پێویستی بەیەک دەنگی زانایان هەیە، بەڵام بەداخەوە زانایانمان یەکدەنگ نینو یەکیشیان نەگرتۆتەوە، بەڵام هیوادارم دوای ئەو کۆنگرەیەی بەستیان کە ماوەی مانگێکە هیچیان نەکردووە، ببنە یەکدەنگ بۆ ئەوەی وەزارەتیش هاوکاری ئەو پرۆژەیە بکات.

**ئالان: کەواتە ئێوە یەکێتی زانایان بەکەمتەرخەم دەزانن لەو بوارانەدا؟**

**مەریوان:** کاری ئێمە نییە بەکەمتەرخەمیان دابنێین، بەڵام ئەوە کاری خۆیانە، خەڵکیش گلەیی لەوە دەکات کە تائێستا یەک مەرجەعی فەتوا نییە لەکوردستان، بۆنمونە لەکاتی فەتوادانی سەرفترە لەهەولێر جۆرێک بوو لەسلێمانیش بەجۆرێکی تر، بۆئەو مەبەستەش خەڵک گلەیی لەئەوقاف ناکات، بەڵکو لەیەکێتی زانایانی دەکات.



# تەسبیح ... لەزیکری پیرانەوە بۆ مۆدێلی لاوان

## "ئەگە رۆژانە زکر بە تەسبیح بکرێت، مرۆڤ لەگوناح دەپارێزێت"

ژنانو پیاوانی بەساڵاچوو ئاماژە بەوە دەدەن کە تەسبیح لەکۆندا تەنها بۆ زیکرکردنی ئایینی بەکارهێنراوە بەتایبەت لەبۆنە ئایینیەکاندا، بەڵام گەنجان پێیانوایە تەسبیح بۆ کاتبەسەربردن بەکاردەهێنرێتو لەئێستاشدا زۆرینەیان پێیانەو بەدەم خستنەرووی کێشەو باسو خواسەکانی سەردەمی گەنجێتیان تەسبیحەکانیان هەڵدەسیورێنن.

کەتایۆن محەمەد

بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان لەکۆندا بەرد یان خورما بۆدانەکانی تەسبیح بەکارهێنراوەو دواتر بەلاسکی گژوگیا پێکیانەوە بەستووە.

ئەوانەی سالآنێکەتەسبی حفرۆشییان کردوەتە پیشە، باس لەوە دەکەن کە تەسبیح کەرەستەیەکی مێژوویی زۆر کۆنەو لەدێرزەمانەوە بەکارهێنراوە، زۆرتر پیاوانی ئایینیو بەساڵاچووان بەدەستیانەوە گرتووە، بەڵام ئێستا بەدەست گەنجانەوە هەڵدەسورێنرێ.

ساڵح رەحمانی تەمەن ٦٩ساڵ یەکێکە لەوانەی ماوەی ٤٠ساڵە تەسبیح دەفرۆشێت، بەوتەی خۆی لەباوکییەوە کاری تەسبیح فرۆشتنی بۆماوەتەوە. ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەدرێژاییی تەمەنی منداڵی هاتوچۆی لای باوکی کردووەو دوکانی تەسبیح دروستکردنو فرۆشتنی هەبووە، "هەموو موشتەرییەکانی باوکم، پیاوی ئایینیو ئەو پیاوە پیرانە بون کە تەسبیحیان بۆ زیکرکردنی ئایینی بەکاردەهێنا، بەڵام ئێستا بووە بەمۆدێلو بەدەست گەنجانەوەیە".

### تەسبیحو ئاماژەکانی

محەمەد عارف یەکێکی ترە لەو تەسبیح فرۆشانەی کە لەبەردەم مزگەوتی گەورە دانیشتووەو تەسبیح دەفرۆشێت، ئاماژە بەوە دەدات کە تەسبیح لەژمارەدا جیاوازی هەیەو جۆراوجۆریشن، "تەسبیح بەپێی ناوی پێغەمبەرانو خودا دادەنرێت، هەیە ٣٣دانەیەو ئاماژەیە بۆتەمەنی عیسا، تەسبیح هەیە ٦٣دانەیەو ئاماژەیە بۆتەمەنی پێغەمبەری ئیسلام، تەسبیح هەیە سەدو یەک دانەیەو بەناوی خوداوە دانراوە".

ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر ئایینو مەزهەبێک بەپێی شەریعەتی خۆیان تەسبیح بۆ سزیکرو سروتە ئایینییەکانیان بەکاردێنن، "هەر ئاینێک بۆ زکری تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنێت، ئاینی ئیسلام بۆ ویردخوێندن بەکاری دەهێنن، بەڵام گەنجانی ئێستا بۆ کاتبەسەربردنو جوانی بەدەستیانەوە دەیگرن".



گەنجان بە پێچەوانەی پیرەکانەوە تەسبیح بەکار دێنن

### گەنجانو پیران کۆک نین

زۆربەی هاووڵاتیان تەسبیح بەکاردەهێننو بۆتە خوی رۆژانەیان، بەڵام پیرەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بۆ زیکرکردن بەکاری دەهێنن، گەنجانیش بۆ جوانیو کات بەسەر بردن.

کەمال رەئوفی تەمەن ٥٣ساڵ، ماوەیەکی زۆرە تەسبیح بەدەستەوە دەگرێتو بۆتە خویەک لای، "ئەگەر پیاوێک فێری تەسبیح بێت، ناتوانێت بەبێ تەسبیح بچێتە دەرەوە، جائیتر ئەو تەسبیحە بۆ زیکرکردن بێت یاخود بۆخۆ سەرقاڵکردن بێت".

ئەحمەد فەتاحی تەمەن ٧١ساڵ تەسبیحێکی ١٠١دەنکی بەدەستەوە بوو، دانە دانە بەپەنجەکانی هەڵدەگردو باسی لەوە دەکرد کە "رۆژانە ٥٠- ٦٠جار ئەو تەسبیحە بەوشە پیرۆزەکان خوداو پێغەمبەرو شوکرانە بژێری دەکەم"، هاوکات جەختیشی لەوە دەکردەوە کە تەنها تەسبیح بۆ زیکرکردن کراوە نەک بۆ خۆنواندنی گەنجان.

کاروان جەلالی تەمەن ٢٣ساڵ، خوێندکاری زانکۆیەو بەبەردەوامی تەسبیحێکی پێیە، بەقسەی خۆی هەمیشە بۆدەرەوەی زانکۆ تەسبیحەکەی بەدەستیەوە دەگرێت، "لەزانکۆ چەندینجار بەبێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بووبێت، لەبەرچاوی مامۆستا تەسبیحم گرتووە بەدەستمەوەو مامۆستا ئاگاداری کردومەتەوە، بەڵام هەمیشە تەسبیح لەگیرفانمدایە".

ناوبراو پێیوایە تەسبیح هەر بۆ کات بەسەر بردنەو لەوە زیاتر شتی تری پێناکرێت، "تەسبیح بۆخۆسەرقاڵکردنە، بەتایبەت لەپرسەو هەندێ شوێنی تردا".

تەسبیح بۆ زیکرە

مامۆستایەکی ئایینی پێیوایە تەسیبح گەر بۆ زیکری خودا بەکاربهێنرێت خێرە، نەک تەنها بۆخۆسەرقاڵکردن. مامۆستا محەمەد ئەمین ئاماژە بەوە دەدات کە لەکۆنەوە تەسبیح بۆ زیکری ئایینیو تەوبەکردنو ناوهێنانی خوداو دوعاکردن بەکارهاتووە، "بەهۆی تەسیبحەوە چەندین رێورەسمو سروتی ئایینی دەخوێنرێتو مرۆڤی موسوڵمان خێرو چاکەی دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر بۆ کات بەسەربردن بێت ئەوا گوناهی دەگات، چونکە ئەو کاتەی هەیەتی بۆکارێکی باش بەکاری ناهێنێت بەڵکو بەفیرۆی دەدات"، هەربۆیە جەختی لەوە دەکردەوە کە پێویستە بەکارهێنانی تەسبیح بۆکاری ئایینی بێتو زیکری پێبکرێت نەک شتی تر، "ئەگە رۆژانە زکر بەتەسبیح بکرێت، مرۆڤ لەگوناح دەپارێزێتو بیر لەگوناح ناکاتەوەو لەخوداوە نزیک دەبێت".

# گەنجان ... بەر لەوەی بوخچەیان بکرێتەوە جیادەبنەوە!!

## "هەرگیز نامەوێت قسە لەسەر کەسێک بکەم کە بڕیارم دابوو ببێتە باوکی منداڵەکانم"

**تەنها لەدوو مانگی سەرەتای ئەمساڵ دا، لەکۆی ١٤٧حاڵەتی مارەبڕین ٣٤حاڵەتی جیابونەوە هەبووە، هاوکات بەپێی ئامارێکی خانەی دادی هەڵەبجەی شەهیدیش چەند سکاڵایەک بەمەبەستی جیابوونەوە تۆمارکراون، بەڵام هێشتا یەکلایی نەکراونەتەوەو چاوەڕێی لێکۆڵینەوەو بڕیاری دادگان.**



**میهرەبان سەلام لەهەڵەبجە**

لەگەڵ ئەوەی لەئێستادا پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناو گەنجاندا بەدیدەکرێت، بەڵام جیابوونەوەو هەڵوەشانەوەی گرێبەستە هاوسەرگیرییەکانیش کەم نینو لەزۆربووندان، هاوکات توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوە دەدات کە گەنجان لەڕۆسەی هاوسەریی دا، تەنها پشت بەلایەنە سۆزدارییەکانیان دەبەستن.

### سێ منداڵیان هەیەو جیادەبنەوە

بەوتەی کەسانی بەئەزموون هەندێ لەو گەنجانەی تازەژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە لەگەڵ ڕوبەڕوبونەوەی هەر ناخۆشیو گرفتێک کە دێتە ڕێیان، یەکەم شتێک کە بیری لێدەکەنەوە دابڕانو جیابونەوەیە، بەبێئەوەی بیر لەدەرئەنجامەکانی بڕیارەکانیان بکەنەوە.

ناجید مەجید، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی سێ منداڵەو ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژی، بڕیاری داوە لێی جیاببێتەوەو سێ منداڵەکەشی لای خۆی بهێڵێتەوە، "نامەوێ لەژێر دەستی ئەو دایکەدا پەروەردەبن، چونکە هەست بەبەرپرسیارێتی ناکات بەرامبەرمان"، هەربۆیە نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی لەلایەن دایکی منداڵەکانییەوە وای لێکردووە بڕیاری جیابوونەوە بدات لێی.

### پێشتر یەکتریان خۆشویستووەو ئێستا جیادەبنەوە

ئەگەرچی بەشێک لەگەنجان بە"خۆشەویستی" ژیانی هاوسەریی پێکدێنن، بەڵام دوای ماوەیەک لەژیانی هاوسەریی بەپێداگرییەکی زۆرەوە ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ دەستبەرداربوون لە"خۆشەویست"ەکانیانو جیابونەوە لێیان.

کۆمار کەمال، یەکێک بوو لەو گەنجانەی لەدادگەی هەڵەبجە چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی جیابوونەوەکەی دەکردو ئاماژەی بەوە دەدا کە ماوەی سێ مانگە ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە، بەڵام لەئێستادا نایەوێت درێژە بەو ژیانە بدات،"هەرچەندە سەرەتا پێشینەی خۆشەویستییمان هەبووەو یەکترمان خۆشویستووە، بەڵام ئێستا بەیەکەوە ناگونجێینو بەڕەزامەندی هەردولامان جیادەبینەوە".

لەلایەکی دیکەوە بەشێکی تر لەو گەنجانەی کە جیادەبنەوە، هێشتا بەتەواوەتی نەچوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، بەڵکو هەر لەژیانی دەزگیرانداریاندا کۆتایی بەپەیوەندییەکانی نێوانیان دەهێننو لێک جیادەبنەوە.

ژیان خالید، هێشتا دەزگیراندارەو دەیەوێت لەدەزگیرانەکەی جیاببێتەوەو بەهیچ جۆرێکیش ئامادەنەبوو هۆکاری جیابوونەوەکەی بدرکێنێت، "هەرگیز نامەوێت قسە لەسەر کەسێک بکەم کە بڕیارم دابوو ببێتە باوکی منداڵەکانم".

### دوای غەریزە جنسییەکان کەوتوون

هەرچەندە توێژەرانی کۆمەڵایەتیی چەند هۆکار دەکەنە پێشمەرجی جیابونەوەی دەزگیراندارو تازە هاوسەران، بەڵام زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە گەنجان لەکاتی ژنهێنانو شوکردندا تەنها بیر لەلایەنە جنسییەکان دەکەنەوە.

جەمال مەحیدین وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی خۆی بە نم نم ناساندو باسی لەوەکرد کە پرۆسەی هاوسەریی لەئێستادا، پرۆسەیەکی تەندروست نییە، چونکە، "ئێستا بڕیاردەری سەرەکی گەنجان خۆیانو ئەوەندە پشت بەبنەما سۆزدارییەکان دەبەستن گوێ بەشتە بنیادنەرەکانی دوای هاوسەرگیری نادەن، هەروەها بیر لەو کێشەو گرفتانەش ناکەنەوە کە لەئەنجامی هاوسەرگیریدا دێتە پێشیان، وەکو بەرپرسیارێتیو لایەنی ئابووریو ئەرکی خێزانو دواتریش منداڵ".

لای خۆشییەوە، تریفە لەتیفی پارێزەر، جەختی لەوە کردەوە کە لەکاتی تۆمارکردنی سکاڵای جیابوونەوە لەلایەن کەسێکەوە، دادگا چەندین ڕێوشوێن دەگرێتەبەر تا کێشەکەیان بۆ چارەسەرکاتو نەگاتە حاڵەتی جیابوونەوە، بۆنمونە سەرەتا دادگا بانگی هەردوو هاوسەرەکە دەکاتو ئیفادەیان لێوەردەگرێت، پاشان بۆ ماوەی دووهەفتە مۆڵەتیان پێدەدات بیر لەکێشەکەیان بکەنەوە، دوای دوو هەفتەکە ئەگەر نەگەیشتنە چارەسەر، دادوەر شەش مانگی تریان بۆ تازە دەکاتەوە، ئەگەر "دوای ئەوەی لەماوەی ئەو شەش مانگەدا ئەو دوو کەسە هەر بڕیاری جیابوونەوەیان دا، ئەوکات دادوەریش بڕیارەکەیان پەسەند دەکات".

# ژنە نووسەرەکان لەبیرەوەری کۆمەڵگەدا

**کەژاڵ ئیسماعیل لەهۆڵەندا**

لەنێو کۆمەڵگە نەریتپارێزو تازە بەمۆدێرنبووەکان ژن بۆتە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی، گەرچی ئەو ژنانەی لەبواری ڕاگەیاندن کاردەکەن زۆرنو زۆربەشیان ناسراون، بەڵام لەگەڵ هەموو دەرکەوتنێکیان لەنێو بەرنامەو لەسەر شاشەی تیڤییەکان کۆمەڵێک پرسیار لای کۆمەڵگەی نێرسالار ئەخوڵقێنن، گەرچی ئەو نوخبەیە خزمەت بەکۆمەڵگە ئەکەن لەڕێگەی بوارێکی گرنگدا، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆمەڵگە ئەو ئازادییەی پێ هەزم ناکرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە کۆمەڵگە چەپاوەکان لەهەنگاوناندان بۆ پێشەوە، بێگومان ڕاگەیاندن چەمکێکی گرنگە بۆ گرێدانی کۆمەڵگە بەمۆدێرنییەتو نوێخوازی جیهانییەوە، هەر لەپشت ئەو نوخبە ژنەی لەو بوارەدا چالاکن کۆمەڵێک ژنی دیکە لەبواری ئەدەبدا سەرقاڵی نووسینو بڵاوکردنەوەن، بەڵام ئەم نوخبە ڕۆشنبیرە وەک ئەوەی کۆمەڵگە بیری لێنەکاتەوە یان بایەخی پێنەدات لەپەراوێزدان.

ئەگەر هەردەرکەوتنی ژنە پەرلەمانتارێک یان ئەکادیمییەک لەبوارێکی تایبەتدا غەریزەی پیاو بەئاقارێکی چەوتدا بزوێنێت ئاخۆ ئەبێ ژنانی نووسەر لەکوێی هۆشیاری ئەو پیاوانەدا بن کە کۆمەڵگە بەڕێوە ئەبەن. کاریسەکە لەوەدایە، ئەو نوخبە ڕۆشنبیرە کە بەردەوام کێشە کۆمەڵایەتیو هەنوکەییەکانی نێو کۆمەڵگە ئەوروژێنن هەمیشە لەتاریکیدان، بۆنمونە گەر سەر بەهەرماڵێکدا بکەی کۆمەڵێک وێنەی سەیرو بزوێنەر ئەبینی وەک وێنەی گۆرانیبێژو ئەکتەرەکان، ژووری هەر گەنجێک دەیان وێنەی ئەکتەرو ڕاپەرە بیانییەکانی پێدا هەڵواسراوە، لەهەر منداڵێک بپرسی گۆرانییەک بڵێت خێرا گۆرانییەکی نانسی یان هەیفا یان شەکیرا ئەڵێتەوە، بەڵام گەر لەگەنجێک یان ڕۆشنبیرێک بپرسی ناوی ژنە نووسەرێک بڵێت وەک ئەوەی بینێیتە نێو گێژاوێکی قووڵەوە لێوی نەزانی ئەگەزێت، ئاخر ئەمە کاریسەیە کە ژنانی نووسەر بەو شێوەیە لەپەراوێزدابن، ئەبێت تاوانی کێ بێت کە ئەو ژنانەی شارەزاییان هەیە لەناسینو خوێندنەوەی وتارو شیعرو ڕیپۆرتاژی ڕەگەزی مێدا لەژێر هێڵی هەژمارکردنەوە بن؟ ئایا ژنان ناخوێننەوە؟ گەنجان بەدواچونیان نییە بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان؟ یان کۆمەڵگە بوونی ژنی نووسەری پێ قەبوڵ نییە؟

بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی وەڵامدا پێویستمان بەچوونە نێو ناخی هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگەیە، کەواتە گەیشتن بەوەڵام لێدانە لەدەرگایەکی داخراو.

بڵاوکردنەوەی وێنەی ژنانی نووسەر لەنێو ڕۆژنامەوە گۆڤارەکاندا تەنها بۆ تەماشاکردنە، بڕیاردانە لەسەر چەندێتیو چۆنێتیتەمەنوهەڵسەنگاندنیڕووخسار، کام تاک لەنێو کۆمەڵگەدا بیری لەوە کردۆتەوە وێنەی ژنە نووسەرێکی بەتوانا لەژوورەکەی هەڵواسێت، کام مامۆستا، دایک، باوک، خێزان، هەوڵی داوە تەنها ژنێکی نووسەر بەمنداڵەکەی بناسێنێت، تاوەکو وەک کۆمەڵگە خۆرئاواییو پێشکەتوخوازەکان ژنانی نووسەر بێنە بەر ڕۆشناییو ڕەنجو ماندووبونیان بەخەسارەت نەچێتو وەک ئینسانێکی چالاک بناسرێن!!؟

ئاخر ئەمە کاریسەیە هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگە هەموو بایەخێکی گەڕان بێت بەدوای نوێترین کلیپی بێماناو نوێترین فیلمی سینەمایی، لەکاتێکدا تەنها ژنێکی نووسەری نێو کۆمەڵگەی خۆی نەناسێت، بۆ ئەبێت تێڕوانینی ژن تەنها لەگۆشەنیگای تەسلیە و تێرکردنی غەریزەکانی ئینسان بێت؟

# ئەوە بکە کە هاوسەرەکەت دەیخوازێ

ئەگەر دەتەوێت لەژیانی هاوسەرییت سەرکەوتووبیتو بەسەر کێشەو گرفتە سۆزدارییەکاندا زاڵ بیت، پێڕەوی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکە:

### خاڵی یەکەم:

ژنان پێویستە بزانن چ شتێک هاوسەرەکانیان دەبزوێنێت. ئەو خاڵانە بدۆزنەوەو لەهەمان کاتدا کەڵکی لێوەر بگرن. هەڵبەت گرنگی بەڕادەی کاتو کەڵک وەرگرتن بدەن، بۆنموونە: ئەگەر پیاوێک لەشێوەیەکی ئارایشتکردنی خاتوونەکەی چێژ وەردەگرێتو خاتوونەکەش بەبەردەوامی لەو ئارایشتە کەڵک وەربگرێت، دەبێتە هۆی ئەوە کە کاریگەریو سەرنجڕاکێشانی ئەو ئارایشتە لەناو بچێت.

خاتوونەکان دەبێ هەوڵبدەن هۆکارەکانی تری بزواندنی هاوسەرەکانیان بناسن. گرنگی بەجلو ڕەنگی جلەکانتان بدەن. سەرنجی ئەوە بدەن کە جلی خەوتنتان چ مۆدێلو چ ڕەنگێکی هەبێت تا هاوسەرەکەتان ببزوێنێت. داوای لێبکەن بزانە چ مۆدێلو ڕەنگێکی بەلاوە جوانە. تەنانەت دەرفەت بەمێردەکەتان بدەن بزانە حەزی لەچ جلێکە ئێوە لەبەری بکەن، با بۆتانی بکڕێت. یان بزانن پێویستە چ گۆرەوییەک لەپێ بکەن سەرنجی مێردەکەتان ڕابکێشێت. ئایا دەتوانن بەپێو پووزتان هێزی سێکسی مێردەکانتان ببزوێنن. ئایا مێردەکەتان پێیخۆشە پێو پووزتان بەڕووتی ببینێت. هەموو ئەم خاڵانە بدۆزنەوەو کەڵکی لێوەر بگرن. سەرنجدانی هەموو ئەم خاڵە وردانە کاریگەری زۆری لەبزواندنی مێردەکانتان دا هەیە. ڕەنگە مێردەکەتان ئەم خاڵانەتان بۆ باس نەکات، دەبێ خۆتان ئەو خاڵانە بدۆزنەوە. ڕەنگی تەوقەی قژتان، جۆری زیوو ئاڵتونەکەتان دەتوانێ هۆکارێک بێ بۆ بزواندنی مێردەکەتان. لەم خاڵانە بۆ بزواندنی مێردەکەتان کەڵک وەربگرن. لەوڕووەوە خاتوونەکان دەبێ گرنگی بدەن بەجۆری ئارایشتی ڕوخسارو جلەکانیان، عەترو کولۆنیاو بۆنی خۆش، ئاڵتونو هەڵسوکەوتی ژنانە، نازو شێوەی قسەکردن، قسەخۆشو زمانی شیرین، بەم کارانە ببنە ژنێکی جوانو سەرنجڕاکێش بۆ مێردەکانتان.

### خاڵی دووەم:

ئەو ژنانەی نایانەوێ منداڵیان ببێت، پێویستە کەڵک لەو ئامێرو کەرەستانە وەربگرن کە بەرگری منداڵبوون دەکات، بۆیە لەوە دڵنیان ببن کە لە کاتی سێکسکردن تووشی دڵەڕاوکێ نەبن، چونکە ئەگەر هاوسەرەکان لەکاتی سێکسکردندا بیر لەوە بکەنەوە توخمیان تێکەڵ نەبێت، لەو حاڵەدا ناتوانن تەرکیزیان کۆ بکەنەوە بۆ چێژوەرگرتنی سێکسی.

ئەگەر مێردەکە پێش ئەوەی ژنەکە ڕەحەت بێت، خۆی ڕەحەت بکاتو لەژنەکەی دوور بکەوێتەوە، ئەوا دەبێتە هۆی ناڕازیبوونی ژنەکەی، چونکە ژنان درەنگتر لەپیاوان ڕەحەت دەبن. زۆربەی ژنان لەو حاڵەتەدا هیچ بەمێردەکانیان ناڵێن، ئەوەش زەربەیەکی دەروونییە بۆ ژنان کە مەترسی بەدواوەیەو دەبێتە هۆی ئەوە لەشوێنێکی تردا تۆڵە لەمێردەکەی بکاتەوە. ئەو ژنەی کە لەبواری سێکسییەوە لەمێردەکەی ڕازی نەبێت، لێی نابوورێت.

### خاڵی سێیەم:

ئەو ژنو مێردەی کە پەیوەندیی سێکسی بەلایانەوە وەک خوویەک وایە، یان وەک جێبەجێکردنی پێویستیەک کەڵکی لێوەردەگرن، نابێ چاوەڕێ داهاتوویەکی وروژاویان لەیەکتر هەبێت. زۆربەی هاوسەرەکان گوێ بەکاتو شوێنوبارودۆخ نادەن.گوێنەدان بەم خاڵانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وروژاوەی سێکسیو دڵساردی هاوسەرەکان لەتەمەنی سەرووتردا. سەرنجی ئەوە بدەن هەرچەند تەمەن دەڕواتە سەرەوە، هێزی تێگەیشتن زیاتر دەبێت، دەرەنجام هاوسەرەکان زیاتر چاوەڕوانی لەیەکتر دەکەن.

پێویستە گرنگی بەجۆری سێکسکردن بدرێت، هەر جارەو بەشێوەیەک سێکس بکەن، چونکە هاوسەرەکان بەرەو کامڵبوون دەڕۆن. ئەو ژنو مێردانەی تەمەنی گەنجێتیان تێپەڕاندووە، پێیانخۆشە لەپەیوەندییە سێکسیەکانیاندا چێژێکی تەواو وەربگرن نەک هەر وروژاوەییەکی سادەیان هەبێت. بەچوونە سەرەوەی تەمەن، ئەرکی هاوسەرەکان بەرامبەر بەیەکتر زیاتر دەبێتو خوازیاری چێژی سێکسی زیاترن، چونکە باشتر پێداویستیەکانی خۆی دەناسێت. کەواتە هەوڵبدەن بەبەردەوامی تواناتان لەکاروباری سێکسکردندا بپارێزن، چونکە ئەو ژنو مێردانەی نەتوانن لەبواری سێکسەوە یەکتر تێر بکەن، ئیتر ژیانێکی سەرنجڕاکێشان نابێت.



# دەزانی ژنان پێیان خۆشە پیاوان چۆن بن؟

**و: تانیا**

هەرچەند ژنان وادەنوێنن کە حەزیان لەپیاوی ڕێکو پێکو کەشخەیە کە جلو بەرگی جوان لەبەر بکات، بەڵام هەندێجار ئەگەر پیاوان بە جلی وەرزشییەوە ببینن پێیان خۆشە، هەروەها هەندێجار پیانخۆشە پیاوان ئەوەندە ڕەقو تەق لەسەر مێزی نان خواردن دانەنیشن، پێیانخۆشە هەندێجار پیاوان بەجلی وەرزشیەوە ببینن، هەروەها دڵیان خۆشە بەوەی پیاوان لەگەڵ منداڵاندا یاری بکەن، بەمشێوەیە لەبەر چاوی خاتوونەکان سەرنجڕاکێشتر دەردەکەون.

ژنان پێیانخۆشە هەندێجار پیاوان یارمەتیدەریان بنو دڵیشیان بەوە خۆشە پیاوان بتوانن کاری ماڵەوە بکەنو کەرەسەی تێکچوو چاک بکەنەوە.

هیچ کات ژنێک لەگەڵ پیاوێکدا ژوان دانانێت کە باس لەسەر ئەوە بکەن کامیان پێڵاوەکانیان جوانترە، یان مۆدێلی قژی کامیان قەشەنگترە، بەڵکو هەر ئەم جیاوازی پێڵاو و مۆدێلی قژە وادەکات زیاتر لەیەک نزیک ببنەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەتان لێدەکات کاتێک بۆسینەما یان بینینی شانۆ دەڕۆن، جلی کەشخەتان لەبەردا بێت، پێیخۆشە هەستی پیاوانەتان بۆی دەرببڕن، هەرچەند ئەم ئەگەرە لەئارادایە، بەڵام هیچ کات دان بەم مەسەلەیەدا نانێت کە پێتان بڵێت پێمخۆشە هەستی پیاوانەتم بۆدەرببڕیت. پێویست ناکات بەبەردەوامی کەشخەترین جل لەبەر بکەنو هەموو دەرکاگانی بۆ بکەنەوە، جگەلەوە لەبەر چاوی ژنەکان قرقێنە مەکەن، بەڵکو قرقێنەکەتان هەڵگرن بۆ کاتی خۆی.

ئەو بڕیارانەی بەمێشکتاندا دێت جێبەجێی بکەنو بەگوێرەی ژیرییتان بجووڵێنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە ببێتە هۆی تووڕەبوونی خاتوونەکەتان. پیاوان پێیانوایە کچان بەدوای ئەو پیاوانەدا دەگەڕێن هاوسەرێتیان لەگەڵ بکەن کە پیاوەکە لەسەر یەک پەنجەی بخولێنێتەوەو هەرچییەک دەڵێت جێبەجێی بکەن. ئەگەر بتانەوێ بەبەردەوامی لەسەر ئەو ڕەوتە بجووڵێنەوە کە خاتوونەکەتان هەر شتێکتان پێدەڵێت بەبێ دەربڕینی بیروڕا جێبەجێی بکەن، ئەوا بەلایەوە جوان نییەو پەیوەندییەکی گەرمو گوڕ نایەتە ئارا.

خاتوونەکان بەدوای ئەو شتەن کە بیرۆکەو بڕیارێکیان بۆخستنەڕووی شتەکان هەبێتو بتوانن بیروڕاو تێبینییەکانی تایبەت بەخۆیان باس بکەن. کچان بەدوای پیاوێکن کە کەسایەتیەکی تایبەتی هەبێت. ئەگەر هەموو ژیانی پیاوێک تەنها لەژنەکەی پێک بێت، ئەوسا ئیتر شتێکی بۆ وتن نییەو ئیتر موفاجەئەی وای لەبەردەستدا نامێنێتەوە کە بتوانێت لەکاتی پێویستدا بیخاتەڕوو، تەنانەت ئەگەر هاوسەرەکەتان لەو ژنانەیە کە بیەوێ کونتڕۆڵی ماڵەوە بگرێتە دەست، دیسانەوە پێیخۆشە هەندێجار بۆئەم دەسەڵاتە لەماڵەوە ململانی بکات.

لەوڕووەوە ئەگەر تا ئێستا وا بیرتان کردووەتەوە کە هەموو بەرپرسیارێتی ماڵەوە، یان کونتڕۆڵی ماڵەوەی بدەنە دەست، باشتروایە لەمە بەدواوە بەمەبەستی پاراستنی پەیوەندیو ڕاگرتنی هاوسەنگی خێزانی، نابێ سەداسەد خۆتان بکەنە خزمەتکاری ماڵەوە.

ئەگەر پەیوەندی خێزانی تەنها لەسەر پەیوەندی سێکسی دابنرێتو لەو چوارچێوەیەدا سنوردار بکرێتەوە، لایەنی بەرامبەر وا هەست دەکات کەڵکی خراپی لێوەر گیراوە، بەڵام لەلایەکی تر پێویستە ئەم کارە لەبەرچاو بگیردرێت کاتێک خاتوونێک دەبینێت مێردەکەی لەبەرامبەریدا کونتڕۆڵی لەدەست دەداتو حەزی خۆی بۆی دەردەبڕێت، ئەو خاتوونە وا هەست دەکات هەموو دنیای پێدراوە.

ئەگەر هاوسەرەکەتان پیشەیەکی هەیەو لەدەرەوەی ماڵ کاردەکاتو دێتەوە ماڵەوە، تەنها دەربڕینی خۆشەویستی دڵخۆشی دەکات، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە کە خۆی لەسەرووی دڵخۆشییەکانی جیهان ببینێت. ئەگەر پیشەیەکی هەستیارو بەهاداری هەیەو لەپۆستێکی گرنگدایە، باشتروایە ئێوە دەسپێشخەری پەیوەندی سێکسی بن، ئەم کارە ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێنێت کە بەئاسوودەیی چێژ لەپەیوەندییەکەیان وەربگرێت.

ڕەنگە خاتوونەکان لەبەر ئەوەی هاوسەرەکانیان پێداگرن لەسەر ئەوەی لەرادەبەدەر سەرقاڵی ئیشو کارن، لەبەر ئەوەیە کە بەرادەی پێویست گرنگیان پێنادرێت، یان ژنان وا بیر دەکەنەوە کاتێک پیاوان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا خوشگوزەرانی دەکەنو بەسەر دەبەن، لەو بوارەوە نیگەرانن.

ئەگەر دەتانەوێ هاوسەرەکەتان بەبەردەوامی ئێوەی خۆشبوێتو لەگەڵتان بمێنێتەوە، وەک شازادەیەک چاوی لێبکەنو بەباشی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن، بەڵام لەلایەکی تر ئەگەر لەهەمان کاتدا سەرقاڵیو کارێکی ترتان نیە بۆجێبەجێکردنی کارەکانتان، ئەگەری هەیە وا هەست بکات خەریکە لەو پەیوەندییەدا دەخنکێن. بەو رادەیەش کە پێویستتان بەکاتو شوێن هەیە، ژنانیش بەو رادە چێژ لەئازادی وەردەگرنو زۆر پێویستیان بەو پەیوەندییە هەیە. پیاوێکی سەربەخۆو متمانە بەخۆ زیاتر بەلای ژنانەوە سەرنجڕاکێشترە. پیاوێک کە هیچ ئارەزوویەکی گەورەی نییە، بەلای زۆربەی ژنانەوە سەرنجڕاکێش نییە.

بەخیلی یەکێکە لەبەهێزترین هەستەکانی مرۆڤ. هەرچەند مرۆڤەکان ناتوانن رادەی بەخیلیان کونتڕۆڵ بکەن، بەڵام رادەیەکی زۆر کەم بەخیلی بەشێوەی جارناجارو بەڕێکەوت، بەئاسانی دەتوانێ لەبەر چاوی ئەو سەرنجڕاکێشتان بکات. ئەگەر پیاوان هیچ جۆرە کاردانەوەیەک لەخۆیان پیشان نەدەن لەهەمبەر ئەو پیاوانەی لەگەڵ ژنەکانتان قسە دەکەن، ژنەکەتان وا بیر دەکاتەوە کە هیچ بەهایەکی بۆ دانانێن، لەوڕووەوە بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت کە ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە.

ئەگەر لەبەر چاوی هاوکار، یان ڕاهێنەری ژنەکەتان لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن، ڕەنگە بەڕواڵەت بۆڵە بۆڵ بکات، بەڵام لەناخەوە زەردەخەنەیەک دێتە سەر لێوەکانی. کچان عاشقی پیاوێک دەبن کە پارێزگاری لەسەروەتو سامانەکەی بکات.

هەموو مرۆڤێک پێیخۆشە وا هەست بکات کەسانی تر پێویستیان پێیەتی، هەندێجار دەرفەت بەژنەکەتان بدەن تا پارێزگاریتان لێبکات، بۆنموونە: ئەو دەرفەتەی پێبدەن بەبیرتان بێنێتەوە کە چەترەکەی لەگەڵ خۆت بەرە، یان جلەکان ببە بۆ دوکانی ئوتو، هەروەها بۆینباخەکەتان با ئەو بیبەستێت، ڕەنگە ئەمە بەکارێکی سادەو ساکار بێتە بەرچاو، بەڵام هەندێجار هەر ئەم بوارە سادانە دەبێتە هۆی ئەوە هەستێکی باشی بەرامبەر بەخۆی هەبێتو زیاتر لەجاران سەرنجتان بدات. هەڵبەت ئەم کارەش بەو واتایە نییە وەک دایک سەیری بکەن، بەڵام ئەم کارە سادانە لەریزی ئەو کارانەدایە کە لێتان چاوەڕێ دەکات، تەنها کاتێک پێویستتان بەیارمەتی هەبوو، یان هەستتان کرد ئەو دەتوانێ یارمەتیتان بدات، داوای هاوکاری لێبکەن، بەم کارەش دەبنە هۆی ئەوە هەست بکات تواناو هێزی هەیەو کەسێکی بەسوودو گرنگە.


زۆرجار پیاوان وا بیردەکەنەوە کە بۆ سەرنجڕاکێشانی خاتوونەکان بۆلای خۆیان دەبێ خۆیان بکەنە قارەمانێکی نایاب، بەڵام ئەم کارە ڕاست نییە. رادەی پێویستیو یارمەتی ویستن دەبێتە هۆی ئەوە ئێوە لەبەرچاوی ببنە کەسێک کە خەریکە زیانێکی بەر دەکەوێت، لەو کاتەدایە کە خاتوونەکان ئامادەن بێنە ناو پەیوەندییەکەتانو یارمەتیدان بدەن.

ڕەنگە خاتوونەکەتان نارەزایەتی بەرامبەر ئەوە دەرببڕێت کە بۆچی نابێ بزانێت ئێوە خەریکن بیر لەچی دەکەنەوە. ڕەنگە حەز بکەن بەوەی بزانن لەکاتی دەوامو بەدرێژایی ڕۆژ چیمان بەسەر دێت، ڕەنگە هەمیشە داواتان لێبکات سەبارەت بەهەموو شت لەگەڵیدا قسە بکەن. واتە سفرەی دڵتانی بۆ بکەنەوە تا بتوانێ بێتە قووڵای دڵتانەوە. لەوە ئاگادارین کە ژنان سەبارەت بەوردەکارییەکانی ژیانیان لەگەڵ ژنانی هاوڕێیاندا قسە دەکەن بەتایبەتی لەبارەی نیگەرانیەکانیان. لەوەڕووەوە ئەگەر هەستەکانتان بۆ دەربڕن بەئاسانی نمرەتان پێدەدات.

هەندێجار ئەگەر نەختێ لێی دوور بکەونەوەو خۆتان نهێنی ئاسا دەربخەن، حەزێکی زیاترتان بۆ دەردەبڕێت. خاڵی گرنگ لەمەدایە کە خۆی بەتەنهایی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان تێدەکۆشێت. خاتوونەکان چێژ لەوە وەدەگرن بەتەنهایی بەدوای نهێنیەکانی ئێوەدا بگەڕێن بەبێئەوەی خۆتان پێیان بڵێن. ژنان بەقەد پیاوان پێیانخۆشە خەڵک بەهۆی توانایەکانی مێشکو توانایە پراکتیکیەکانیان ئافەرینیان لێبکەن، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە کارێک بەجوانی ئەنجام دەدەن، پێیانخۆشە هان بدرێن، هەروەها لەکاتێکی وادا پێیانخۆشە پاداشتو پلەیان پێبدرێت. ئەگەر خاتوونێک بەشێوەی سەرنجڕاکێش قسە دەکات، پێیخۆشە سەرنجی بدرێت. هەڵبەت ئەم کارەش بەندە بەو شوێنەی کاری تێدا دەکاتو بەندە بەو کەسانەی کە گرنگی پێدەدەن، بەڵام کاتێک پیاوێک دەیەوێ ژنەکەی خۆشبوێت، بەخۆشحاڵییەوە دەرفەتی پێدەدات کە هەموو تایبەتمەندییەکانی هەڵبسەنگێنێت. خاتوونەکان هەر وەک پیاوان چێژ لەسەرنجدان وەردەگرن. ئەگەر سەرنجی بدەن بەدڵنیاییەوە دڵخۆش دەبێتو ئەم دڵخۆشیەش دەتوانێ پیاوان بگەیەنێتە ئاستێکی زۆر لەلایەن ئەوانەوە.

هەرچەند زۆرجار کە خاتوونەکان دەست بەنارەزایەتی دەکەن، زۆر سوورن لەسەر نارەزایەتیەکەیان (بەتایبەت کاتێک پاشماوەی خواردنەکە لەسەر مێزی نان خواردنەکە بەجێ بهێڵن، یان گۆرەویەکەتان لەناو ماڵەکە فڕێ بدەن)، بەڵام با ئەوەشمان لەبیر بێت ئەگەر بمانەوێ بەبەردەوامی لەگەڵیدا ڕێکەوت بینو هەر بەدڵی ئەو بجووڵێینەوە، ئەویش لەبەرامبەر ئەو کارەدا پێیخۆشە وا نەبینو خودی ڕاستەقینەمان دەربخەین، ئەم شێوە هەڵسوکەوتانەش دەبنە دوو بەشەوە: ئەو کەسانەی کە خودی ڕاستەقینەتان دەردەخەنو ئەو کەسانەش کە ئێوەی پێدەناسێنێت.

لەبەرئەوەی لەوە دڵنیاین کە خاتوونەکان پێویستیان بەوەیە سەرنجیان بدەین، هەر ئەم سەرنجدانە دەبێتە هۆی ئەوەی خاتوونەکان سەرنجیان بۆ لای پیاوان رابکێشرێت، ئەم ئەگەرە لەئارادایە کە هەندێ هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆمان دەبێتە هۆی ئەوەی تا گوڵی زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی بپشکوێتو زیاتر بەرەو لای پیاوی دڵخوازی خۆی بڕوات. لەمڕووەوە نابێ هیچ کات سەرنجی ڕواڵەتیان بدەن، چونکە زۆرجار ژنان تەنها لەبەر بوونی خودی پیاو خۆشیدەوێت.



**بەو جۆرە ڕەفتار لەگەڵ هاوسەرەکەت بکە کە پێی خۆشە**

## داراو زارا دەپرسن

داراوزارا: بڕیارمانداوە هەرکاتێک پرسیارێکمان هەبوو لەبارەی ئەرکە: بایۆلۆژیی، دەروونیی و سێکسییەکانی خۆمان، بەبێ هیچ ترسو شەرمو خۆخواردنەوەیەک بیخەینە بەردەم کلینیکی نم نم، تاوەکو بەڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو پشتبەست بەسەرچاوەی زانستیی، وەڵامی پرسیارەکان وەرگرینەوەو گومانەکانمان نەهێڵینو ببینە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی زانستیی دروست لەبارەی ڕۆحو جەستەی خۆمان، ئێوەی خوێنەریش دەتوانن بەشدارو هاوکارمان بن لەرێی ناونیشانەکانی ڕۆژنامەکەمانەوە.

nmnmpress@yahoo.com

**زارا: ماوەی مانگێکە شووم کردووە هێشتا مێردەکەم کاری خۆی تەواو نەکردووە، ماڵەوەمان داوای ڕووسوریم لێئەکەن، تکایە چارەیەک؟**

**نم نم:** پێموانییە مەرجی بوون بەزاوا کاتێکی دیاریکراوی بۆ دانرابێت وەک ئەوەی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پەیڕەو ئەکرێت، هەندێ هۆکار هەن ئەبنە هۆی ئەوەی پیاو نەتوانێت ببێتە زاوا، واتە سێکس لەگەڵ ژنەکەی بکات، وەک: ترس لەشەوی پەردەو بوون بەزاوا بەو مەفهومەی کۆمەڵگە باسی لێوە ئەکات، شەرمکردن، قەلەقیو ..تد، هەندێجار ژن هۆکارە لەوەی سەرەتا لەترس یان شەرمدا خۆی نادات بەدەستەوەو پیاو وای لێدێت پاشەکشێ بکات یان ئارەزووی نەمێنێت، ئەوە جگەلەبوونی هەندێ کێشەی تایبەتو بیرکردنەوە. هەندێ جۆر خواردن هەن توانای سێکسی زیاد ئەکەن وەک شیرینیو توونی پێویستە بخورێن، خۆدانە بەرئاوی سارد، دوورکەوتنەوە لەترسو شەرمو قەلەقی، دروستکردنی دۆخێکی ئارامو ڕۆمانسی. مەرج نییە بەتەنها پیاو دەستپێشخەر بێت، بەڵکو ژن توانای وروژاندنو دەستپێشخەری هەیە، ئەگەر هەر سوودی نەبوو ئەوا پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات.

**دارا: ژنەکەم زۆر ساردە لەکاتی جووتبوندا، چۆن وای لێبکەم حەزی لێبێت؟**

نم نم: ساردی سێکسی کێشەیەکە ڕووبەڕوی هەریەک لەژنو پیاو ئەبێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو کولتورو پەروەردەی نێو خێزانو کۆمەڵگە ژن زیاتر تووشی ئەبێت، واتە ئارەزوی سێکسکردنی نابێت، بەهۆی تۆقاندنی کچ هەر لەمنداڵییەوە، شەرمو عەیبە، هەندێجار خودی پیاو هۆکارە، چونکە تەنها مەبەستی ئەنجامدانی سێکسەو بایەخ بەئارەزوی ژن نادات ئەویش ئەبێتە هۆی نەمانی حەزو ئارەزوو لای ژن.

خەتەنەکردن هۆکارێکی دیکەی گرنگە کە ئەبێتە هۆی وەرنەگرتنی چێژوو نەگەیشتن بەئۆرگازیما، بۆ چارەسەرکردن پێویستە هەریەک لەژنو پیاو سێکس نەکەنە ئامانج، بەڵکو با وەسیلەیەک بێت بۆ گەیشتن بەئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندی سۆزداری، وێڕای ئەوەی دیاری نەکردنی کاتو شوێن، دروستکردنی جەوێکی لەبار، بایەخدان بەژن لەرێگەی کڕینی دیاریو زمانی شیرین، هەڵبەت ساردی سێکسی لای هەندێ ژن حاڵەتێکی کاتییەو بەکۆتایهاتنی هۆکارەکەی کۆتایی دێت. ئەگەر هۆکارەکە تایبەت بێت بەلایەنی جەستەیی یان دەروونی، جگەلەوەی بەزۆر بەشودان یان ژنهێنانو نەبوونی خۆشەویستی هۆکارێکی دیکەیە، چوون هەریەک لەژنو پیاو ئارەزوویان بۆ کەسێک نابێت کە خۆشەویستی لەنێوانیاندانەبێت.

رۆژنامەی نم نم ئەو مێرمنداڵانەی خۆشدەوێت کە
بەجوانی مامەڵە لەگەڵ هاوڕێکانیان دەکەن‌و ئازاریان نادەن



# ستاندارد چییە؟




لەوانەیە بەدەیان جار بیستبێتمان کە ئەم کەرەسەیە ستاندارد بوو، بەڵام ئەویتریان ستاندارد نەبوو بۆیە ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویدا.

هیچ کات بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ستاندارد چییە؟ ســتاندارد یانی یاساو ڕێسـا، هەر کارێک کە بەپێی یاساو ڕێسایەکی ڕێک‌و پێک ئەنجام بدرێ پێیدەوترێ ستانداردەو مۆری ستانداردی لێدەدەن، بۆ وێنە کاتێک خواردەمەنییەک دەکڕن‌و دەبینن کە مۆرکی ستانداردی پێوەیە، لەوەی کە ئەو خواردەمەنییە ستانداردەو پشکنینی بۆکراوەو جێگەی مەترسی نییە خۆشحاڵ دەبن‌و بەخەیاڵی ئاسوودەوە دەیخۆن. ستاندار تەنها بۆ خواردەمەنییەکان نەکراوە، بەڵکو هەموو کاڵایەک دەبێ مۆرکی ستانداردی پێوەبێ.

بەرهەمهێنـــەری کاڵاکان دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکانیان کۆمەڵێک یاسـاو ڕێساو تایبەتمەندیی بەرهەمهێنانی دروســت لەبەرچاو بگرن بۆئەوەی بەرهەمەکانیان ئەنجامی ناخۆشـــی لێ نەکەوێتەوە، بـــۆ وێنە ئەو پریزانـــەی دەیانکڕن دەبێ جۆرێک دروستکرابێتن کە ئەگەر منداڵێک نەیزانی‌و شتێکی نووک تیژی خستە کونەکەیەوە نەتوانێ بەئاسانی‌و بەهێزێکـــی کەم ئەو کارە بـــکات، هەر بۆیە دەبێ پریزێکی ســـتاندار بەوەدا بناسینەوە کە موحافز (شوورە)ی هەیە!

لەزۆربەی وڵاتانی دنیا شـــوێنێک بۆ لێکۆڵینەوەو دیاریکردنـــی تایبەتمەندیـــی کاڵاکان لەلایـــەن کەسانی پسپۆڕەوە تەرخان کراوەو ئەو پسپۆڕانە بەبەرهەمهێنەرەکان دەڵێن دەبێ کاڵاکانتان بەپێی ئەم تایبەتمەندییانە بەرهەم بهێنن، ئـــەوکات ئەگەر ئـــەوان لەبەرچاویان گرت ئەوە مۆرکی ستانداردی بۆ لێدەدەن‌و ڕێی پێدەدەن کە کاڵاکانی بخاتە بازاڕەوە.

هیوادارین لەکوردستانیش ئەم بابەتە گرنگی پێبدرێ‌و مۆرکێکـــی دیاریکـــراو بەناوێکـــی دیاریکـــراو بۆســـتانداردی کوردی دروســـت بکـــرێ، ڕێگە بەهەمـــوو کـــەس نەدرێ بەحەزی دڵـــی خۆی‌و بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاساکان خواردەمەنی‌و کاڵا بەرهەم بهێنێ. ئەو مۆرکەش بەجۆرێک بێ، هەرکەس بینی بزانێ کە ئەو کاڵا یان خواردەمەنەیە ستانداردە.

پرسیار: ئایا کوردستان بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ستاندارد؟

ئەگەر ســـتاندار هەبێ ئێمە بەدڵنیاییەوە کاڵاکان‌و پێداویستییەکانمان دەکڕین‌و بەئاسوودەیی‌و بەبێ ترس لەکاریان دەکەین، بەڵام ئەگەر وانەبێ ژیانمان دەکەوێتە مەترسییەوە.

٢٢ی یەکەم مانگی پاییزی هەموو ساڵێک، ڕۆژی جیهانیی ستانداردە.

ئەو شتانەی کە پێویستە ستانداردیان هەبێ بریتین لە:

١ . خواردەمەنییەکان‌و کەرەسەکانی پاک‌و خاوێنی، پزیشکی‌و دەرمانەکان.
٢ . کەرەسە کیمیاییەکان‌و سلۆلۆزییەکان.
٣ . ئاسن‌و هاوشێوەکانی.
٤ . مەکینەکان‌و هەموو کەرەسە کارەبایی‌و نەوتی‌و گازی‌و بەنزینی‌و... تد.
٥ . مادە کانزاییەکان‌و غەیـــری ئالییەکان، وەک خوێ.
٦. پێوەندییـــەکان، ئەلەکترۆنییـــەکان‌و ئەلەکتریکییەکان.
٧ . کەرەسەکانی گواستنەوە کەوا مەکینەیان هەیە.
٨ . ڕستن‌و چنین‌و چەرم‌و پۆشاک.
٩ . کەرەسە موهەندیسییەکان.

## خۆمانە

خۆشمدەوێی. بەقوربانت بم. چاوەکانت ماچ دەکەم. زۆر بەڕێـــزی. چاوەکەمی. گیانەکەمی. حەیاتەکەمی. دڵی منی. گوڵی منی. ئازیزی منی‌و ... ئەمانە هەموویان جوانن، زۆر زۆریش جوانن!

بیهێننـــە پێش چاوی خۆتـــان ئەگەر هەموومـــان بـــەم زمانە پڕ لەســـۆزو خۆشەویستییە لەگەڵ یەکتر بدوێین‌و شەرم نەکەین لەوەی بەکەسی بەرامبەرمان بڵێین: خۆشـــمدەوێی! چ دنیایەکی ڕەنگاڵەیی‌و جوان‌و ڕازاوەمان دەبێ! بارتەقای هەموو وشەو ڕستە جوانەکان وشەی ناشیرن‌و دزێـــو بوونی هەیە، دەتوانم بەوروەوە بڵێم وشەی ناشیرین‌و دزێو ژمارەیان لەوشە جوان‌و ڕێک‌و پێکەکان زۆر زیاترە! بەڵام کەچی؟ بەکەڵکی چیدێن؟ چ بەهایەکیان هەیـــە؟ ئاخر بۆچـــی؟! بۆچی کاتێک دەتوانین بەکەسێک بڵێین: چاوەکانت ماچ دەکـــەم، چاوەکەمی، پێی نەڵێین؟ چیمان لـــێ کەم دەبێتەوە کە ئەگەر بەراســـتی کەسێکمان خۆشویست لێی نەشارینەوەو بەزمان پێیبڵێین کە خۆشماندەوێ؟

من بەقوربانی هەموو ئەو کەســـانە دەبم کە خوێنـــەری لاپەڕەکانـــی منداڵان‌و مێرمنداڵان‌و پێیان خۆشـــە گۆشـــەی خۆمانەشیان خۆشـــدەوێ! چاویان ماچ دەکەم‌و پێیاندەڵێم: شانازیتان پێوەدەکەم کە لەم تەمەنە پڕ جموجۆڵ‌و پڕ وزەیەتان دا لەخوێندن‌و خوێندنەوە نەکشاونەتەوەو هێشـــتاش هەر خەریکن! چەندە خۆشە ئەگەر بەڕاستی کەسێک لەدەورووبەری ئێمە بوونی هەبێت‌و جێی شانازی بێت، پێیبڵێین: شانازیت پێوە دەکەم؟!

خۆشەویســـتانی گۆشـــەی خۆمانـــە ئەمجارەیان من زۆر هاوڕێیانە داوایەکتان لێدەکەم، دیارە ئەمە یەکەم داواو دوایین داوای مـــن نابێ، بـــەڵام بۆئەمجارەی گۆشەکەمان داوایەکتان لێدەکەم ئەویش ئەوەیە: لەوتنی خۆشمدەوێ‌و بەقوربانت بم‌و...هتد، سڵ مەکەنەوە! مەترسن لەوەی بەکەسێک بڵێن خۆشتان دەوێ! مەبەستم تەنها خۆشەویستی کوڕو کچێک نییە کە دەیانەوێ بەیەکەوە دڵداری بکەن، نا مەبەستم ئەوەیە هەرچی کەس‌و دارو بەردو ئاژەڵ‌و شتی لەو دنیایەدایە ئەگەر هەستان کرد خۆشـــتان دەوێ لێی مەشارنەوەو بەزمان پێیبڵێن کە خۆشتان دەوێ.

دیارە شتێکی گرنگی دیکەش کە زۆر باشـــە بیزانن ئەوەیە دەبێ خۆتان فێری هونەری خۆشەویستن بکەن، یانی خۆتان فێربکەن کە زۆر شـــتتان خۆش بوێ، چونکە لەوانەیە تائێســـتا لەم شتە خافڵ بووبێتین، چاو بگێـــڕن، گوێ هەڵخەن، بۆن بکەن، دەســـت بگێڕن بزانن چی شـــایانی خۆشەویستییە، کە دۆزیتانەوە، خۆشتان بوێ! مرۆڤ بەخۆشەویستییەوە جوانییەکانی بوون‌و ناخی خۆی نمایش دەکات‌و هـــەر لەم ڕێگایەشـــەوەیە کە دەکات بەوپـــەڕی بەختەوەری‌و ئازادی‌و ئاسوودەیی‌و تەندروستی‌و شادی!

خۆشمدەوێن!

منتان خۆش بوێ! !

یەکترتان خۆش بوێ!!!

# کۆمپیوتەرەکەت بنـاسە



### وانەی چوارەم:

## چ بکەین کە تووشی ڤایرۆس نەبین؟

وای دابنێن کە کۆمپیوتەر منداڵێکی ســـاوایە کە چاودێرییکردنی ئەو بەئێوە سپاردراوە. ئایا هیچ کات میوەی نەشۆراو بەو منداڵە دەدەن؟

وای دابنێن دەتانەوێ خواردەمەنییەکی بۆ بکڕن، ئایا لەدەستگێڕێکی نەناس خواردەمەنی بێ ڕێکەوت‌و جێی گومانی بۆ دەکڕن؟ یان لەسۆپەڕمارکێتێکی خاوێن‌و بەرێکەوت‌و جێمتمانە شـــتی بۆدەکـــڕن؟ کۆمپیوتەریش ڕێک وەک جەستەی مرۆڤ پێویستیی بەچاودێریکردنە، ئاگاداربن چ فایلێک دەخەنە ناو زگی کۆمپیوتەرەکەتانەوە.

هیچ کات لەکەسانێکی کە نایان ناسن هیچ فایلێک وەرمەگرن.

بەڵێ، کەســـانی نەناس لەئینتەرنێت دا وەک ئەو دەستگێڕانە وان کە لەوانەیە خواردەمەنییەکانیان بەســـەر چووبێ و بۆگەن بووبێت، کە ئەگەر شـــتێکی خراپیان پێفرۆشتن تازە زەحمەتە بیاندۆزنەوە، کەواتە ئاگاداربن هەر فایلێک کە لەرێگای کەسانی نەناسەوە بەدەستان دەگات لەوانەیە ڤایرۆساوی بێت. فایلی وێنە، فیلم، نووسراو، یاری‌و هەرشتێکی تر کە بۆ ئێوە دەنێردرێ ئەگەری ئەوەی هەیە هەڵگری ڤایرۆس بووبێت لەگەڵ خۆی.

بـــەر لەوەی فایلێک بکەن بەقوڕگی کۆمپیوتەرەکەتاندا بەر لەهەمووشـــتێک بیشۆرن (ئانتی ڤایرۆسی لێ بدەن).

پێتان ســـەیر نەبێ، ئەو بەرنامانەی دژە ڤایرۆسن کاتێک شتێک دەیەوێ بێتە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە جوان دەیپشکنێ، ئەگەر تووش‌و نەخۆشی ڤایرۆسیش بوون ئەوە هەوڵ دەدەن بیانشۆنەوەو لەڤایرۆس پاکیـــان بکەنەوە. ئەگەر فایلەکەش ئەوەندە ڤایرۆســـەکەی بەهێزو پڕ مەترسی بێت، ئانتی ڤایرۆسەکان ناهێڵن بەهیچ شێوەیەک ئەو ڤایرۆسە بێتە ناو کۆمپیوتێرەکەوە.

بەرنامەیەکـــی ئانتی ڤایـــرۆس یان هەمان دژە ڤایرۆس لەســـەر کۆمپیوتەرەکەتان دابەزێنن‌و هەمیشە نوێی بکەنەوەو ئاگاتان لێی بێت‌و چالاکی بکەن.



## ڕێژەی وازهێنان لەناوەندەکانی خوێندن بۆکەمتر ٣٪ دادەبەزێت

# "قوتابیانی سەرەتایی دەردەچن بێئەوەی هیچ فێربن"



**زیاتر لەسێ ساڵ بەسەر سیستمی نوێی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی نەکەوتوەتە سەرڕێ‌و لێرەو لەوێ هەندێ لەپسپۆڕە پەروەردەییەکان، نەگونجاویی بەشێک لەگۆڕانکارییەکانی ئەو سیستمە دوپات دەکەنەوە.**

**رامان سەعید لەسلێمانی**

بەشێک لەپسپۆڕانی پەروەردەیی ئەوە دوپات دەکەنەوە کە ئەو گۆڕانکاریانەی لەسیستمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا کراون، کۆپییەکی تەواوەتی سیستمی هەندێ لەوڵاتە ئەوروپییەکانەو بۆ هەرێمی کوردستان ناشێت، هاوکات ئاماژە بەوەش دەدەن کە ئەو سیستمە نوێیە تەنها بۆقوتابخانە نموونەییەکان گونجاوە.

### سیستمی نوێی پەروەردە هاوردە کراوە

یەکێک لەخاڵە گرنگەکانی سیستمی نوێی خوێندن لەکوردستاندا، نەکەوتنی خوێندکارانی پۆلی یەکو دوو و سێی بنەڕەتییە، کە ئەم شێوازەش کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە.

سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت باس لەوە دەکات، کە ئەم سیستمە پرۆگرامەکانی نەگۆڕیوە، بەڵکو جگەلە هێنانی کۆپییەکی وڵاتە ئەوروپییەکان هیچیتر نییە، دەشێ لەقوتابخانە نموونەییەکان جێبەجێ بکرێت، چونکە ژمارەی قوتابیانی لە٢٠ قوتابی بۆهەر پۆلێک تێپەڕ ناکاتو سەرجەم قوتابییەکانیش یەک دەوام دەکەن، ئەوە سەرەرای درێژکردنەوەی کاتی دەوامکردن، چونکە "ئێستا بەلای زۆرەوە چوار کاتژمێر لەقوتابخانە دەمێننەوە، لەکاتێکدا ئەم پرۆگرامە نوێیە پێویستی بەهەشت کاتژمێر مانەوە هەیە لەقوتابخانە"، ئەوەش وای لەو سەرپەرشتیارە کردووە سیستمی نوێی پەروەردە بەنەگونجاو بزانێ بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، "لەبەر قەرەباڵغی پۆلەکان مامۆستا ناتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێتو هەفتانە تاقیکردنەوە بەخوێندکارەکانی بکات، بۆیە دەبینین قوتابییەک لەپۆلی یەکو دوو و سێی بنەڕەتی دەریشدەچێتو هیچیش فێرنەبووە".

### سیستمی نوێ لەسەرەتاوە قورسە

حەوێز محەمەد، سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی سلێمانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کەبڕیاردان لەسەر گۆڕینی پرۆگرامەکانی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پاش بەستنی کۆنگرەی پەروەردە هاتووە، کە ژمارەیەکی بەرچاو لەشارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردن لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم بەشداریان تێداکرد، "ئەوەی دەوترێت ئەم پرۆگرامە نوێیانە کۆپیکراوی سیستمی نوێی وڵاتانی ئەوروپییە، راست نییە، بەڵکو سودمان لەپرۆگرام و ئەزموونی پەروەردەی وڵاتان وەرگرتووە، بەتایبەت سویدو ئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی تر. ڕاستە ڕەنگە لەسەرەتاوە ئەم پرۆگرامە بۆمامۆستاو قوتابیان قورس بووبێ، بەڵام لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا توانراوە مامۆستاو قوتابییەکان لەسەر بابەتەکان ڕابهێنرێن". ناوبراو، ئاماژە بەوە دەدات کە لەڕابردوودا گەلێک ئاستەنگ لەبەردەم ئەم سیستمەدا هەبووە، بەڵام ئێستا زۆرێک لەئاستەنگەکان لابراون، چونکە لەئێستادا قوتابی لەقۆناغی یەکەمو دووەمو سێیەمی بنەڕەتی کەوتنی نییە، "ئەمەش وادەکات ئەگەر قوتابی لەپۆلی یەکەم شت فێرنەبێ، لەدوو فێردەبێ، ئەگەر لەدووشدا فێرنەبوو، ئەوا لەپۆلی سێیەم هەر فێردەبێ"، هەربۆیە ئەو شێوازی دەرچوونە ئومێدێک بەخوێندکار دەبەخشێت کە سێ ساڵ بەبێ کەوتن پۆلەکان ببڕێت، "ئەگەر لەو قۆناغەدا قوتابی دەرنەچێت، لەخوێندن بێزار دەبێتو بێئەوەی هەست بەخۆشی بکات لەئایندەدا زیانی لێدەداتو چەندین ساڵ دوادەکەوێت".

### سیستمی نوێ سەرکەوتوو بووە

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، کە ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لەگۆڕینی ئەم سیستمەداو هەوڵی زۆریشی داوە تا سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، جەخت لەسەرکەوتویی کارەکەیان دەکاتەوە، بەوەی ئەم سیستمە ڕێژەی قوتابیانی زیادکردووەو هەڵهاتووانی قوتابخانەشی کەمکردۆتەوە.

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم سیستمە توانیویەتی گەلێک دەستکەوتی گرنگ بەدەستبهێنێ، لەوانە خۆشکردنی پەیوەندیی نێوان قوتابی‌و مامۆستا بەشێوەیەک، کە جاران تەنها مامۆستا چەقو تەوەری پۆل بوو، بەڵام ئێستا پێچەوانەیە قوتابی زۆرترین بەشداریی وانەی هەیە، هەروەها مامۆستاو کەسوکاری قوتابی پێکەوە ئایندەی قوتابی دیاریدەکەن، ئەوە جگەلەو هەموو یەکتربینینانەی هەفتانەو مانگانە مامۆستاو کەسوکاری قوتابی ڕاگۆڕینەوە لەسەر ڕەوشی پەروەردەیی‌و زانستی قوتابی دەکەن.

### سیستمی نوێ ڕێژەی وازهێنانی کەمکردۆتەوە

کەمال نوری جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بەهۆی ئەم سیستمە نوێیەوەو بەپێی ئامارێکی پەروەردەیی، ڕێژەی وازهێنان لەناوەندەکانی خوێندندا لەچەند ساڵی ڕابردوودا کەمترە لە ٣٪، لەکاتێکدا جاران زۆر زیاتربوو لەو ژمارەیە، "لەسەردەمی زوودا بەهۆی خراپی پرۆگرامەکانەوە دەبوو قوتابی تەنها گوێ بگری‌و بۆی نەبوو زۆر قسە بکاتو هەندێجار پرسیاریش بکات، ئەمەش کۆمەڵگەی بۆ قەراغی مەترسی دەبرد، بۆیە ئامارەکە جارێکی تر سەرکەوتنی پرۆسەکە دەسەلمێنێ".

بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەوانەی ڕەخنە لەم پرۆگرامە نوێیە دەگرن، ڕەخنە لەخودی پرۆگرامەکان ناگرن، هێندەی ڕەخنە لەکەمیی بیناو شێوازی دروستکردنی قوتابخانەکانو ڕانەهێنانی مامۆستا لەسەر ئەم پرۆگرامە دەگرنو پێیانوایە دەبێت گۆڕانکاریی پەروەردەیی سەرەتا لەگۆڕینی قوتابخانەدا بکرێت، پاشان مامۆستا، ئینجا لەدواییدا پرۆگرام.

### کەمی بینا، کێشە گەورەکەی سیستمی نوێ

کاوان محەمەد کە حەوت ساڵە مامۆستایە، باس لەوە دەکات کە لەکوردستاندا گەورەترین کێشەی پەروەردە، کەمیی بیناو شێوازەکەیەتی، چونکە بەکەڵکی وتنەوەی ئەو پرۆگرامانە نایەن کە ئێستا دەخوێندرێت، "ئاستی پەروەردەیی خێزانیش لەکوردستان زۆر لاوازەو خێزانەکان زۆر گرنگی بەمنداڵەکانیان نادەن، تائێستایش ئەقڵییەتی گۆشتەکەی بۆمامۆستاو ئێسقانەکەی بۆ خێزان پیادە دەکرێت".

ئەو مامۆستایە ئەوەشی نەشاردەوە کە کتێبەکان زۆر گەورەنو خوێندکار بەدەست قورسیی جانتاکەیەوە دەناڵێنێت، بەدەر لەوەش زۆرجار دەرچواندنی قوتابیانی قۆناغی یەکەمو دووەمو سێیەم زیانی هەیە، چونکە "لەو قۆناغەدا قوتابی فێری نوسینو خوێندنەوە دەبێتو گەر بەهەڵە فێربوو بۆهەموو قۆناغەکانی دیکەش کاریگەری خراپی دەبێت"، بەڵام خونچە جەلال کە دایکی دوو خوێندکارە، پێی باشە خوێندکارەکان لەقۆناغی سەرەتایی خوێندناو تا پۆلی سێی بنەڕەتی ناکەون، چونکە لەو تەمەنەدا خوێندکار هیچ نازانێت، کاتێک کە دەکەوێت بەبێ هۆ ساڵێک لەخوێندن دوادەکەوێت، هەرچەندە لەو سەرەتایەدا ڕەنگە منداڵەکە هەست بەخۆی نەکات، بەڵام لەداهاتودا هەستی پێدەکات، هەربۆیە "من زۆر بەلامەوە باشە کە خوێندکار لەو سەرەتایەدا کەوتنی نییە".

هەموو منداڵێک زەین تیژە بەمەرجێک...

18 17 16 15 14 13 12

**ئامادەکردنی: ناسر فەتحی**

# گەشەی زەینی ساوا تا هەفتەی شەشەم

**هەفتەی یەکەم:**

منداڵەکەتان لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە دەست دەکات بەتێگەیشتن. ڕۆژی یەکەم گوێ دەداتی‌و وشیارە، ڕۆژی سێیەم کاتێک قسەی لەگەڵ دەکەن هەڵوێست دەگری‌و سەیرکردنەکانی ویستی لەپشتە، ڕۆژی نۆیەم چاوەکانی بەرەو دەنگ وەردەگێڕێ، ڕۆژی چواردەیەم دایکی خۆی "دەناسێ"، ڕۆژی هەژدەیەم دەنگ لەخۆی دەردێنێ‌و سەری بۆلای دەنگەکان وەردەسووڕێنێ، ڕۆژی بیستو چوارەم منداڵ کۆمەڵێک پیتی دەنگی فێربووەو کاتێک دایکی قسەدەکات دەمو زاری دەجوولێنێ.

**بەکورتی:**

١. وڵامی هەموو کردەوەو دەنگەکانی منداڵەکەتان بدەنەوە. ڕێگەبدەن جووڵەی دەمو زارتان ببینێ، سەرو جەستەی خۆتان وەک سڵاوو یاریکردن زۆر بجووڵێنن.

٢. منداڵ مەودای نێوان ٢٠ تا ٢٥ سانتیمەتری بەباشی دەبینێ، هەربۆیە دەموچاو و کەرەسە ڕەنگاڵەییەکانو پەنجەکانتان لەکاتی جووڵە با لەو مەودایەدا بۆ منداڵەکەتان هەڵبکەوێ.

**هەستەکانی بورووژێنن:**

لەگەڵ منداڵەکەتان قسە بکەنو گۆرانی‌و ئاوازی بۆبڵێن، لەخۆتانی نزیک ڕابگرنو بیجووڵێننەوە، کەرەسەکان لەمەودایەکی تەواو تەواو نزیکەوە بەمنداڵەکەتان نیشان بدەن بۆئەوەی بتوانێ بیانبینێ.

**هەفتەی چوارەم:**

منداڵەکەتان لەهەفتەی چوارەم دا لەجووڵەکانی زارو قسەکانتان تێدەگاتو زاری بەچاولێکەری لەئێوە دەکاتەوەو دای دەخاتەوە. ئەو کردەوەکانی بەپێی مۆسیقاو تۆنو ئاستی دەنگی ئێوە هاوئاهەنگ دەکات، ئەگەر بەدەنگی بەرزو توورە قسەی لەگەڵ بکەن تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ.

**بەکورتی:**

١. حەزەکانی منداڵەکەتان بۆ جمووجۆڵە یەک مۆسیقاییەکان، بەقسەکردنی خۆش ڕیتمو ئاوازشێوە، دابمرکێنن.

٢. لایە لایەی بۆ بڵێنو زۆر پێبکەن.

٣. وێک کەوتنی جەستەییتان لەگەڵی هەبێ، توند بیگرنو بیجووڵێننەوە، جۆلانەی پێبکەن، هەڵیسووڕێنن، لەکورسی یان لانکە یان هەرشتێک کە دەکرێ منداڵەکەتانی پێ وەجۆلانە بخەن کەڵک وەربگرن.

لە حەزەکانی بۆجووڵە مۆسیقاییەکان کەڵک وەربگرن: بەدەنگی مۆسیقایی لەگەڵ منداڵەکەتان قسە بکەن، بیلاوێننەوەو لایە لایەی بۆ بڵێن، کاتێک لەباوەشتان دایە بیجووڵێننەوەو جۆلانەی پێبکەن.

**هەفتەی شەشەم:**

لەهەفتەی شەشەم دا کاتێک قسە لەگەڵ منداڵەکەتان دەکەن بزەتان بۆ لێدەداتو سەرتان بۆ دەلەقێنێ، کاتێک قسەی بۆ دەکەن کۆمەڵێک دەنگی کورتو وردە دەنگ بەگەرووی لەخۆی دەداتە دەرێ.

**بەکورتی:**

١. منداڵ لێتان ڕادەمێنی‌و لەسەرتان ڕاوەستە دەکات، هەربۆیە تا ئەو جێگایەی دەتوانن بەشێوەی ڕاستەخۆو زیندوو دەمو چاوو ڕوخساری خۆتانو پێوەندی چاوەکی‌و چاو لەچاوانەکانی خۆتان بپارێزن.

٢. بۆراکێشانی سەرنجی منداڵەکەتان بووکەڵەکانی لەمەودای بینین‌و نەبینینی منداڵەکەتان دا بێننە ژووری‌و ببەنە دەرێ، بەشێوەیەکی بەردەوام لەهەردووک بەش‌و لای ڕوخساری قسە بکەن.



**هۆگرییەکانی گەشە پێبدەن:**

لەکاتی قسەکردن دا پێوەندیی چاوەکیی خۆتانو منداڵەکەتان بپارێزنو ڕوخسارێکی جێسەرنج بۆخۆتان درووست بکەن، منداڵەکەتان لەهەردووک لای دەمو چاوییەوە قسەی لەگەڵ بکەن بۆئەوەی دەنگەکان لەشوێنە جیاجیاکانو سووچە جیاجیاکانەوەببیستێ.

ئەو منداڵانەی ناهێڵن ئاو بەزایە بڕواتو بەلوعە
کراوەکانی ئێرەو ئەوێ دەگرنەوە کەسانێکن کە
خەڵکیان خۆشدەوێو خەڵکیش ئەوانی خۆشدەوێ



# ئیشی دەستی

## 8 کرمی کاغەزی




کەرەسەی پێویست:

١ . کاغەزی ڕەنگی لەدوو ڕەنگ.
٢ . مقەست.
٣ . چەسپ.
٤ . لاکێشە.
٥ . ماجیک یان قەڵەم.

چۆنێتی دروستکردنی:

1



دوو پارچە کاغەز بەدرێژایی ٣٠سانتیمەترو پانی ٢سانتیمەتر ببڕن. لەهەر ڕەنگێک تەنها یەک دانە، ئێــوە دەتوانن درێژاییەکەی زیاتریش بکەن، دیارە ئەگەر حەزتان لێبوو کە کرمەکەتان درێژتر بێ.

2



دوو پارچە کاغەز بەشـــێوەی ســـتوونی لەسەر یەک دابنێنو سەرەکانیان بەچەسپ بەیەکەوەبچەسپێنن.

3



لەدوایدا کاغەزی یەکەم کە کەوتۆتە بنەوە بەسەر کاغەزی سەرەوەدا بنووشتێننەوە.

4




کاغەزی دووەم بۆ لای سەرەوە بەســـەر کاغـــەزی یەکەمدا بنووشتێننەوە.

5



ئەم دوو قۆناخە ئەوەندە دووپات بکەنـــەوە تا هەردووک کاغەزەکانتان بەتەواوی دەنووشتێننەوەو هیچیان لێ نامێنێتەوە بۆنووشتاندنەوە.بۆ چاو و زاری کرمەکەشتان دەتوانن لەماجیک یان قەڵەم کەڵک وەربگرن. جوان سەیری وێنەکان بکەن با هەڵە نەکەن.

## ڕەنگم بکەن



## پیرەوەری

من سەگێکم هەیە ناوی "تانی"یە. ڕۆژێک کاتێک کە لەخەودابووم هەستمکرد کەسێک دەملێسێتەوە، کە لەخەو هەستامو چاوەکانم کردەوە، بینیم زمانێکی پەمەیی لەبەر چاومە. زوو بەسەر سوڕماوی هەستامو پاڵم بەشتێکەوە ناو فڕێمدا ئەولا، وتم: وەی! ئەوەچییە! کە جوان سەیرمکرد بینیم تانی بوو، ئەوەندە پێکەنیم نەبێتەوە، من پێدەکەنیم دەموت: ها ها ها ها... تانیش وایدەزانی دەوەڕێم هەربۆیە ئەویش دەستیکرد بەوەڕین: حەو حەو حەو حەو حەو...!

گوڵێ لەهەولێر

ئەو منداڵانەی وانەکانیان دوا ناخەنو بەزووترین کات
دەینووسنەوەو حازری دەکەن هەمیشە
نمرەی باش وەردەگرن



## مەتەڵ



١ . بەسەت برا مێزەرێک؟
٢ . ئەوەچییە گیزە گیزێتی، عالـــەم بەتەمای خوشـــەی میزێتی؟
٣ . چوار مامم هەنە لەچۆمی، تیران داوێنە گۆمیٚ؟

**سوپاس بۆ ئەم خۆشەویستانە کە وڵامی درووستیان بۆ ناردبووینەوە:**

- چراخان لەهەولێر
- کانیاو ئاکام لەچۆمان
- دلێر شێرزاد لەسلێمانی
- دەوەن دڵزار لەهەڵەبجە

**وڵامی مەتەڵەکانی پێشوو:**

١. کراس
٢. چەک
٣. رەشماڵ

## یاریو گۆرانی



مندالٚینە دەســـتی یەک بگرن، بازنەیەک دروست بکەن، هەڵســـوورێنو یەکتان ئەم بەندو گۆرانییە بلٚێتو ئەوانیتریش لەدووی بلٚێنەوە:



هەی بۆقە بۆقە
هەی بۆقە بۆقە بۆقە
ئەسپی کاکم بۆ زین کە
کاکـــم چووە ژن
بێنیٚ
ژنی شابەگوڵ بێنیٚ
ئاور بەگڕە گڕ بێنیٚ
مەنجەڵ بەکوڵە کوڵ بێنیٚ
خارا بۆ باجی بێنیٚ
سەولە بۆ تاجی بێنیٚ
بۆق بۆقیلەی نێو ئاویٚ
بۆم وەرە بەر تەنکاویٚ
ماچ کەم خاڵی لا چاویٚ





مەحموود شکاک نژاد

## هاوڕێیانی نمنم



کانیاو فەرەیدون ١٥ مانگ لەسوید



ژیلا ئاسۆ، ٣ ساڵ لە سلێمانی

# ٣٠ ڕۆژ چێژوەرگرتن لەکارکردن

2 3 4 5 6

# دیاریکردنی ئامانجەکانت فاکتەری سەرکەوتنتە

لەفارسییەوە: هەمیشە شوان

دیاریکردنی ئامانج بەوێناکردنو ئەو ئارەزووەی دەمانەوێت دەستپێدەکات. دارشتنی بەرنامە نەخشەی ڕێگایە بۆگەشتن بەئامانجەکانو هاندەری سووتەمەنیەکە کە دەمانگەیەنێتە ئەو شوێنە، بەڵام دەبێ لەسەرەتادا ئامانجێکمان هەبووبێت، چونکە ئەگەر نەزانین بۆ کوێ دەڕۆین ئەوسا هەر ڕێگایەک بەرەو خۆیمان دەبات. لەو کاتەدا ئیتر گرنگ نییە لەگەڵ ژیانماندا چیدەکەین. لەڕاستیدا ئەگەر نەزانین لەژیانماندا بەرەو کوێ دەڕۆین کاتێک دەگەینە ئەو شوێنە، ئەوێ ناناسین.

**بەرنامەیەکی ئاڵتونی بۆسەرکەوتن**

دەکرێ مێشکی مرۆڤ لەگەڵ سیستمی کونترۆڵکردنی موشەکی ئاراستەکراودا پێوانە بکرێت. کاتێک ئامانج دیاری کرا، سیستمی خۆ ڕێکخەرو پەرچدانەوەی خۆبەڕێوەبەر بەبەردەوامی ئاراستەی ڕۆیشتنی بەرامبەر بەئامانجەکان چاکسازی تێدادەکات، کاتێک ئامانج بەشێوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان نەکرێت، یان زۆر لەوە دوور بێت، موشەک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەڕواتە پێشەوە تا سووتەمەنیەکەی تەواو بێت یان لەرێگای سیستمی خۆرێکخەر ئاگر بفیشکێت، مرۆڤەکانیش بەشێوەیەکی هاوشێوە هەڵسوکەوت دەکەن.

**ئامانجەکانمان دەبێ دوور بێت، بەڵام نەک دوور لە ڕوانین**

سیستمێکی هاندەر لەناخی هەمووماندا هەیەو بەردەوام بەرەو پێشمان دەباتو دەتوانین وزەکانمان لەسەرلێشێواویو بێ ئامانجی دا بەفیڕۆ بدەین یان هەوڵەکانمان بخەینە سەر هەندێ کاری بەبایەخ. کارەکەمان چ سکرتێری یان ئەندازیاری یان مامۆستایی بێت، هەڵبژاردنی هوشیارانەمانە کە وزەکانمان بەرەو ئامانجێک ئاراستە دەکاتو دەتوانێت هەموو جیاوازییەک لە ژیانماندا دابین بکات.



دەستنیشانکردنی ئامانجەکانمان هەوێنی سەرکەوتنمانە

**ڕێگاکانی گەیشتن بە سەرکەوتن**

١. خەونێک هەڵبژێرن.

٢. ئەو خەونە لەگەڵ هاندان + جێبەجێکردن دا تێکەڵی بکەن.

٣. بۆماوەیەکی درێژخایەن ڕاهێنان + ڕێکخستنی پێ زیاد بکەن.

ئەنجامەکە بۆ ئێمە: گەیشتن بەئامانج، هەر ئامانجێک کە دیاری کرابێت.

چێژوەرگرتن لەکار لەهەستی ئاسایش سەرچاوە دەگرێت کە دەزانین بەشی پێویستی بۆسەرکەوتنی ناخی خۆی هەیە بەدەست دێت.

زەحمەتکێشان بەبێ ئامانج، کەشتیەکی بێ سوکانە. زۆربەی خەڵک لەبەرامبەر بیرۆکەی دەستنیشانکردنی ئامانج دا خۆڕاگری دەکەنو بەبۆچوونی ئەوان وشکو ناخولقێنەرە.

ئەو وێنایە کە دەرەنجام هەموو شتێک چارەسەر دەبێتو "هەر چێ ئەبێت بابێت" وادیارە کارێک سادە دێتە بەرچاو، بۆیە زۆربەی خەڵک هیچ ئامانجێکیان نییە. دەفتەری سەرژمێریەکانیان بەگەشتو سەیران پڕدەکەنەوە تا زەینیان بەسەر هەندێ چالاکیو پرۆسەدا تەرکیز بکەن کە دەتوانێت ئەوانە بەئامانج بگەیەنێت. ئەوانە تەنها ئومێدیان بەباشترینەکانەو خۆیان دەخەنە ناو ڕووداوی ژیان.

کاتێک کەشتی مەبەستێکی نەبێت، هیچ بایەکی بەهەڵکەوت نایەت

ڕەنگە لەکارکردنی بەبێ ئامانجدا نەختێ چێژ شاردرابێتەوە، بەڵام ئەوەش نائومێدکەرە. ڕوانگەو شێوەی هەڵسوکەوتی نێگەتیڤو ڕێز لەخۆنانی لاواز لەدۆڕاندنو زەحمەتی بەبێهود وەکو گەشتکردن لەکەشتی بێ سوکاندایە. ئەو کەسانە بەهۆی بێتوانایی کە ناتوانن کەشتیەکە ئاراستە بدەن بەرەو بەندەرێکی نادیار دەڕوات، چونکە هیچ شتێک لەجیهاندا ناتوانێت ببێتە بەربەستی تاکەکەسی کە ڕوانگەی پۆزەتیڤی هەیەو ئامانجەکەی لەبەرامبەردا دەبینێت.

یەکەم هەنگاو بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن لەبەرچاوگرتنی ئامانجێکی دیاریکراوو پاشان ئاراستەپێکردنی هەموو ئەو کارانەیە کە بەبەردەوامی لەو ئاراستەیەدایە.

**دیاریکردنی ئامانجێک لەژیاندا**

زۆربەمان ئامانجمان هەیە ـ چ لێی بەئاگابین یان نا، هەندێ واتا لەژیاندا وەکو ئارامی، سامانو دەوڵەمەندی، ژیان، پەسەندبوون، تەندروستیو سەرکەوتن ئەمانە وەکو چەند ئامانجێکی بێ لێکدەر دەمێننەوە. ڕەنگە زۆر سەرقاڵ بین، لەوانەیە لەو پرۆژەو لێپرسراوێتانەی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بڵاوبوونەتەوە لێی قووڵ ببینەوە، بەڵام هەرگیز بەئامانج نەگەین، چونکە ئامانجێکمان بەدەست نەهێناوە.

دەستنیشانکردنی باشی کارەکان بۆگەیشتن بەئامانج کاریگەرە کە ئامانجێکی ڕاشکاوو دیاریکراو دەستنیشان بکەین. ئەوە بنووسینو هەموو ڕۆژێک بۆ چەندین جار لەسەر ئەو وشەو وێناو سۆزانە تەرکیز بکەین بەشێوەیەک وەک وابێت ئێستاکە پێی گەیشتبێتین. بەختەوەری، سامانو سەرکەوتن دووەم بەرهەمو دەرەنجامی دیاریکردنی ئامانجەو ناتوانن ببنە خودی ئامانجەکە.

**بەچ شێوەیەک ئامانجەکانمان دەستنیشان بکەین؟**

لەسەر لاپەڕەیەکی کاغەز ئەو شتەی کە بۆئێوە دەبێتە هۆی زیاترین شادومانیو خۆشحاڵی لەژیانو لەکاردا بینووسن. هەر چەند پێمان خۆشە پێرستێک لەئامانجو خەونو ئامانجەکانمان دەستنیشان بکەین. ئەمانە هەرچەند دیاریکراوتر بن، ئامانجەکان ڕوونترو تەرکیزی زەین بەسەر ئەوانەدا باشتر دەبێتەوە. لەسەرووی لاپەڕەکەوە بینووسین "دەمەوێت". ئەم کارە دەبێتە هۆی ڕێگری لەبەردەم خەیاڵکردنی بێهوودە کە بەپاش هەندێ وشە وەکو "خۆزگە ..." بەمێشکدا دێتو سەرقاڵی دەکات، بۆنموونە سەیر لای خوارەوە بکەین:

دەمەوێت، بەختەوەر بم. (چ شتێک دەبێتە هۆی شادومانیو بەختەوەریم؟)

پارەیەکی زۆرم هەبێت. (لە بەرامبەر چ خزمەتگوزارییەکدا؟)

ناوبانگ دەرکەم( لە چ بوارێکدا؟)

ببمە بەڕێوەبەری گشت کۆمپانیاکە. بەهەڵهێنانی چ هەنگاوێک؟

ببمە خاوەنی کاری خۆم. (لە چ بوارێکدا؟)

لەبواری ماڵییەوە بیرم ئاسوودە بێت. (بە چ بڕە پارەیەک؟)

لەتەمەنی ٦٠ساڵیدا خانەنشین بکرێم. (بە چ موچەیەک؟)

گەشتی زۆر بکەم( بۆ کوێ، کەی؟)

لەنزیک ماڵی خۆمدا کاربکەم( مافی هەڵبژاردنم کامانەن؟)

کاتێکی زۆر بۆ خێزانەکەم تەرخان بکەم. (چۆن دەتوانم کاتی بەتاڵی زیاترم لەبەردەستدا بێت؟)

ئەم ئامانجانە دەبێ ببنە پەرچدانەوەو خواستو پێویستیەکانمان، نەک ئەو شتانەی کە پێمانوایە دەبێ هەمان بێت یان ئەوەی کەسانی تر لێمان چاوەڕوانی دەکەن. ئێمە بەدوای شادومانیو خۆشحاڵی خۆمانین نەک ڕەزامەندیو خۆشحاڵی کەسانی تر. پێرستەکەمان بەدڵی خۆمان هەرچەند لاپەڕەی پێویستە با بنووسرێت. لەکاتێکدا پێرستەکەمان ئامادە دەکەین هەر ئامانجێکی تر بەمێشکماندا دێت بینووسین. ئامانجەکانمان بژمێرینو هەوڵبدەین لەدە دانە زیاتر نەبێت. ڕیزیان بکەین. لەحاڵێکدا تەرکیزمان خستۆتە سەر یەکێک لەوانە لەیەکەمین تا دەیەمین، ڕەنگە پێویست بکات دیسانەوە پێرستەکەمان ڕێکوپێک بکەین. هەر ڕادەیەک کاتی پێویست بێت کاتی بۆ تەرخان بکەن. ئەگەر پێشتر کارێکی وەهاتان نەکردووە پێتان وانەبێت چەند هەفتە یان تەنانەت چەند مانگ ماوەیەکی زۆرە. دەرەنجام ئامانجی گرنگی ژیانمان کە بەلامانەوە گرنگن لێیان تێدەگەین.

کاتێک ئامانجەکانمان دەستنیشان کرد بەژێر سێ ئامانجی گرنگو سەرەکیماندا هێڵێک بێنین، ئەمانە هەمان ئەو ئامانجانەن کە لەچێژەکانی کاردا کاریگەریەکی زۆریان هەیە. لەسەر کاغەزێک بەئەندازەی **٨** بۆ **١٢** دیسانەوە ئەم ئامانجانە بنووسین. بەردەوام ئەم کاغەزەمان لەگەڵدا بێتو هەرچەند جارێک سەیرێکی بکەین. کاتێک ڕووبەڕووی بڕیاردانێک دەبینەوە پرسیار لەخۆمان بکەین ئایا بڕیارەکەمان ئێمە بەئامانجە گەورەکانی ژیانمان نزیکتر دەکاتەوە یان دوورتری دەخاتەوە؟ لەم کاتە بەدواوە تەنها ئەو کارانە ئەنجام بدەین کە بەئامانجەکانمان نزیکمان دەکاتەوە.

**دەستنیشانکردنی ئامانج لەجێبەجێکردندا**

**١.** چەند ئامانجێک دیاری بکەین کە بەلامانەوە گرنگن، کاتێک بۆباشترکردنی ژیانی خۆمانو خێزانو بنەماڵەکەمان تەرخان بکەین بەو شێوەیە لەکاری ڕۆژانەماندا چێژێکی زیاتر وەردەگرین.

**٢.** لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەڵسوکەوت بکەین کە لەژیانیاندا بەئامانجەکانیان گەیشتوون یان خۆیانیان بۆئامانجێک تەرخان کردووە کە ئێمەش هەمان ئامانجی ئەو کەسەمان هەیە. لەهەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە مەسەلەی چارەسەرنەکراوی هاوشێوەیان هەیە یان بەهۆی بەدەست نەهێنانی ئامانجەکانمان تووشی دۆڕان بووین دوور بگرین.

**٣.** ئامانجی گەورە بۆ خۆمان دەستنیشان بکەین. ڕەنگە نەتوانین بەخەونەکانمان بگەین، بەڵام لەو کاتەدا بەختەوەریو سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دێنین.

**٤.** جارێک کە ئامانجەکانمان دەستنیشان بکەین بەشێلگیرانە بەدوایدا بچینو بەشێوەیەکی پێداگرانە بۆنزیکبوونە بەخەونەکانمان چالاکی پیشان بدەین.

ئەو کەسانەی چێژ لەکارەکانیان وەردەگرن، ئەم ڕاستیە دەدەنە مێشک کە: ناسینی مەبەستو ئامانج، نیوەی پێوانو بڕینی ڕێگاکەیە.

# چۆن پەیوەندییەکانت گەشە پێدەدەیت؟

میشێل لیو ئیزاین ئارنیکلس

فێربونی چۆنیەتی گەشەپێدانی پەیوەندییەکان زۆر گرنگە. تەنها بۆژیانی پیشەیی نییە، بەڵکو بۆژیانی تاکەکەسیشت سودی هەیە.

چەندینجار هاوڕێکان پێکەوە شەڕیان بوە لەسەر ئەوەی نەیان زانیوە پەیوەندی ببەستن. بەپێچەوانەشەوە، چەندین کارمەند گەشەیان سەندوە، چونکە کەسێک بوون توانیویانە پەیوەندی باش لەگەڵ هاوڵاتیاندا دروست بکەن. ئێستا باس لەچەند ڕێگایەک دەکەین کە فێرت بکات بەچ شێوازێک گەشە بەپەیوەندیەکانت بدەیت کە کاریگەری لەسەر ژیانت هەبێت:

**ڕێگای یەکەم: باوەڕ بەخۆت بکە**

متمانەکردن بەخۆت گرنگە. ئەگەر دڵنیا نیت لەخۆت، چۆن کەسانی تر دەتوانن پشتت پێببەستن، فێربونی گەشەپێدانی پەیوەندییەکان متمانە بەخۆبون بەهێزتر دەکات. ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە کە لەبەردەم ئاوێنەیەکدا بوەستیتو بۆخۆت بڵێیت کە چۆن دەتوانیت هەمو شتە باشەکانی خۆتو ئەوانەی کە بەرامبەرەکەت بەدڵیەتی بڵێیتو جەختی لەسەر بکەیتەوە، ئەمەش یاریدەدەر دەبێت بۆمەشقکردنی قسەکردن لەبەردەم ئاوێنەیەکدا. هەندێک کەس هەرگیز مەشقیان لەوتووێژدا نەکردووە بۆیە دەنگی خۆیان بەنامۆ دێتە بەرگوێ، زۆر قسە بکە، ئەو کاتە متمانەی زیادت بەخۆت دەبێت.

**ڕێگای دووەم: لەهەواڵەکان ئاگاداربە**

ڕێگایەکی کاریگەرتر بۆ چۆنیەتی گەشەپێدانی پەیوەندیەکان ئەوەیە کە بەئاگا بیت لەڕوداوە نوێکان، بەڵام چۆن ئەمە دەکەیت؟ زانینی ڕوداوەکان هێزی زانیاریت پێدەبەخشێت. هەرکاتێک کەسێک باس لەبابەتێکی گرنگ بکات، تۆ شتێکی تازەترت پێیە.

**ڕێگای سێیەم: لەزمانی جەستە ئاگادار بە**

فێربون دەربارەی زمانی جەستە سودێکی زۆرت پێدەبەخشێت. چیتر خەڵک هەوڵ نادات بەسەرتدا تێپەڕبێت، چونکە زمانی جەستەت لەیادناکرێت،

بۆنمونە، ئەگەر ویستت وەک هاوڕێیەک وابیت، دەبێت هاوڕێیانە دەربکەویت، پێویستە لەکاردانەوەکانتدا بەئاگابیت.

شتێکی گرنگە کە فێرببیت چۆن گەشە بەپەیوەندیەکانت دەدەیت. ئەو کەسانەی پەیوەندی بەباشی دەبەستن، هەمیشە چ لەماڵەوەو چ لەسەر کار وادەردەکەون کە پشتیان پێببەسترێتو ڕێبەربن، ئەمەش شتێکی گرنگە کە بتوانیت ئەو جۆرە بیروبۆچونە لەکەسانی بەرامبەرتدا بۆخۆت دروست بکەیت.



# پێبکەنن

ئەوەندە لەوشەی "ش" کەڵک وەرنەگری؛
مارەکە دەڵێ: باشە مشکە ئەوشاد ڕۆیشتم ش ش ش..!

بەرگاڵێک مێشکی دەشڵەقێ لاکێشە دەکێشێتەوە!!!

لەباوکێکی پیر دەپرسن: ئەری خاڵە چەند منداڵت هەیە؛
دەڵێ: وەڵا نازانم یەک منداڵی ٥٠ساڵەم هەیە یان پێنج منداڵی ١٠ساڵەم هەیە!

ڕۆژنامە: خواردنی ماسی دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکانتان زوو فێری قسەکردن ببن.
پشیلە ڕوو بەخاوەن ماڵ: وەڵا ئەم ماسییەم بۆ خۆم ناوێ، پێشنیازی دکتۆرە، ئاخر بێچووەکەم وەقسە نایە!!!





# بەسەرهاتەکانی دوورگە

**بەسەرهاتی پێنجەم:**

دوورگە لە ناو پۆل دانیشتووە.
مامۆستاکەیان خەریکە وانەی بیرکارییان پێدەڵێتەوە.
سیروان وەک هەمیشە لەدواو دواوەی پۆلەکەیان دانیشتووە. سیروان بەکاغەز فڕۆکەیەکی سازکردووە. سیروان چاوەڕوانە مامۆستاکەیان ڕووبکاتە تەختەڕەشەکە.
مامۆستا ڕووی کردە تەختەڕەشەکە.
سیروان فڕۆکەکەی فڕێدا بۆ پێشێ. فڕۆکەکە لەپشتەسەری هیوا کەوت و بەربۆوە بەردەمی ڕۆژان. سیروان خۆی لە گێلی دا. سیروان بەو خۆگێلکردنە، دەیەویست وا نیشان بدات کە، یانی ئەمن ئەو کارەم نەکردووە.
هیوا زانی کە سیروان فڕۆکەکەی فڕێداوە.
مامۆستا هێشتا ئاگای لە هیچ نەبووە.
هیوا دەستی بەرزکردەوە، هەر کە ویستی قسەبکا، ڕۆژان پێش دەمی هیوای گرت و گوتی: نا.. نا.. بێدەنگ بە! جارێ هیچ مەڵێ! با مامۆستا نەزانێ! دوایە بۆخۆم چاری دەکەم!
هیوا زۆر دەرسخوێنە، هەمیشە لەپێش پێشەوەی پۆل دادەنیشێ! بەڵام حەیفەکەی ئەوەیە بڕێک قسەگێڕەوەیە!
ڕۆژانیش زۆر دەرسخوێنە، ئەویش هەمیشە لەسەر کورسییەکانی پێشەوە دادەنیشێ، بەڵام ڕۆژان زۆر ژیرە، ئەو هیچ کات حەز لە ئاژاوەو قسەگێڕانەوە ناکات. ڕۆژان هەمیشە هەوڵ دەدات، کێشەکان بەقسەکردن چارەسەر بکات. ئەو ئیزن بەخۆی نادات لەخۆڕا شکایەت لەخەڵک بکات.
دوورگە هەمیشە لەناوەندی پۆلەکەیان دادەنیشێ.
هەمیشە بۆ پلەی یەکەم و دووهەم و سێیەم، لەنێوان ڕۆژان و دوورگە و هیوا ڕکەبەرایەتی هەیە، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری کاتەکان هیوا نەفەری یەکەمە.
بۆ پلەی دووەم و سێیەمیش، هەمیشە دوورگەو ڕۆژان لەنێو خۆیاندا کێبەرکێیانە.
مامۆستا گوێی لەدەنگێک بوو. ئاوڕیدایەوە و گوتی: ئەو سرتە سرتەتان لە چییە؟!
هاوڕێ نزیکەکەی سیراوان، کە ئەویش هەمیشە لەدوای دواوەی پۆلەکەیان دادەنیشێ، دەستی هەڵێنا و گوتی: مامۆستا.. مامۆستا...! سیراوان فڕۆکەیەکی بە کاغەز دروستکردو هاویشتییە پێشەوە، ڕۆژانیش لە ژێر کورسییەکەی خۆیدا شاردییەوە!
مامۆستاکەی دوورگەو ئەوان مامۆستایەکی تازەیە. ئەو مامۆستایەی پێشوویان کە گوێچکەی سیروانی ڕادەکێشا، لەو قوتابخانەیە نەماوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەسەر ئەو گوێ ڕاکێشانانەی، لە قوتابخانەکەیانی دەرکردووە.
ئەم مامۆستایەی ئێستای دوورگەو ئەوان، زۆر مامۆستای چاکە، ئەویش وەک ڕۆژان هەمیشە حەزدەکا بەقسەکردن کێشەکان چارەسەر بکات. هەر بۆیە بە کوڕە فزوولەکەی گوت: ئەو کارەی سیروان پێوەندی بەتۆوە نییە! تۆ بۆت نییە جارێکی دیکە فزوولی بکەی، سیروان ئەگەر کارێکی خراپ بکا، دەبێ بۆخۆی شەرم لەخۆی بکات، نەک ئەوەی ئێوە شکایەتی لێ بکەن!
دوورگە زۆری ئەو وەڵامەی مامۆستاکەیان بەدڵ بوو.
کوڕە فزوولەکە سەری داخست و وەک سیروان لەشەرمان بێدەنگ بوو.
مامۆستا وانەکەی تەواوکرد و وتی: ئیتر بۆئەمڕۆ بەسە، من دەچمە ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئێوەش ئەو ١٠ خولەکەی کە لەکاتەکەمان ماوەتەوە، ئازادن، هەرچییەک دەیکەن بیکەن، کەیفی خۆتانە.
مامۆستا ڕووی کردە سیروان و وتی: سیروان گیان، ئێستا کە دەرسەکەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهاتووە، دەتوانی بەکەیفی خۆت فڕۆکە سازبکەی و منداڵەکانی دیکەش فێربکەی، بەڵام ئاگات لەلاپەڕەکانت بێ، حەیفە، زۆریان خەسار نەکەی!
سیروان ئەوەندەی دیکە بەو قسەیەی مامۆستاکەمان شەرمی لەکارەکەی خۆی کردەوە.
من پێم وانییە تازە سیروان قەت ئەو کارە دووپات بکاتەوە.
مامۆستا ماندوونەبوونیی لە منداڵەکان کردو لەپۆل چووە دەرێ.
دوورگە چوو بۆلای سیروان و وتی: ئەە... سیروان! هیوا و ڕۆژان کارە خراپەکەی تۆیان بەمامۆستا نەوت، کەچی هاوڕێ نزیکەکەی خۆت شکایەتی لێ کردی! ئەگەر تەمبێ بووبێتی، جارێکی دیکە هاوڕێیەتی کەسانی قسەگێڕەوە ناکەی!
ڕۆژانیش هاتە پێشێ و وتی: دوورگە ڕاست دەکات، هاوڕێی باش ئەو کەسانەن کە یەکتری ئامۆژگاری دەکەن، نەک ئەوەی فزوولی لەیەکتر بکەن!
سیروان عادەتێکی زۆر خراپی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر زوو ئامۆژگاری و نسیحەتی لەبیر دەچێتەوە. یانی لەڕاستیدا خۆی لە ئامۆژگارییەکان گێل دەکا.
من دەزانم سیروان باش لە قسەکانی دوورگە و مامۆستاکەیان و ڕۆژان تێ گەیشتووە، بەڵام بەداخەوە بۆ سبەی هەموو ئەو ئامۆژگارییانەی لەبیر دەچێتەوە و دیسان لەگەڵ ئەو کوڕە فزوولە دەبێتەوە بە هاوڕێ و دەستدەکەنەوە بەئازاردانی منداڵەکانی دیکەی قوتابخانەکەیان.
ئاخر سیروان زۆر هاروهاجە و هاروهاجتر لەو کوڕەشی بۆ هاوڕێیەتی دەستناکەوێ!
خۆزگە سیوان ئەو عادەتە خراپانەی نەبوایە!
من دەزانم سیروان چاک دەبێ، بەڵام زۆری پێدەچێ!
بەئاواتی ئەو ڕۆژەی سیروان هیچکات قسەی باشی لەبیر نەچێتەوە. بەو هیوایە!
دوورگە بەسەرهاتی ئەمڕۆشی، لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی دا نووسییەوە.

# پەیامی ئێمە بۆ ئێوە



### پەیامی چواردەیەم:

منداڵانی هەر ئایینێک مافی ئەوەیان هەیە کە ڕێورەسمە ئاینییەکانی خۆیان بەئازادانە بەڕێوەببەن، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە لەڕێنوێنییەکانی دایکو باوکمان کەڵک وەربگرینو دەسەڵاتیش دەبێ ڕێز لەم بابەتە بگرێ.

### پەیامی پانزەیەم:

منداڵان بۆیان هەیەو مافی خۆیانە کە بەیەکەوە پێوەندیو هاوڕێیەتییان هەبێو بەیەکەوە گرووپ پێک بێنن.

# ئەرێ دەزانن بۆچی سەری سیسارکە کەچەڵەکان تووکی پێوە نییە؟

سیسارکە کەچەڵەکان یان هەمان کەلاک خۆرەکان بەهۆی ئەوەی مردارو کەلاکی ئاژەڵە مردوو و تۆپیوەکان دەخۆن تووکو پەڕوپۆیان بەسەرەوە نییە.
ڕواڵەتی سیسارکە کەچەڵە هەندێک بەهەڵۆو باز دەچێ بەو جیاوازییەی سەرو ملی تۆزێک درێژترەو تووکیشیان پێوە نییە، سیسارکە کەچەڵە لەو باڵندانەن کە لەناو چیرۆکو بەسەرهاتەکاندا زۆرتر ڕۆڵی بوونەوەرگەلی بێنرخو گەندەخۆرو بێبەهایان پێیە.
کاتێک کەلاک دووسێ ڕۆژ دەمێنێتەوە بەهۆی گەنینەوە پڕ پڕ دەبێ لەمیکرۆب. با وای دابنێین کە سیسارکە کەچەڵە پێشتر سەری تووکو پەڕی پێوە بووە، بەڵام کاتێک کە بەدندووکی خەریک بووە کەلاکەکانی خواردووە میکرۆبەکان هاتوونەتە ناو سەرییەوەو هەر لەوێ گەشەیان کردووەو بوونەتە هۆی لەناوچوونی تووکو مووی سەری، بەڵام ئەوە ڕاستییە نەک گریمانە. بەڵام بێ تووکی سەری سیسارکە کەچەڵەکان دەبێتە هۆی ئەوەی سەری ئەم باڵندەیە تیشکی ڕاستەوخۆی خۆری لێ بکەوێو لەئەنجامدا میکرۆبەکانی بان سەری لەناوبچن.
چ سیستمێکی بەرگریی سەیرو سەمەرەی هەیە سیسارکە کەچەڵەکان؟!!!






# شەش پێشنیاز بۆ بەهێزکردنو زیندووکردنەوەی یانەی یۆڤانتۆس

لەئێستادا یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی بەخراپترین وەرزیدا تێپەڕ دەبێتو بەڕای پسپۆڕانی وەرزشیش لەسەرەتای دروستبوونیەوە ئەم یانەیەوە تائێستا بەم شێوەیە تووشی قەیرانی لەم جۆرە نەبووە بەو شێوە خراپەی ئێستا نەبینراوەو هۆکارەکەشی تەنها کێشەیەک یاخود لێپرسراوانی یانەکە بەتەنها یان راهێنەر یان زۆری ژمارەی ئەو یاریزانانە نیە کە بەهۆی پێکانەوە ناتوانن بەپێی پێویست لەیاریەکانی یانەکەیاندا بەشداری بکەن، بۆیە پێویستە سەرجەم ئەو کێشانە لەماوەیەکی دیاریکراودا چارەسەر بکرێت، لەهەمووشیان گرنگتر بەدەستهێنانەوەی متمانەی یانەکەیە کە ئێستا ئەو متمانەیە لای هاندەرانی یانەکە نەماوە، کە چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەو دەرچوون لەو قەیرانەی ئێستا پێویستی بەتەرخانکردنی لانیکەم ٨٠ملیۆن یۆرۆ هەیە.

**پێشنیازی یەکەم:**

**گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ئیداری یانەکە**

لەئێستادا بێتمانەییەکی زۆر لەنێوان هاندەرانو لێپرسراوانی یانەکەدا دروست بووە کە هیچ کاتێک هاندەران ئەو ئاستە خراپەی ئێستای یانەکەیان پێ قبوڵ ناکرێتو متمانەشیان بەزۆربەی یاریزانانو راهێنەرو لێپرسراوانی یانەکە نەماوە، چونکە تائێستا چەند جارێک بەڵێنی ئەوەیان بەهاندەرانی یانەکەداوە کە تەواوی ئەو کێشانە چارەسەردەکەن، بەڵام بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکردووە، بۆیە پێویستە ئیدارەیەکی نوێ بۆ یۆڤانتۆس پێکبهێنرێتو لێپرسراوانی باڵای یانەکە بەتایبەت جان کلود بلان سەرۆکو ئەلیسۆ بەڕێوەبەری وەرزشی یانەکە دەست لەکاربکێشنەوە، کە دەبێت یەکێک لەو هۆکارانەی ئەم یانەیە لەبەشێکی کێشەکانی ڕزگاری ببێت.

**پێشنیازی دووەم:**

**گۆڕینی ئەو یاریگایانەی مەشقو راهێنانی یانەکەی تیادا بەڕێوەدەچێت**

لەوەرزی رابردوودا یانەی یۆڤانتۆس ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکرد لەزۆری پێکانی یاریزانەکانی، کە زۆربەیان لەکاتی راهێنانو لەناویاریگادا تووشی پێکان بوون، رۆژنامە وەرزشیەکانی ئیتاڵیاش لەڕێگەی چەند راپۆرتێکەوە ئەو راستیەیان سەلماندووە کە ئەو یاریگایەی یارزانانی یۆڤانتۆس راهێنانی تیادا دەکەن هیچ تایبەتمەندیەکی یاریگای تیایدا نەماوە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات ئەو یاریگایە نوێ بکرێتەوە، ئەوەشیان بڵاوکردۆتەوە کە نوێکردنەوەی یاریگای یانەی یۆڤانتۆس پارەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام ئەو کارەساتەی روبەڕووی یانەکە بۆتەوە زۆر لەو پارەیە زیاترەو بەپارەش پێوانە ناکرێت.

بەشێکی دیکەی رۆژنامە وەرزشیەکانی ئیتاڵیا هۆکاری زۆری پێکانی یاریزانەکان بۆ راهێنەرانی توانای جەستەیی دەگێڕنەوەو دوای گۆڕینی ئەو راهێنەرانەش دەکەن.

**پێشنیازی سێیەم:**

یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو یاریزانانەی بەشداری یاریەکانی یانەکە ناکەن یاخود لەکاتی بەشداری کردندا کاریگەری خراپیان لەسەر ئاستی یانەکە دەبێت، یان زۆربەی کات تووشی پێکان دەبن.

لێرەدا زیاتر قسە لەسەر چەند یاریزانێکە کە بەیەکلاییکردنەوەی چارەنووسیانو هەڵوەشاندنەوەی بۆندەکانیان تاڕادەیەک کێشەی دارایی یانەکە چارەسەر دەکاتو نزیکەی ٢٥ملیۆن یۆرۆ بۆ ئیدارەی یانەکە دەگەڕێتەوەو دەتوانێت بەو بڕە پارەیە بەشێک لەقەیرانەکەی چارەسەر بکات، ئەوانیش بریتین لە مۆلینارۆ، تیاگۆ، پاولۆچی، تریزیگە، دی چیلی، کامۆرانیزی ، کریستیان پۆڵسن.

**پێشنیازی چوارەم:**

**دەرکردنی بڕیارێکی روونو ئاشکرا تایبەت بەجیۆفینکۆو دیگۆ**

جیۆفینکۆ ماوەی دوو ساڵە پەیوەندی بەیانەی یۆڤانتۆسەوە کردووە، بەڵام بەهۆی لاوازای توانای جەستەیی بەردەوام تووشی پێکان بووەو لەماوەی ئەو دووساڵەدا چەند یارییەکی کەم نەبێت بەشداری یاریەکانی تری یانەکەی نەکردووەو نەیتوانیووە لەپێکهاتەی سەرەکیدا جێگەی خۆی بکاتەوە، ئەوەش پێویستی بەبڕیارێکی روون هەیە بۆیەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەم یاریزانە، کە دەتوانرێت بەیانەیەکی تر بفرۆشرێت یاخود لەگەڵ یاریزانێکی دیکەدا بگۆڕدرێتەوە، بەڵام دیگۆ کەتەنها یەک وەرزە لەیانەی یۆڤانتۆس یاری دەکات، هەرچەندە یانەکە لەبارودۆخێکی خراپدایە، بەڵام ئاستی ئەم یاریزانە خراپ نەبووە بەبەراورد لەگەڵ خراپی ئاستی یانەکە لەزۆربەی یاریەکانیدا، بۆیە هەر کاتێک دیگۆ داوایکرد یانەکە بەجێبهێڵێت، پێویستە لێپرسراوانی یۆڤانتۆس داواکەی قبوڵ بکەن، تا ئاستی ئەو یاریزانە بەهۆی خراپی ئاستی یانەکەوە دانەبەزێتو بەو بڕە پارەیەش کەدەیفرۆشێت چەند یاریزانێکی لاو و بەتوانا بهێنێتە ریزەکانیەوە.

**پێشنیازی پێنجەم:**

**دیاریکردنی پلانێک بۆ شێوازی یاریکردن**

لەم وەرزەدا یانەی یۆڤانتۆس لەشێوازێ یاریکردندا پلانێکی دیاریکراوی نەبوو، زۆربەی پلانەکانی یاریکردنی تاقیکردەوەو سەرکەوتوو نەبوو، کە ئەوەش هۆکاری سەرەکی بووە کە نەتوانراوە بەپێی پێویستو کەموکوڕیەکانی ناو ریزەکانی یانەکە یاریزان بکڕدرێت، بۆیە پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە هاوشێوەی یانە گەورەکان یەک پلانی یاریکردنی هەبێت، بۆنمونە شێوازی ( چوار چوار دوو ) کە ئاسانکاری تەواویش دەکات تا لەسەر ئەو بنەمایە کەموکوڕیەکان دەستنیشان بکرێتو یاریزانی تایبەت بەو شوێنانە بهێندرێتە ریزەکانی یانەکەوە، هەروەها شتوانێت هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەو یاریزانانە دیاری بکات کە هیچ رۆڵێکیان لەیانەکەدا نییەو بیانفرۆشێت.

**پێشنیازی شەشەم:**

**کڕینی سێ یاریزانی هێڵی بەرگریو یاریزانێکی بەتوانا بۆ هێڵی هێرشبردن**

لەئێستادا هێڵی بەرگری یانەی یۆڤانتۆس زۆر لاوازەو تەنها جۆرجیۆ کیلینی نەبێت ناتوانرێت پشت بەیاریزانەکانی دیکە ببەسترێت، بۆیە پێویستی بەیاریزانێکی خێرایە تا لەناوەڕاستی هێڵی بەرگریدا یارمەتی کیلینی بداتو دوو یاریزانی دیکەش کە لەهەردوو لای چەپو ڕاستەوە بتوانن هێڵی بەرگری یانەکە بەهێز بکەنو بتوانن جگەلە یارمەتیدانی هێڵی ناوەڕاستو هێرشبردن، ببنە دیوارێکی بەهێز بەرامبەر یاریزانی خێرا لەهێرشبردندا لەکاتی هێرشی پێچەوانە بۆسەر گۆڵی یۆڤانتۆس.

بۆبەهێزکردنی هێڵی هێرشبردنیش، پێویستە لێپرسراوانی یانەکە بیر لەکڕینی چەند یاریزانێکی لاوی هێڵی هێرشبردن بکەنەوە کە لەئێستادا لەدیارترین یاریزانە هێرشبەرەکانن، وەک هەردوو یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ( ئەگوێرۆو کارلۆس تێڤز ) یاخود یاریزانی مەغریبیو یانەی بۆردۆی فەرەنسی مەروان شەماخ یان کاسانۆی ئیتاڵی.

**سەرچاوە:**
**ماڵپەری Goal.com**

## پاتۆ بەڕێوەبەری کارەکانی دەگۆڕێتو چڵسیو ریاڵیش چاودێری دەکەن

ئەلیکساندەر پاتۆی بەرازیلیو هێرشبەری یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی کە ئێستا بەهۆی پێکانەوە لەیارگاکان دوورکەوتۆتەوە بڕیاریدا جیلمار فیلوزی بەڕێوەبەری کارەکانی دوور بخاتەوەو سەرپەرشتیکردنی کارەکانی بەمینۆ رایۆلا بسپێرێت.

لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وەرزشیەکانی ئیتاڵیا، پاتۆ ئەو هەواڵەی پشتڕاست کردەوەو ڕایگەیاند: مینۆ رایۆلا کەسێکی بەتواناو لێهاتووە، بەتایبەت کە شارەزاییەکی زۆری لەبواری گواستنەوەی یارزانانو بەستنی گرێبەستەکاندا هەیە. بەپێی ڕۆژنامە وەرزشیەکانی ئیتاڵیا هەردوو یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانیو چێلسی ئینگلیزی لەنزیکەوە چاودێری پاتۆ دەکەنو دەیانەوێت دوورکەوتنەوەی ئەو یاریزانە لەپێکهاتەی سەرەکی یانەی میلانو زۆری پێکانەکانی بکەنە هەلێک تا ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانی خۆیان بگوازنەوە.

راپۆرتە وەرزشیەکانیش باسی ئەوە دەکەن کە پێدەچێت رایۆلا رۆڵێکی گرنگی هەبێت بۆدورخستنەوەی پاتۆ لەیانەی میلانو گواستنەوەی بۆ یانەیەکی تر، بەتایبەت بۆ یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی.

## فیدرەر لە پلەی یەکەمدا مایەوە

رۆجیە فیدرەری پاڵەوانی سویسرا پارێزگاری لەپلەی یەکەمی ریزبەندیی یاریزانانی تێنسی سەر زەوی جیهان کرد.

یەکێتی تێنسی سەر زەوی نێودەوڵەتی، کە مانگانە ریزبەندیی یاریزانانی تێنسی سەر زەوی لەسەر هەردوو ئاستی کچانو کوڕان بڵاودەکاتەوە، لەریزبەندی ئەم مانگەشدا لەسەر ئاستی کوڕان رۆجیە فیدرەری پاڵەوانی سویسری بۆ یاری تێنسی سەر زەوی، توانی بەکۆکردنەوەی ١٠٧٦٥خاڵ پارێزگاری لەنازناوەکەی بکاتو لەپلەی یەکەمی باشترین یاریزانانی تێنسدا بمێنێتەوە.

نۆڤاک دیۆکۆڤیچی سربیش بەکۆکردنەوەی ٧٦٣٠خاڵ بەپلەی دووەم هاتووەو رافائیل نادالی ئیسپانیش لەپلەی سێیەمدا دەبینرێت، دوای ئەوەی توانی ٦٩٨٠خاڵ کۆبکاتەوە.


## بایرن میونخ زاراتی دەوێت



ژمارەیەک لەڕۆژنامە وەرزشیەکانی ئەڵمانیا بڵاویانکردەوە: بۆ وەرزی داهاتوو یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی تەواوی هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ماورۆ زاراتی تەمەن ٢٣ساڵی ئەرجەنتینیو هێرشبەری یانەی لازیۆی ئیتاڵی، چونکە لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووەو رۆڵێکی دیاری هەبووە لەزۆربەی سەرکەوتنەکانی یانەی لازیۆو وەک یەکێک لەئەستێرەکانی ئەو یانەیە دەرکەوتووە، لەبەرامبەرشدا لێپرسراوانی یانەی لازیۆ بڕی ١٧ملیۆن یۆرۆیان لەسەر زاراتی داناوە بۆسەرجەم ئەو یانانەی دەیانەوێ ئەو یاریزانە ببەنە ریزەکانیانەوە.

رۆژنامەکانی ئەڵمانیا ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەم هەوڵەی یانەی بایرن میونخ دوای ئەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت لەوەرزی داهاتوودا فرانک ریبیری فەرەنسی ریزەکانی یانەی بایرن بەجێ بهێڵێت.

## ئەلتیدۆر: هەڵبژاردەی ئەمریکا لەروبەڕووبەڕوبوونەوەی ئینگلتەرا ناترسێت



هینریک لارسن هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی سوید ڕایگەیاند: لەمۆندیالی داهاتوودا هەلێکی گەورە بۆ هەڵبژاردەی نەیجیریا رەخساوە کە دەتوانن لەگەڵ لارس لجیرباکی راهێنەریاندا سەرکەوتنی گەورە بۆوڵاتەکەیان بەدەستبهێنن، چونکە یەکێکە لەباشترین راهێنەرانی جیهان، "نابێت یاریزانانی نەیجیریا لەئەستێرە ناودارەکانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بترسن کە لەیەک کۆمەڵەدا یاری دەکەن".

# هینریک لارسن:
# پێویستە نەیجیریا لەگەڵ لجیرباک سەرکەوتووبێت



هینریک لارسن هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی سوید ڕایگەیاند: لەمۆندیالی داهاتوودا هەلێکی گەورە بۆ هەڵبژاردەی نەیجیریا رەخساوە کە دەتوانن لەگەڵ لارس لجیرباکی راهێنەریاندا سەرکەوتنی گەورە بۆوڵاتەکەیان بەدەستبهێنن، چونکە یەکێکە لەباشترین راهێنەرانی جیهان، "نابێت یاریزانانی نەیجیریا لەئەستێرە ناودارەکانی هەڵژاردەی ئەرژەنتین بترسن کە لەیەک کۆمەڵەدا یاری دەکەن".

# کێشەکانی ئێرانو فیفا ئاڵۆزتر دەبێت

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) بڕیاریدا هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئافرەتانی ئێران بێبەش بکات لەبەشداریکردن لەیاریەکانی ئۆڵۆمپیادی لاوان کە بڕیارە ١٤ی مانگی ئابی داهاتوو لەوڵاتی سەنگافورە دەست پێبکاتو تا ٢٦ی هەمان مانگ بخایەنێت، رۆژنامە وەزشیەکانی ئێران بڵاویانکردەوە: لیژنەی ئۆڵۆمپیو یەکێتی تۆپی پێی ئێران نامەیەکی ناڕەزاییان ئاراستەی فیفا کردووەو تیایدا رەخنەی توندیان لەو بڕیارە گرتووەو بەبڕیارێکی نەشیاویان وەسفکردووەو دوای ئاشکراکردنی هۆکارەکانی بڕیارەکەشیان کردووە. بەپێ سەرچاوە وەرزشیەکانی ئێران، لیژنەی ئۆڵۆمپیو یەکێتی تۆپی پێی ئێران هۆکاری بێبەشکردنی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئافرەتانی وڵاتەکەیان تەنها بۆئەوە دەگێڕنەوە کە یاریزانەکانیان حیجاب دەپۆشن، ئاماژەیان بەوەشکردووە: جگەلە فیفا، نامەی ناڕەزایی ئاراستەی ژمارەیەکی زۆر لەرێکخراو و یەکێتیە وەرزشیەکانی دیکەی جیهان کراوە. لەو نامەیەدا یەکێتی تۆپی پێی ئێران دوای لەفیفا کردووە پێداچوونەوەی ورد بۆ ئەو بڕیارە بکاتو ئەگەر هۆکارەکەشی پۆشینی حیجاب بێت، ئەوا یاریزانی ئێران هەر بەو شێوەیە دەمێیننەوەو هەر بەحیجابیشەوە بەشداری هەموو پاڵەوانێتیەکانی دیکەی جیهان دەکەن.

# شەماخ لەئارسناڵ نزیک دەبێتەوە

بەگوێرەی هەوڵێکی رۆژنامەی دەیلی میلی ئینگلیزی ئارسن فینگەری راهێنەری یانەی ئارسناڵ یەکەم گرێبەستی وەرزی داهاتووی مسۆگەر کردووە کە لەگەڵ مەروان شەماخی مەغربیو یاریزانی هێرشبەری یانەی بۆردۆی فەرەنسی ئیمزا کراوەو دەتوانێت جێگەی یاریزانانی هێرشبەری یانەکە بگرێتەوە، کە بەردەوام بەهۆی زۆری پێکانەکانیانەوە کێشەیان بۆ هێڵی هێرشبردنی یانەی ئارسناڵ دروستکردووە. رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردۆتەوە کە ئەو گرێبەستە بۆ ماوەی چوار ساڵو بەبڕی ١٢ملیۆن یۆرۆ ئیمزا کراوە، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی رەسمیو هیچ لێپرسراوێکی هەردوو یانەی ئارسناڵو بۆردۆ باسیان لەو گرێبەستە نەکردووەو یاریزانی ناوبراویش ئامادە نییە لەوبارەیەوە هیچ لێدوانێک بدات.



# ئەگەر کاکا تووشی پێکان بوو بەرازیل چیدەکات؟

لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وەرزشیەکانی بەرازیل کارلۆس ئەلبێرتۆ پێرێرا راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل کاکای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی بەیەکێک لەباشترین یاریزانەکانی جیهان وەسفکردو رایگەیاند: سەرەڕای ئەوەی کە کاکا یەکێکە لەباشترین یاریزانەکانی هێڵی ناوەڕاست، پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێت کە هەڵبژاردەی بەرازیل لەمۆندیالدا تەنها پشت بەکاکا دەبەستێت کە ئەوەش دەبێتە جێگەی مەترسیو ئەگەر ئەو یاریزانە تووشی پێکان بوو بەرازیل چیدەکاتو پشت بەکێ دەبەستێت؟



# تۆتی: هێشتا بڕیاری گەڕانەوەم نەداوە

لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا فرانچیسکۆ تۆتی کاپتنی یانەی رۆمای ئیتاڵی رایگەیاند: تائێستا بڕیاری نەداوە کە بەمەستی بەشداریکردن لەجامی جیهانی ٢٠١٠ بگەڕێتەوە ڕیزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، لەئێستاشدا نایەوێت باس لەوە بکات کە تا چەند ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ نێو یاریزانانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی، تۆتی ئاماژەی بەوەکردووە کە تائێستا بەتەواوی لەپێکانەکەی چاک نەبۆتەوەو بەهیچ شێوەیەکیش لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ مارچیلۆ لیپی راهێنەری هەڵبژاردەی ئیتالیا نەکردووە، بۆیە جارێ بڕیاری کۆتایی نادات.

# ئینتەر میلان بێتاوان بوو

دوای ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن، بەتایبەت رۆژنامە وەرزشیەکانی ئیتاڵیا یانەی ئینتەر میلانی وڵاتەکەیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بەشێوەیەکی نایاسایی دەیەوێت چەند ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ژمارەیەک یاریزانو هەندێ یانەی دیکەدا ئیمزا بکات، دادگای تایبەت بەتاوانە وەرزشیەکانی ئەو وڵاتە دوای چەند دانیشتنێکی تایبەت بەو دۆسیەیەن بێتاوانی یانەی ئینتەر میلانی ڕاگەیاند. پێگەی تایبەتی یانەی ئینتەر میلان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویکردەوە: دوای ئەوەی دادگا چەند دانیشتنێکی تایبەتی بۆلێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵ یانەکە ئەنجامدا، بۆی دەرکەوت سەرجەم تۆمەتەکان دوورن لەڕاستیەوەو هیچ لێپرسراوێکی یانەکە هەوڵی ئیمزاکردنی رێکەوتنی نایاسایی نەداوە، بۆیە بێتاوانی یانەکەی لەو تۆمەتانە ڕاگەیاندو چەند رۆژنامەیەکیشی بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی دوور لەڕاستی سزادا.

# ئەو تیپانەی زۆرترین موچە بەیاریزانان دەدەن

پێگەی ئەلکترۆنی یاهوو ساڵانە لەسەر ئاستی جیهان لەڕاپۆرتێکدا ناوی چەند تیپو یانەیەک ئاشکرا دەکات کە زۆرترین پارە وەک مووچەی ساڵانە بەیاریزانان دەدەن، لەڕاپۆرتی ئەمساڵیشدا تیپی نیویۆرک یانکیزی ئەمریکی بۆیاری بەیسبۆڵ کە بەیەکێک لەیانە بەهێزەکانی جیهان دادەنرێت لەپلەی یەکمدا هاتووە کە ساڵانە حەوت ملیۆن دۆلار وەک مووچە دەدات بەهەر یاریزانانێک. هەردوو یانەی ریاڵ مەدریدو بەرشەلۆنەی ئیسپانیش لەپلەکانی دووەمو سێیەمدا هاتوون، کە ساڵانە شەش ملیۆنێ ٨٠٠هەزار دۆلار وەک مووچە بەیاریزانەکانیان دەدەن. یانەی چێڵسی ئینگلیزیش بەپلەی چوارەمو لەپێشەنگی ئەو یانە ئینگلیزیانەشە کە زۆرترین مووچە بەیاریزانان دەدەن، کە پێنج ملیۆنو ٣٠٠هەزار دۆلارە بۆهەر یاریزانێک. لەپلەی پێنجەمیشدا، تیپی باسکەی دالاس مافرێکسی ئەمریکی دێت کە ساڵانە بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری بۆمووچەی یاریزانەکانی تەرخانکردووە. تیپەکانی لۆس ئەنجلس لیکەرزو دیترۆیت پیستۆنزو بۆستن سەڵتیکسو نیویۆرک ناگێتسیش، ساڵانە بڕی چوار ملیۆن دۆلار بەبەیاریزانەکانیان دەدەن.

# تریزیگەو بیرۆکەی چوون بەرەو کۆرەنتسیانزی بەرازیل

ڕۆژنامە وەرزشیەکان لەزاری ربێرتۆ کارلۆسی بەرازیلیو یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی کۆرەنتیسانزی هەمان وڵاتەوە بڵاویانکردەوە: لەئێستادا داڤید تریزیگەی فەرەنسیو یاریزانی هێرشبەری یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی بەوردی سەرقاڵی تاوتوێکردنی بیرۆکەی پەیوەندی کردنە بەیانەی کۆرەنتیسانزی بەرازیلیەوە تا چەند ساڵێکی تر لەو یانەیە درێژە بەژیانی وەرزشی خۆی بدات، کارلۆس ئاماژەی بەوەشکردووە: دوای ئەوەی تریزیگە ئارەزووی بەجێهێشتنی یانەی یۆڤانتۆسی راگەیاند، چەندین یانە بەمەبەستی ئەنجامدانی گرێبەست پەیوەندیان پێوە کردووە، بەتایبەت یانەکانی ئەمریکا، بەڵام لەئێستادا تریزیگە بیر لەوە دەکاتەوە کە لەیانەی کۆرەنتسیانز یاری بکات.





# جینراڵ مۆتۆرز ئۆتۆمبێلێکی کارەبایی - بەنزینی بەرهەم دێنێت

کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی جینراڵ مۆتۆرزی ئەمریکا رایگەیاند یەکەمین هێڵی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی - بەنزینی (هایبریدی) خۆی ناسراو بەچیڤی ڤۆڵت (chevy volt) وەرێخست، ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی جینراڵ مۆتۆرز رایانگەیاندوە کە ئەو کۆمپانیایە بەهیوایە بەرهەمهێنانی زۆری ئۆتۆمبێلی ڤۆڵت تا کۆتایی ئەمساڵ لەکارگەیەک لەشاری دیترۆیدی میچیگان دەست پێبکات.

مەکینەی کارەبایی ئەو ئۆتۆمبێلە لانی زۆر تا شەستو چوار کیلۆمەتر دەڕواتو مەکینە بەنزینییەکەی بۆ پێوانی نزیکەی 500کیلۆمەتر دوای لەکارکەوتنی مەکینە کارەباییەکە ئامادەکراوە، هاوکات کۆمپانیای جینراڵ مۆتۆرز هێشتا نرخی وردەفرۆشی ئەو ئۆتۆمبێلەی لەبازاڕدا رانەگەیاندووە.

بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی ڤۆڵت دەکەوێتە ناو ئەو هەوڵانەوە کەلەپیشەسازی ئۆتۆمبێلدا بۆبەرهەمێهنانی ئۆتۆمبێلەکانی کارەبایی - بەنزینی یان ئۆتۆمبێلەکانی سازگار لەگەڵ ژینگە ئەنجام دەدرێت.

کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی نیسانی ژاپۆنیش بەهیوایە لەمساڵدا فرۆشی ئۆتۆمبێلی تەواو کارەبایی خۆی بازارگانی لیف (بەمانای گەڵا) دەست پێبکات.

## ئۆتۆمبێلسازانی ئەوروپا لەزیادبوونی نرخی پۆڵا نیگەرانن

زیادبوونی نرخی جیهانی بەردی کانزا ترسێکی نوێی خستووتە دڵی گەورە کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێلسازی ئەوروپیو زۆربەی ئۆتۆمبێلسازە ئەوروپییە گەورەکانی وەک فۆلکس واگۆن، بیجۆ، سیترۆینو فیات نیگەرانن لەزیادبوونی نرخی جیهانی بەردی کانزایی، چونکە دوابەدوای ئەویش زیادبوونی نرخی پۆڵا دێتە ئاراوە.

ماوەیەک لەمەوبەر گەورەترین بەرهەمهێنەری بەردی کانزای جیهان هەواڵی رێککەوتنی خۆی لەگەڵ بەرهەمهێنەرە ئاسیاییەکان بۆ زیادکردنی 90%ی نرخی بەردە کانزاییەکانی بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە.

بەپێی راپۆرتی سایتی بلۆمبەرگ، ئێستا کۆمپانیا ئۆتۆمبێلسازەکانی ئەوروپا لەهەوڵدان تا بەهەر شێوەیەک کە رێگەی هەیە، رێگە لەو زیادبوونی لەڕادەبەدەرەی نرخی پۆڵا بگرن، چونکە ئەو رووداوە دەتوانێت بەشێوەیەکی بەرچاو تێچووەکانی بەرهمهێنانی ئۆتۆمبێل لەو پیشەسازییەدا بەرز بکاتەوە.

## نابینایەک ریکۆردی خێرایی شکاند


هاووڵاتییەکەی نابینای خەڵکی تورکیا بەشۆفێری کردن بەخێرایی نزیکە 300کیلۆمەتر لەیەک کاژێردا، ریکۆردی ئەو بوارەی شکاند.

ئەو پیاوە نابینایە کە گۆرانیبێژێکی پۆپو پێشکەشکارێکی بەناوبانگی تەلەڤزیۆنی تورکیایە بەتەنیاو بەئۆتۆمبێلی فێراری f430و بەخێرایی 293 کیلۆمەتر لەکاژێرێکدا شۆفێری کردو لەو بوارەدا ریکۆردێکی نوێی تۆمارکرد.

ئەو شۆفێرە نابینایە لەو کارەیدا تەنیا بەهۆی هاندەکەیەوەو ئەو ئۆتۆمبێلە کە لەپشتی سەرییەوە دەڕۆیشت رێنوێنی دەکرا. ناوبراو لەکۆتاییدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە پێیوابوو ئەو کارەی کردوویەتی زۆر سەخت بووە، رایگەیاند کە وەک شۆفێرو بەو خێراییە لەگەڵ مەرگ پێشبڕکێی کردووە.




# پیشانگای نێودەوڵەتی ئۆتۆمبێل لەنیۆیۆرک دەستی بەکارکرد




پیشانگای نێودەوڵەتی 2010ی ئۆتۆمبێل لەرۆژی دووی ئەم مانگەوە کاری خۆی لەشاری نیۆیۆرکی ئەمریکا دەستپێکردو بۆماوەی 10 رۆژ واتە تا رۆژی 22 مانگ بەردەوام دەبێت.

پیشانگای نێودەوڵەتی ئۆتۆمبێلی نیۆیۆرک بەیەکێک لەگرنگترین پیشانگاکانی پیشەسازی ئۆتۆمبێل لەناوچەی ئەمریکای باشوور دێتە ئەژمار. لەو پیشانگایەدا کۆمپانیاکانی بی ئێم دەبلیۆ، هۆندا، کەدیلاک، شۆڤرۆلێت، هیوندای، ئینفینێتی، کیا، لەکسس، لینکۆڵن، مارسیدس بێنز، میتسۆبیشی مۆتۆرز، نیسان مۆتۆرز، سوبارۆ، سوزوکی، فۆلکس واگۆنو ڤۆڵڤۆ کە هەموومان لەڕیزی بەناوبانگترین مارکە جیهانییەکانی پیشەسازی ئۆتۆمبێل دان، نوێترین بەرهەمەکانی خۆیان نمایش دەکەن.

پیشانگای نێودەوڵەتی ئۆتۆمبێلی نیۆیۆرک هەموو ساڵێ لەم کاتانەدا لەئەمریکا بەڕێوەدەچێت. ئەمساڵ گرنگی ئەو پیشانگایە بەهۆی ئەوەی یەکجار زیاتر بووە کە باردۆخی بازاڕی ئۆتۆمبێلی ئەمریکا لەچاو ساڵی رابردوو تا رادەیەکی زۆر باشتربووەو کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێلی جیهان هیوادارن تا لەو حاڵەتە سوودوەربگرنو پشکێکی زیاتر لەو بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی خۆیان بەدەست بهێنن.

# دەتەوێت Beep لابەریت؟

ڕەنگە تۆش ئەو دەنگە بچوکەت کە هەندێک کات لەسپیکەری ناوخۆیی کێسەکەتەوەبەهۆکاری جۆراوجۆر وەک ئیرۆر بڵاودەکرێتەوە بیستبێت. ئەگەر تۆش کێشەت لەگەڵ ئەو دەنگە کە بە Beep دەناسرێت، هەیەو حەزدەکەی ئەو دەنگە نەمێنێت ئەو کارەی کە لەخوارەوە باسی دەکەم ئەنجامی بدە:
مینۆی ستارت بکەوەو لەسەر Run کلیک بکە.
ئێستا لەو دایالۆگ بۆکسەدا کە دەکرێتەوە بنوسە regeditو ئینتەر لێبدە.
دوای ئەو پەنجەرەیەک دەکرێتەوە، ئەو ئەدەرسەی خوارەوە بدۆزەوە:
Hkey_current_user/control panel/sound
لەلای ڕاستی ئەو شوێنەدا ڕێژەی بژاردەی Beep لەyesەوە بکە No بگۆرە. بەو کارە بۆهەمیشە دەنگی ئەو سیگناڵە دەکوژێنەوە.



# ئایفۆن بەکارهێنەران تووشی ئیدمان دەکات

زۆربەی بەکارهێنەرانی هاندی هۆشمەندی ئەپڵ، واتە ئایفۆن ماوەیەکی زۆر بوو کە باسیان لەوە دەکرد کە ئەو هاندە بەکارهێنەرەکە خۆی مودمین دەکات، ئێستاش ڕاپرسییەک کە زانکۆی ئیستەنفۆرد ئەنجامی داوە، ڕاستی ئەو بیرۆکەیە دەسەلمێنێت.

ئەو ڕاپرسییە لەسەر 200 خوێندکار ئەنجام دراوە کە هاندی ئایفۆنی ئەپڵیان بەکارهێناوەو 70%یان ئەو هاندە هۆشمەندەیان کەمتر لەیەک ساڵ پێشتر کڕیبوو.
سەرنجڕاکێشترین خاڵی هاوشێوەی کە لەنێوان ئەو خوێندکارانەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوە بوو کە ئایفۆن خێراییەکی بەرچاو بووەتە بەشێکی سەرەکی لەژیانی ئەوانداو ئەوەی کە بە چ ژمارەیەک لەوان بەئاشکرایی ئەوەیان قبوڵ کردووە کە بەبێ ئایفۆن تووشی کێشە دەبن.
85%ی ئەو ئەو خوێندکارانە لەئایفۆن وەک کاژێر، 89% بۆهەستان لەخەو لەکاتێکی دیاریکراودا سوودیان وەرگرتووە. 75%ی ئەو کەسانەش بەئایفۆنەکەیان خەویان لێکەوتووەو 69%یشیان وتویانە بەیانیان لەکاتی چوونە دەرێ ئەگەری زۆرترە جزدانەکەیان لەبیر بچێت تا ئایفۆنەکەیان.
پرۆفیسۆر تانیا لۆتمەن مامۆستای مرۆڤناسی زانکۆی ستەنفۆرد کە چاودێری ئەو لێکۆڵینەوە بووە لەوبارەیەوە وتی: یەکێک لەسەرنجڕاکێشترین خاڵەکانی کە ئێمە لەچاوپێکەوتنەکان بۆمان دەرکەوتووە ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی ئەو ئامێرە بەبەشێک لەخۆیانو خۆیان بەبەشێک لەهاندەکەیان دەزانن.
نزیکەی یەک لەسەر چواری ئەو کەسانەی لەو ڕاپرسییەدا بەشدارییان کردووە، وتویانە ئایفۆنەکەیان بەشێک لەمێشک یان لەشیانە. هەڵبەت لێکۆڵەران دەڵێن ئەو حاڵەتە هەمیشەش خراپ نییە.
هاندی هۆشمەندی ئایفۆن کە تاکە بەرهەمی کۆمپانیای ئەپڵە لەبازاڕی مۆبایلدا، بۆیەکەمینجار لەمانگی یەکی ساڵی 2007دا لەپیشانگای لاس ڤیگاسی ئەمریکادا نمایشکراو بەدوایدا گۆڕانێکی گەورەی لەجیهانی مۆبایلدا هێنایەئاراوەو ئێستاش پڕفرۆشترین هاندی مۆبایلە لەسەرانسەری جیهاندا.

# کێ سێیەمین ئیکسپلۆرەری ئینتەرنێتە؟

کرۆمی گووگڵ لەمانگی دیسەمبەردا 4.63% لەبازاڕی ئیکسپلۆرەرەکانی ئینتەرنێتی هەبووە، لەو کاتەدا ئیکسپلۆرەری سافاری 4.66% بەکارهێنەرانی هەبووە، بەڵام لەنوێترین ڕیزبەندی ئیکسپلۆرەرەکاندا گووگڵ جێگەی سافاری گرتووەتەوەو جێگەو ڕێژەکەیان گۆڕاوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە IEی مایکرۆسۆفت کە بەردەوامە لەسەر کەمتربوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنەرانەکەی لەئاستی جیهاندا، هێشتا پڕبەکارهێنەرترین ئیکسپلۆرەرەی ئینتەرنێتییەو 62.7%ی بەکارهێنەرانی بۆخۆی دابینکردووە.
کرۆمی گووگڵ لەدیسەمبەری ساڵی 2008دا خراوەتە بەردەستو شارازایان لەوبڕوایەدان کە ئەو ئیکسپلۆرەرە نوێیە بەردەوام دەبێت لەسەر پێشکەوتنو بەدەستهێنانی پشکی زیاتر لەبازاڕی جیهاندا، بەتایبەت کە ڤێرژنی سازگار لەگەڵ "لینوکس"و "مەک"یش خراوەتە بەردەست.
پلەی دووەمی ئەو ڕیزبەندییە لەدەستی فایەرفۆکسی کۆمپانیای موزیلادایە کە 24.6%ی بەکارهێنەرانی بۆخۆی دابینکردووە. دوای ئەو چوارە، ئیکسپلۆرەرەی ئۆپێرا پلەی پێنجەمی بە 2.4%ی بەکارهێنەران بەدەستهێناوە.



# ئەپڵ دەستی بەفرۆشی ئایپەد کرد

دوای ماوەیەکی زۆرو ریکلامێکی زۆر بۆ ئایپەدی کۆمپانیای ئەپڵ کە نوێترین بەرهەمی ئەو کۆمپانیایە ڕۆژی شەممەی پێشوو لەئەمریکا کەوتە بەردەست. چاوەڕوان دەکرێت ئەو ئامێرە گۆڕانی گەورە بەسەر شێوازو ستایلی گەڕان لەناو ئینتەرنێت، خوێندەوەی کتێبو ڕۆژنامەکان لەناو کۆمەڵگەدا بهێنێت.
هەرچەندە بڕیاربوو فرۆشی ئەو ئامێرە ڕۆژی شەممە دەست پێبکات، بەڵام زۆربەی خەڵک لەشەوی پێشترەوە لەبەرامبەر فرۆشگاکانی ئەپڵ لەنیۆیۆرک، واشنتۆن، بۆستۆنو سانفرانسیسکۆ سەرەیان گرتبوو تا یەکێک لەیەکەمین کەسانێک بن کە دەتوانن ئەو ئامێرە بکڕن، هەڵبەت ئەو سەرانە لەچاو سەرەکانی کە ساڵی 2007 بۆکڕینی یەکەمین ئایفۆن دروست ببوو، زۆر بچوکتر بوو.
ئایپەد وەک کۆمپیوتەرێکی هەڵگر بەکێشەی کەمەوە، تێکەڵاوێکە لەباشترینتایبەتمەندیەکانیهاندێکی هۆشمەندو لاپ تۆپ. شاشەی 9.7 ئینجی ئەو تابلێتە وەک ئایفۆنێکی زۆر گەورەیەو لەسەر ئۆپەرتینگ سیستمی هاوشێوەی ئایفۆن کاردەکات.
نرخەکانی ئەو ئامێرە 499 دۆلارە بۆئەو مۆدیلە کە وای فای هەیەو 800دۆلارە بۆ ئەو مۆدێلەی تایبەتمەندییەکانی نەوەی سێیەمی مۆبایلی لەسەرە. هەڵبەت لەکاتی نمایشکردنەکەی لەسەرەتایی ساڵدا پێشوازی گەرمی لێکراوەو پێشبینی دەکرێت فرۆشەکەی تا کۆتایی ساڵ لەسێ ملیۆن ئامێر تێپەڕ بکات.
ستیڤ جۆبز بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەپڵ لەوکاتەدا کە ئایپەدی لەمانگی یەکی ئەمساڵدا بۆیەکەمینجار نمایشکرد، ئەو ئامێرەی بەڕاپەڕینێک ناوبرد کە ئەزموونی کار بەکۆمپیوتەر لەناو بەکارهێنەراندا دەگۆڕێت.

## فێربوونی بەرنامەی Photoshop CS



1

ئەحمەدبەرزنجی
دبلۆمی باڵا لەکۆمپیوتەر
Ahmedsh974@yahoo.com

بەرنامەی photo shop بەبەناوبانگترین بەرنامەی بەکارهێنەری دیزایینی دوولا ( tow damnation ) دادەنرێت. دەتوانرێت لەرێگای ئەم بەرنامەیەوە کۆمەڵێک دیزاینی پێشکەوتوو دروست بکەینو لەگەڵ چاککردنەوەی وێنەکان، ئەوە جگەلەوەی وێنەی دەستکەوتوو لەکرداری چاپکردنی جۆراوجۆردا بەکاردێت.




ئەم ڤێرژنە ( version CS ) لەڤێرژنەکانی پێشوو چاکترە، لەبەرئەوەی هەڵدەستێ بەدابینکردنی ئامرازی خێراترو وردتر بۆ جێبەجێکردنی کردارەکان، هەروەها کۆمەڵێک کاریگەری نوێی جۆراو جۆری هەیە کە هەڵدەستی بەزیادکردنی شێوازێکی جوانتربۆدیزایینەکان.

**چۆن بەرنامەی Photo shop هاتەئاراوە:**
سەرەتا یەکەم ڤێرژنی بەرنامەی Photo shop ساڵی 1989 بەدیارکەوتو بەردەوام بوو تا ساڵی 1992. هەندێک لەپسپۆڕانی تایبەت بەچاککردنەوەی وێنەکان هەڵسان بەدروستکردنی ئەم بەرنامەیە، یەکێک لەو پسپۆڕانە کاترین ئیسمان بوو کە دەیوت: کاتێک لەبەردەم تەلەڤزیۆن دادەنیشتم کاتی ڕوودانی گەردەلوولی شاری ئۆکلاهامای ئەمریکا دوای تێکچوونی شارەکە یەکێک لەپەیامنێرەکان پرسیاری لەخاوەن خێزانێک کرد کە خانووەکەیان تێک نەچووبوو، جگەلەخانووەکانی تر (بۆئێوە بێزارن کەچی خانووەکەتان وەک خۆیەتی؟) لەوەڵامدا خاوەن ماڵەکە: گشت وێنە تایبتیەکانمان ون بوو ( منداڵیی، زانکۆ، بوک گواستنەوە....هتد ).
دوای مانگێک ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لەشاری نیومکسیکۆی ئەمریکا هەمان پرسیار ئاڕاستەی خێزانێکی ترکرا (بۆئیوە بێزارنین هەرچەند ماڵەکەتان لەگەڵ ئاگرکەوتنەوە سوتاوە) خاوەنی ماڵەکە وەڵامی دایەوە وتی: توانیمان وێنە تایبتیەکانمان دەرباز بکەین.



لەهەر دوو ڕووداو بۆمان دەردەکەوێت کە وێنەکان هیچ نرخێکو بەهایەکی نییە لەبواری مادی، بەڵام بەهای مەعنەوی هەیە، مەبەست لەبەرنامەی Photo shop پاراستنی یادگارییە جوانەکانمانەو هاوکات چارەسەری وێنە کۆنو نوێیەکان دەکات. بۆگەیشتن بەم بەرنامە بەسودەش ئەم هەنگاوانە دەگرینەبەر:

Start == Program == Adobe Photo shop CS

# ئەستێرەی بەخت

لەرووی سۆزدارییەوە پەیوەندییەکانت بەرەو باشتربوون دەچن، بەڵام هێندەش دلڕەق مەبە لەم پەیوەندییەدا. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ هەینییە.

خۆت بەدور بگرە لەو کەسانەی دەیانەوێت بەوتەی ناخۆش ئازاری دەروونی تۆ بدەن، زیاتر پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا ببەستە کە لەگەڵیاندایت هەست بەئارامی دەکەیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممەیە.

هەوڵدانی تۆ بێ سوود نییە، دڵنیابەو هەوڵی خۆت بدە، بەدڵنیاییەوە سوودی لێدەبینیتو تاڕادەیەکی زیاتر گرنگی بدە بەخێزانەکەت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممەیە.

ئەم ماوەیە زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارو چالاکییانەی بەنیازی لەداهاتوودا ئەنجامی بدەیت، دوودڵ مەبە بەرامبەر بەکارەکانت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە.

لەم هەفتەیەدا بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی بەسوود زیاتر هەست بەئاسوودەیی دەکەیتو زیاتر متمانەت بەخۆت دەبێت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆ تۆ دووشەممەیە.

هەلێکی باشت بۆ دەرەخسێت لەبواری کارکردندا، هەوڵ بدە کارەکانت، بەباشی ئەنجامیان بدەیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ شەممەیە.

زیاتر گرنگی بەو شتانە بدە کە بەڕاستی شایانی ئەوەن، خۆت سەرقاڵ مەکە بەئەنجامدانی ئەو کارانەی سوودی بۆتۆ نییە. باشترین ڕۆژی هەفتە دووشەممەیە.

باشتر وایە لەم ماوەیەدا زیاتر ئاگاداری چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکانت بیت، تاوەکو تووشی گرفتی مادی نەبیتەوە. باشترین ڕۆژی هەفتە چوارشەممەیە.

هەوڵ بدە زیاترو باشتر لەکاتەکانت سوودوەربگریتو زیاتر گرنگی بەئەنجامدانی کارەکانت بدە لەجێگەو ڕێگای خوی، نەک زیاتر لەئاستی خۆی. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

خو شه و یستی بەرامبەرەکەت وای لێکردوویت زیاتر هەست بەکێشە بکەیت، بەڵام باشتر وایە هێندە ئازاری خۆت نەدەیتو ترست بەرامبەر بەداهاتوو نەبێت. باشترین ڕۆژی هەفتە یەکشەممەیە.

هەندێک کارو چالاکی هەیە کە سوودی نییە بۆ تۆ باشتروایە خۆتی لێ بەدور بگریت، هەوڵ بدە زیاتر گرنگی بەکەسی بەرامبەرت بدەیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە.

پێویستە زیاتر پابەند بیت بەو بەڵێنانەی کە دەیدەیت، هەوڵ بدە زیاتر بیر بکەیتەوە لەبارەی ئەنجامدانی کارەکانتو ئەو وتانەی کە دەیانڵێیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

# ڕەغەد لەنێو پێنج خراپەکەدایە



گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی) ی ئەمریکایی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەسەر ئەو کچە سەرۆکانەی کە خراپترین ناوبانگیان هەیە لەبارەی هەڵسوکەوتیان بەرامبەر باوکیانو وڵاتەکەی خۆیان.

گۆڤارەکە ئاماژەی بەوەکردووە کە لەدوای (گلۆنۆرا کاریمۆڤا) ی کچی ئیسلام کاریمۆڤای سەرۆکی ئۆزبەکستانەوە، ڕەغەد بەپلەی دووەم دێت. دوای ئەویش هەریەکە لە(ساندەر وین)ی کچی سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی پێشووی بۆرما دێت کە ئێستا تەمەنی ٥٧ساڵە، پاشان (بینتونگتا شیناواترا)ی سەرۆک وەزیرانی تایلاند دێت کە تەمەنی ٢٧ساڵە، هەروەها (ئیابۆ ئۆباسانکۆ بیلۆ) ی کچی سەرۆکی پێشووی نەیجیریایش کە تەمەنی ٤٢ساڵە لەپلەی پێنجەمدا دێت.

شایانی باسە ڕەغەد هاوسەری حسێن کاملی ئامۆزای سەدامە کە ساڵی ١٩٩٥ لەترسی سەدام بەرەو ئوردن هەڵاتو پاشان لەسەر داواو بەڵێنی لێخۆشبوونی ڕەوانەی عیراق کرایەوە، بەڵام سەدام کوشتی. لەوکاتەوە نێوانی ڕەغەدو سەدام تێکچوو.

ڕەغەد ئێستا لەئوردن دەژیو تۆمەتبارە بەیارمەتیدانی گرووپە تیرۆریستییەکانی ناو عیراقو لەلایەن پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپول) ەوە داواکراوە.

# ئەنجلینا جولی ئەنانیو دووڕووە



یەکێک لەبۆدی گاردەکانی پێشووی ئەنجلینا جولی ڕایگەیاند کە خۆشحاڵە ئێستا لەگەڵ جولی برادبیتی هاوسەریدا کارناکات "چونکە ئەوان شێتن".

سەرباری ئەو ناوبانگە زۆرەی جولیو بیت لەڕێی کارە خێرخوازییەکانو هەڵوێستی مرۆڤانەیان لەگەڵ وڵاتە هەژارەکاندا، کەچی بیل بۆگۆڤاری "ئین تاچ" پەردەی لەسەر ئەوە هەڵماڵی کە "ئەنجلینا وەک کەسێکی بەسۆز خۆی نیشان دەدات کەچی پێچەوانەکەی ڕاستە، کەسێکی تووڕەو ئەنانیو دووڕووە، حەزدەکات بەسەر بەرامبەرەکەیدا بخوڕێت".

سەبارەت بەمنداڵەکانیشی، ڕایگەیاند کە ئەجلینا کەسێکی میزاجییەو بایەخ بەگریانیان نادات. کە لێیان تووڕە دەبێت دەچێتە ژوورێکەوەو قسەیان لەگەڵدا ناکات، "ژنێکی تووڕەیەو بەردەوام بەسەر بیتـ ـدا هاواردەکات".

# شێخی ئەزهەر: سەلەفییەکان ئاژاوەگێڕن



د.ئەحمەد ئەلتەیب شێخی نوێی ئەزهەر بەتوندی هێرشی کردە سەر سەلەفیەکانو وتی: "ئەوان خۆی بەسەر ئیسلامدا سەپاندووەو هیچ نیگەران نیم لەبڵاوبوونەوەیان لەمیسردا، چونکە لێرە ئەزهەر مەرجەعەو هەڵگری پرنسیپی میانڕەوییە". ئەلتەیب لۆمەی هەندێک لەکەناڵە ئاسمانییە عەرەبیەکانیشی کرد کە بایەخ بەگوتاری هەندێک لە"بانگخوازە ئاژاوەگێڕەکانی سەلەفیەت دەدەن بۆپێگەیاندنی نەوەیەکی جیاواز. هەروەک مەسەلە سەرەکییەکانیان پشتگوێ خستووە"، هاوکات ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەندێک فەتوای سەلەفییەکان بۆ تێکدانی سەقامگیریی ئاینیو کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیەو لەچوارچێوەی فەزایەکدایە کە بەبەرنامە کاری لەسەر دەکرێت.

# ماڵەکەی تۆنی بلێر گڕی گرت



بەهۆی گڕگرتنی پارچە نانێک لەناو فڕنێکی کارەبایی لەو ماڵە دێرینەی کە تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیای تێدا دەژی، ئاگرێک کەوتەوەو پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بەپەلە ڕوویانکردە شوێنەکە بۆ کوژاندنەوەی. کاتێک گەیشتنە شوێنی ئاگرەکەش هەریەک لەبلێرو "شیری"ی هاوسەریان بینی کە پەشۆکابوون.

ئەو خانووە دێرینە لەسەدەی ١٧دا دروستکراوەو لەساڵی ٢٠٠٠دا ئەکتەری بەناوبانگی کۆچکردووی بەریتانی (جۆن گیلگۆد)ی تێدا نیشتەجێ بووە. لەبەر بایەخە شوێنەواریو مێژووییەکەی خراوەتە ڕیزی خانووە پارێزراوەکانەوەو ڕاستەوخۆ بەستراوە بەخزمەتگوزاری ئاگرکوژێنەوەوە.

لەکاتێکیشدا بلێرو هاوسەرەکەی خەریکی نانخواردن بوون، ئاگرەکە کەوتووەتەوەو شووتی ئاگادارکردنەوەی بیناکە کەوتووەتەکار.

بەوتەی کەسێکی نزیک لەبلێر، شیری هەستی بەشەرمەزاری کردووە کاتێک پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بەهۆی هەڵەو کەمتەرخەمیی ئەوانەوە بەپەلە گەیشتووەنەتەشوێنەکە!دواییش چەند ڕێنماییەکیان داوەتە خانەوادەکەی بلێر سەبارەت بەرێگرتن لەهەر حاڵەتێکی ئاگرکەوتنەوە.

# SMS

دابەشکردنی ڕۆژنامەکەتان زۆر زۆر خراپە، ژمارەی پێشووتان لەرۆژی چوارشەممەدا دەستم کەوتووە، واچاکە بەجدی بیر لەدابەشکردن بکەنەوە، چونکە ڕۆژنامەکەتان چەندە باش بێت کە نەگاتە خوێنەران، هیچ سودێکی نابێت.

**ئەمیر محەمەد لەدهۆک**

ئەو چوار لاپەڕەیەی منداڵانو مێرمنداڵان زۆر جوانە، من هەموو جارێک پێش لاپەڕەکانی دیکە دەیانخوێنمەوە، خۆزگە زیاتر گرنگیتان پێدەداو وەک پاشکۆیەک دەوڵەمەنترتان دەکرد.

**چنور ڕەحیم لەسلێمانی**

لاپەڕەکانی وەرزشتان زانیاری ئامێزن، زۆرم بەدڵە بەڵام واچاکترە بیر لەرەنگاورەنگ کردنی بکەنەوە چونکە بەرەشو سپی زۆر سەرنجڕاکێش نییە.

**وەرزشوانێک**

بەیەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دادەنێم کە ئەو هەموو جۆرە بابەتەی تیایە، بەڵام هەوڵ بدەن کورتو پوخت بن، بابەتێک گرنگی پێمەدەنو یەکێکی تر فەرامۆش بکەن. هەوڵ بدەن تەنسیق لەنێوان بابەتەکاندا هەبێت تاکو خزمەتیان زۆرتر بێت، هەوڵ بدەن کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگا بخەنەڕوو، لەبەرئەوەی بێلایەنە ئەتوانم بڵێم حەزو خواستی دەسەڵات بۆ خوێندنەوەی زۆرەو ئاگادار دەبن بۆ چارەسەرکردنیان.

**چۆمان جەوهەر**

# کوڕەکەی قەزافی سەرەڕۆیە



بەگوێرەی لیستێک کە بۆخراپترین کوڕە سەرۆکەکانی جیهان ڕێکخراوە، هانیباڵ کوڕی موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا پلەی سێیەمی گرتووە، چونکە کەسێکی سەر بەگۆبەنو سەرەڕۆیە.

ئەو لیستە دیارترین ڕەفتارو هەڵسوکەوتە خراپەکانی هانیباڵی لەخۆگرتووە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ساڵی پار لەلایەن پۆلیسی پاریسەوە دەستگیرکرا بەهۆی ئەوەی کە بەخێرایی ١٣٥کیلۆمەترو لەشەقامێکی قەرەباڵغی پاریسدا بەرۆنگ ساید ئۆتۆمبیلی لێخوڕیبوو.

٢. دوای دوو مانگ، پۆلیس هانیباڵی دەستگیرکردەوە بەهۆی ئەوەی لەهۆتێلێکدا لەکچە هاوڕێیەکی خۆی دابوو، پاشانیش دەمانچەی لێ هەڵکێشابوو.

٣. پێشتر کۆمپانیایەکی لیبی بۆگواستنەوەی دەریایی ڕەوانەکردنی نەوتی بۆسویسرا ڕاگرت، بەهۆی ئەوەی کە سویسرا هانیباڵی لەسەر کۆمەڵێک سەرپێچی دەستگیرکردبوو.

# فیلمی دۆلابی ئازارەکان باسی ئازارەکانی نەکرد

سارا عومەر




فیلمی the hurt locker براوەی خەڵاتی ئۆسکاری ٢٠١٠ ، لەدەرهێنانی ژنە دەرهێنەر ( کاسرین بغیلو )، باس لەکارەکانی تیمی پوچەڵکردنەوەی مین‌و تەقەمەنی یەکەیەکی سەربازی سوپای ئەمریکی دەکات لەعیراقدا.

ئەم فیلمە بەشێوەیەکی تەقلیدی لەڕووی دەرهێنانەوە کاری تێدا کراوەو بڕی تێچوەکەی زۆر کەمەو بینەر وەک فلیمێکی زۆر ئاساییە بەلایەوە، چونکە چەندین فیلمی هاوشێوەی ئەم فیلمەی بینیوە.

کە دەڵێن the hurt locker لەسەر پاشهاتەکانی جەنگی ڕزگاری عیراقە ئەوانەی فیلمەکەیان نەبینیووە یەکسەر بۆ ئەوە دەچن ئەم فیلمە ئازارەکانی هاووڵاتیانی عیراقی لەیادنەکردووە، چونکە تیرۆریستان چەند دژ بەسوپای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کردەوەی تیرۆریستیان ئەنجامداوە هێندەش بەرامبەر بەهاووڵاتیانی عیراق بێبەزەیی‌و دڵڕەقبوون بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ بنەمایەک بەهەزاران هاووڵاتی عیراق بونە قوربانی کاروکردەوەکانی ئەوان.

فیلمی دۆلابی ئازارەکان، تەنها ئازارو مەینەتییەکانی سوپای ئەمریکا دەگێڕێتەوە کە بەدەست تیرۆریستان‌و کردەوەی تیرۆریستی گیریان خواردووە، نەک ئازاری هەزاران عیراقی بێ ئاوارەو پەناهەندەی وڵاتانی دراوسێی عیراق یان ئازاری هەزاران بێوەژن‌و منداڵی هەتیوو.

ئەوەی لەفیلمەکەدا دەیبنی جوان نیشاندانی کاری سەربازە ئەمریکییەکانە لەگەڵ هاووڵاتیان، بێئەوەی بەلای ئەو هەموو کارە خراپ‌و ناشیرینانەدا بچێت کە سەربازەکانی ئەمریکا لەعیراقدا ئەنجامیان داوە، هەر لەبەناهەق کوشتنی هاووڵاتیان تا دەگاتە دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ئافرەتانی عیراق.

خاڵێکی تر کە لەم فیلمەدا فەرامۆشکراوە ڕۆڵی هێزەکانی عیراقە لەهاوکاریکردن‌و پێکەوە کارکردنیان لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان.

لەبەر هەموو ئەوانە هەرکەسێک ئەگەر ئاگاداری ڕووداوەکانی عیراق بێت ئەوا زوو تێدەگات کە ئەم فیلمە هەموو ڕاستییەکانی عیراق باس ناکات‌و دۆلابەکەی جێگای ئازاری عیراقیەکانی تێدا نەبۆتەوە.

# ئەمساڵیش فیستیڤاڵی تەوار لەکەم‌و کورتی بەدەر نەبوو

## "فیلمەکان فرەییان پێوە دیارنەبوو تەنها لەیەک ڕوانگەوە کیشەکانی ژن خرابوونەڕوو"

بەبەخشینی نۆ خەڵات لەکۆی هەژدە فیلمی ڕکابەر، سێیەمین فیستیڤاڵی تەوار بۆ کورتە فیلم، کۆتاییهات‌و بینەرانیش پێیانوایە ناوەڕۆکی زۆربەی فیلمەکان لەیەکەوە نزیک بووەو لەیەک ڕوانگەوە کاریان لەسەر کراوە، هاوکات هونەرمەندانیش ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرن کە هەندێ لەفیلمەکان بەها کۆمەڵایەتییەکانیان پێشێل کردووەو بەشدارانی فیستیڤاڵیش بەسەرکەوتوویی دەزانن لەوەی توانیویەتی هونەرمەندانی ناوچەکانی دیکە بەیەک بگەیەنێت.



لیژنەی داوەرانی ئەمساڵی فیستیڤاڵی تەوار بە بێ ئەزمون تۆمەتبار دەکرێن

فۆتۆ: سەربەست مەنمی

سەربەست مەنمی لەسلێمانی

هەموو ساڵێک‌و لەیادی ڕۆژی جیهانی ژنان ـ هەشتی مارس ـ دا، یەکێتی ژنانی کوردستان فیستیڤاڵی تەوار بۆ کورتە فلیم ڕێکدەخات، ئەمساڵیش لەڕۆژانی ٤بۆ٧ی ئەم مانگە سێیەمین فیستیڤاڵی خۆی لەهۆڵی تەوارو بەبەشداری ٢٥فیلم سازکرد، کە ١٨یان چوونە پێشبڕکێوەو لەئەنجامدا نۆیان خەڵاتیان وەرگرت.

یەکێک لەئامانجە دیارەکانی ئەو فێستیڤاڵە پیشاندانی خەم‌و ناسۆرەکانی ژنان‌و ڕۆچوونە ناو کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان‌وهۆشیارکردنەوەیانە لەدەرەنجامەکانی ئەوەی بەسەریان دا دێت.

### تەنها لەیەک ڕوانگەوە کێشەکان خرابوونەڕوو

بەشێک لەو هونەرمەندانەی بەشداریان لەفێستیڤاڵەکەدا کردووە، ڕەخنەی ئەوە لەفیلمە بەشدارەکانی ناو فێستیڤاڵ دەگرن کە هەموویان یەک ئاراستەیان گرتووەو فرەییان پێوە دیارنییە.

نیشتمانی کەریمی، دانیشتوی شاری مهابادەو خوێندکاری بەشی مۆنتاژە لەزانکۆی تاران. ئەو خاتوونە بەفیلمی کانی بەشداری فیستیڤاڵەکەی کردبوو، وێڕای بەسەرکەوتوو ناوبردنی فیستیڤاڵەکە بەداخ بوو لەوەی فیلمەکان فرەییان پێوە دیارنەبووە، "هەموویان یەک ئاڕاستەیان گرتبوو و تەنها لەیەک ڕوانگەوە کیشەکانی ژن خرابوونەڕوو"، هەربۆیە بەپێویستی دەزانێت دەرهێنەرەکان بچنە ناو ژیانی ئەو کەسانەوە کە دوچاری توندوتیژیی‌وچەوساندنەوە بوون، تاوەکو بەشێوەیەکی واقیعیتر گوزارشتیان لەخەم‌و ئازارەکانی ژنان بکردایە.

### بەهاکانی کۆمەڵگەیان پێشێل کردبوو

هونەرمەندێکی دیاری بواری نواندن، ڕەخنە لەبەشێکی زۆری فیلمەکان دەگرێت بەوەی ناوەڕۆکی فیلمەکان لەئاستی پێویستدا نەبووەو بەهاکانی کۆمەڵگایان پێشێل کردووە.

هونەرمەند تەها خلیل پێیوابوو ئەم فیستیڤاڵە بەشێکە لەپرۆسەی ناساندنی کێشەی ژنان‌و نابێت ئافرەتی کورد بەلاواز پیشان بدرێت یان وا دەربخرێت کە هەموو ئافرەتان لەشفرۆشن، "لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەندێک لەفیلمەکان لەئاستی پێویستدا نەبوون‌و زۆرێک لەبەهاکانی کۆمەڵگایان پێشێل کردبوو".

بەشێکی تر لەهونەرمەندانی بەشدار باس لەوە دەکەن کە فێستیڤاڵی ئەمساڵ بەبەراورد بەساڵانی ڕابردوو باشتر بووە، هاوکات هاتنی ژمارەیەکی بەرچاو لەهونەرمەندانی تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەسەرەتایەکی زۆر باش وەسف دەکەن بۆ ناسین‌و ئاشنابوونی هونەرمەندان بەیەکتری. شاخەوان عەبدوڵا قازی، دەرهێنەری فیلمی، ماڵی مێروولەکان، کە خەڵاتی باشترین ناوەڕۆکی فیلمی فیستیڤاڵی پێبەخشرا، باس لەوە دەکات کە ئەگەرچی فێستیڤاڵی ئەمساڵ سەرکەوتوتربووە، "بەڵام فیلمی دووبارە هەبوو کە ماوەی سێ مانگ لەمەوبەر نمایشکرابوو، باشتربوو نمایش نەکرێنەوە"بەڵام بەشداریکردنی هونەرمەندانی ناوچە جیاوازەکانی بەسەرەتایەکی باش ناوبرد بۆئاشنابوون‌و تێکەڵاوبوونی کولتوری.

### هەر فیلمێک دەربارەی ژن بوبێت نمایشکراوە

شۆخان مەحمود، وتەبێژی سێیەمین فیلمی کورتە فیلمی فیستیڤاڵی تەوار، ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو ڕەخنەکان بەهەند وەردەگرن‌و بۆساڵانی ئایندەی فێستیڤاڵ سودی لێوەردەگرن، هاوکات جەخت لەوەش دەکاتەوە کە کردنەوەی فێستیڤاڵەکە لەهۆڵی تەوار بۆئەوەبووە میوانەکان بارەگاو کاروچالاکییەکانی تری یەکێتی ژنانی کوردستان ببینن.

دەربارەی دووبارەبوونەوەی چەند فیلمێک کە پێشتر لەفێستیڤاڵی سلێمانی بۆکورتە فیلم بەژداریان کردبوو، شۆخان کەریم جەختی لەوە کردەوە کە یەکەمین ئامانجی ئەوان ئەوەبووە کە هەر چیرۆک‌و دەقێک باس لەپرسی ژنان بکات، ئەو دەقانەیان بەهەند وەرگرتووە، "ڕەنگە فیلم هەبێت خەڵاتی وەرگرتبێت‌و لای ئێمەش دووبارە بووبێتەوە، بەڵام ئێمە مەبەستمان بووە پێداگری بکەین‌و سوربین لەسەر دەرخستنی ئاریشەکانی ژنان."


### لیژنەی دادوەریی بێئەزموون بوون

هەندێک لەهونەرمەندانی دەرەوەی فێستیڤاڵەکە ڕەخنەی ئەوە لەفیلمە بەشداربووەکانی فێستیڤاڵەکە دەگرن کەبەشێکی زۆری فیلمەکان لەلایەن پیاوانەوە دروستکرابوون‌و دەرهێنرابوون، لەکاتێکدا وا پێویستبوو ژنان دەوری کاریگەریان لەدروستکردنی فیلمەکاندا هەبووایە.

جەلیل زەنگەنە، سیناریستو دەرهێنەر، باس لەوە دەکات، لەبەرئەوەی فێستیڤاڵەکە لەلایەن یەکێتی ژنانەوە کراوەتەوەو تایبەت بووە بەو فیلمانەی باس لەلایەنێکی ژنان دەکەن، پێویستیش بوو ژنان لەبەرهەمهێنانی فیلمەکاندا وەک سیناریستو دەرهێنان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوایە، "ناکرێت بەهیچکام لەو فیلمانەی لەفێستیڤاڵەکەدا نمایشکران بوترێت فیلمی سینەمایی، چونکە سەرجەمیان بەکامێرەی ڤیدیۆی ئاسایی گیرابوون".

ئەو هونەرمەندە پێیوایە لیژنەی دادوەریی فێستیڤاڵ ئەزموونیان نەبووەو بەئاشکرا خەڵکی هەستی بەخراپی لیژنەکە کردووە، "چونکە هیچکام لەئەندامانی لیژنە پسپۆڕیان لەبوارەکانی فیلمسازیدا نەبووە".

# جیهانی خەیاڵی فیلینی



هیوا محەمەد

فدریکۆ فیلنی دەرهێنەری بەتوانای سینەمای جیهان کە زیاتر لە ٢٠فیلمی گەورەی جیهانی دروستکردوە، یەکەم دەرهێنەرە کە بەتەنیا توانیویەتی جیهانی سینەمایی خەیاڵی بەدونیا بناسێنێت.

لەسەرەتای دروستبوونی سینەما تاکو ئێستا زۆربەی دەرهێنەرەکان لەسەر ئەوەبوون کە بتوانن جیهانی خەیاڵی مرۆڤ لەڕێی فیلمەوە بەدنیا بناسێنن، بەڵام لەپێش هەموویانەوە فدریکۆ دەستی پێکردو زیاتر لە ٥٠ساڵی ژیانی خۆی بەخشییە ئەو بوارەو ئەوەی سەلماند کە سینەمایی خەیاڵی هیچ شتێکی وەک ئەم دونیایە ڕوونەی خۆمان نییەو هیچ شتێکی لەسەر نەزم‌و نیزامی خۆی نییە.

فیلی جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکەم کەسێک ئەوی بەرەو دروستکردنی فیلمی خەیاڵی برد چارلی چاپن بوو کە فیلمی (ئەو کوڕە منداڵە ) لەساڵی ١٩٢١دا پیشانی دا کە چەند کەسێک خەریکی باڵگرتن بوون‌و بەرەو ئاسمان دەچوون، هەروەها لەساڵی ١٩٢٥ کە لەفیلمێکدا چارلی خۆی کردبوو بەمریشکێکی گەورە خەریکی دەوربینین بوو. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە دەنگهەڵگرو وێنەگرەکان لەسینەمای خەیاڵی دا زۆر ئیشیان قورسترە لەوانەی لەفیلمە دراماو داستانییەکانیان‌و ئەوانیش باشترین یارمەتیدەری یەکەمی دەرهێنەری فیلمە خەیاڵییەکانن.

ئێستاش لەسینەمای بەهێزی خەیاڵی ئەمڕۆدا فدریکۆ فلینی ڕابەرێکی بەهێزە بۆ هەموو دەرهێنەرەکانی ترو سینەمای خەیاڵی جیهانیش بەوە شانازی دەکەن.

فدریکۆ فیلینی، لەساڵی ١٩٢٠ لەشاری ری مینی لەئیتاڵیا لەدایکبووەویەکەم کاری هونەری کێشانی کاریکاتێر بووە کە لەساڵی ١٩٣٨ لەرۆژنامەکانی ئەوکات بڵاوی کردونەتەوە.١٩٤٥ دەستیکردووە بەنووسین بۆسینەماو ١٩٤٨ یەکەم فیلمی خۆی دروستکردووەولەساڵی ١٩٩٣شدا گیانی لەدەست داوە.

# کوکو شانێڵ نمایش دەکرێت

ئا: کاوە حەسەن

فیلمی Coco avant Chanel لەدەرهێنانی ئانا فۆنتین ـەو ساڵی ٢٠٠٩ لەفەڕەنسا بەرهەمهێنراوە، ئۆدری تۆتۆو دەیان ئەکتەری لێهاتوو ڕۆڵی تێدا دەبینن‌و ماوەکەی ١٠٠خولەکە. ئەم فیلمە ناونراوە بەفیلمی خانمان، هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زۆربەی خانمان کاریان تێدا کردووەو هەر هەموشیان خەڵکی وڵاتی فەڕەنسان. ئەم فیلمە کوکو شانێڵ (١٨٨٣-١٩٧١ ) فیلمەکەی لەسەر دەرکراوە، ئیدمۆند چارلیس (١٩٢٠- ) یادەوەرییەکانی نوسیوەو ئانا فۆنتین (١٩٥٩- ) دەرهێنەری فیلمەکەیەو ئۆدری تۆتۆ (١٩٧٦- ) ئەکتەری سەرەکی فیلمەکەیە هەروەها کاسرین لۆتریۆر (١٩٥١- ) دیزاینەری جل‌و بەرگی ئەم فیلمەی داناوە.

سەرەتا دەبێت لێرەوە دەستپێبکەین کە وشەی (شانێڵ ٥ ) ناوی عەترێکی فەڕەنسیە، بەڵام کەم کەس ئەزانێت کە چۆن ئەم ناوەی لێنراو بۆچی ژمارە پێنجی لەسەرە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کوکو شانێڵ کە خانمێکی فەڕەنسییەو لەهەتیوخانە بەخێوکراوەو دایک‌و باوکی نەبینیوەو ژمارە پێنجیش ئەو ژمارەیەیە کە لەهەتیوخانە کردبوویانە سنگییەوە، واتە بەناوی خۆی بانگ نەئەکرا، بەڵکو بەژمارەکەی. تاکوو مردیش نەشووی کردو نەمنداڵی خستەوە، چونکە پێیوابوو منداڵ خستنەوە کاری قورسەو ترسی ئەوەی هەبوو کە منداڵەکەی وەک خۆی بێناز دەربچێت، ئەم خانمە لەژیانێکی هەژاریی‌و نەداریی‌و برسێتی توانی ببێتە باشترین‌و چاکترین ژن لەبواری جل‌و بەرگی ئافرەتان.

ئۆدری تۆتۆ کە بەلێهاتوویی‌و ئازایانە ڕۆڵەکەی خۆی بەرجەستەکرد، لەساڵی ١٩٧٦ لەوڵاتی فەرەنسا لەدایکبووەو خاوەنی هەشت خەڵاتی جیهانییەو دووجار پاڵێوراوە بۆخەڵاتی بافتا لەفیلمی( ئیمێلی‌و دەزگیرانداریێکی درێژخایەن ).

تۆتۆ، ئەکتەری سەرەکی ئەم فیلمەیەو پێیوایە ناوبانگ دەرکردن کارێکی زۆر خراپەو ئەخوازێت ژیانێکی سادە بگوزەرێنێت، چونکە ڕۆژێک چووە قاوەخانەیەک‌و لەپڕێکدا کوڕێک هات‌و ماچیکرد، ئەو بۆ ماچەکە پێی ناخۆش نەبوو، بەڵکو ئەوە ناخۆش بوو ئەو کوڕە گرەوی کردبوو لەگەڵ برادەرەکانیدا کە ئەتوانێت ماچی تۆتۆ بکات، هەر شتێک گرەوی لەسەر بکرێت نابێت مرۆڤ گرەوی لەسەر بکرێت.

خوێنەرانی بەڕێزی نم نم‌و هەر بینەرێکی دیکە ئارەزووی بینینی ئەم فیلمە بکات دەتوانێت کاژێر سێی ئێوارەی شەممەی داهاتوو ٢٠١٠/٤/١٧ لەگەلەری سەردەم لەسلێمانی بیبینێت

## کێن ئەو یانانەی زۆرترین موچە بەیاریزانان دەدەن؟

14

## نابینایەک ریکۆردی خێرایی دەشکێنێت

17

## لەسلێمانی کوکو شانێڵ نمایش دەکرێت

18

نم نم
لە خەڵکەوە بۆ خەڵک
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای رووداو
ناونیشان: سلێمانی شارێی سالم تەلاری سلێمانی مۆڵ - نهۆمی دووەم
بۆ پەیوەندی: 07710268004 - 07480151705 - 3186176
Nmnmpress@yahoo.com
19

# کەش‌و هەوای کوردستان حیجاب‌و پەچە بەژنانی ئێرانی فڕێدەدات

دوای گەیشتنیان بەهەرێمی کوردستان، ئەو کچ‌و ژنە ئێرانیانەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن پەچەو حیجابەکانیان لادەبەن‌و وەکو کچان‌و ژنانی هەرێمی کوردستان جل‌و بەرگی نوێ دەپۆشن، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێننەوە بۆئەوەی سیستمی ئیسلامی وڵاتەکەیان رێگەی پۆشینی ئەو جۆرە جل‌و بەرگانەیان نادات کە لەهەرێمی کوردستان دەیپۆشن.

لەسەروبەندی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ دا، نزیکەی ٦٠هەزار هاووڵاتی ئێرانی (بەکوردو فارسەوە)، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردوو، بەشێکی زۆری ئەو کچ‌و ژنانەی لەوێوە هاتبوون پەچەکانیان فڕێ دابوو، لەبری پۆشینی حیجاب‌و مانتۆ ئەو جلوبەرگانەیان دەپۆشی کە لەهەرێمی کوردستان دەپۆشرێن.

ئاشتی سەباح یەکێک بوو لەو ژنە گەشتیارانەی لەئێرانەوە هاتبووە هەرێم‌و جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو جل‌و بەرگەی لەوڵاتەکەی خۆی دەیپۆشی جلوبەرگی زیندانە، هەربۆیە «کاتێک دەگەینە کوردستان پێویستە جلەکانمان بگۆڕین»، چونکە ئەو جلەی لەوێ هەیانە وایکردووە شێوەی ئافرەت لەبەرچاوی پیاواندا بشێوێنرێت، «هەرچەندە لەناوماڵدا هەروەک جلەکانی کوردستان دەپۆشین، بەڵام وەکو ئەوە نییە کە بۆ دەرەوە ئەو جل‌وبەرگانە لەبەربکەین».

5

## جەلیل زەنگەنە: لیژنەی دادوەریی فیستیڤاڵ بێ ئەزمون بوون




فۆتۆ: سەربەست مفتی

جەلیل زەنگەنە، سیناریستو دەرهێنەر، باس لەوە دەکات، لەبەرئەوەی فێستیڤاڵەکە لەلایەن یەکێتی ژنانەوە کراوەتەوەو تایبەت بووە بەو فیلمانەی باس لەلایەنێکی ژنان دەکەن، پێویستیش بوو ژنان لەبەرهەمهێنانی فیلمەکاندا وەک سیناریستو دەرهێنان رۆڵێکی بەرچاویان هەبوایە، «ناکرێت بەهیچکام لەو فیلمانەی لەفێستیڤاڵەکەدا نمایشکران بوترێت فیلمی سینەمایی، چونکە سەرجەمیان بەکامێرەی ڤیدیۆی ئاسایی گیرابوون». ئەو هونەرمەندە پێیوایە لیژنەی دادوەریی فێستیڤاڵ ئەزموونیان نەبووەو بەئاشکرا خەڵکی هەستی بەخراپی لیژنەکە کردووە، «چونکە هیچکام لەئەندامانی لیژنە پسسپۆڕیان لەبوارەکانی فیلمسازیدا نەبووە».

18

### ئایفۆن

## بەکارهێنەران ئالودە دەکات



16

### ژنان

## نایانەوێت قەڵەو بن

د. لێزلی بۆنسی، لەبەشی پزیشکی زانکۆی پیترزبۆرگ دەڵێ: زۆربەی جۆرەکانی شوکولات کە شەکرێکی زۆریان هەیە، لەمەعیدەدا بەتەواوەتی ناتوێنەوەو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی سکتان با بکات‌و قەڵەو پیشان بدرێن، بەتایبەت رێکیی لەش‌و لاری ژنان تێک دەدات. خواردنی ئاو بەرێژەی پێویست، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئاوەی بەهۆی خوێ لەلەشتان کۆبووتەوە، بەئاسانی بێتەدەرەوەو باکردنی سکتان لەنێو بچێت. بۆ وەرزشکردن، بەتایبەت جووڵەکردن بەسک، پێویستە تەنیا دروستیان ئەنجام بدەن.

5

### هاوسەرەکەت

## چۆن دەوروژێت؟

خاتوونەکان دەبێ هەوڵبدەن هۆکارەکانی بزواندنی هاوسەرەکانیان بناسن. گرنگی بەجل‌و رەنگی جلەکانتان بدەن. سەرنجی ئەوە بدەن کە جلی خەوتنتان چ مۆدێل‌و چ رەنگێکی هەبێت تا هاوسەرەکەتان ببزوێنێت. داوای لێبکەن بزانە چ مۆدێل‌و رەنگێگی بەلاوە جوانە. تەنانەت دەرفەت بەمێردەکەتان بدەن بزانە حەزی لەچ جلێکە ئێوە لەبەری بکەن، با بۆتانی بکڕێت. یان بزانن پێویستە چ گۆڕەوییەک لەپێ بکەن سەرنجی مێردەکەتان رابکێشێت. ئایا دەتوانن بەپێ‌و پووزتان هێزی سێکسی مێردەکانتان ببزوێنن؟

7

### ستاندارد

## چییە؟

لەوانەیە بەدەیان جار بیستبێتمان کە ئەم کەرەسەیە ستاندارد بوو، بەڵام ئەویتریان ستاندارد نەبوو بۆیە رووداوێکی ناخۆش روویدا. هیچ کات بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ستاندارد چییە؟ ستاندارد یانی یاساو رێسا، هەر کارێک کە بەپێی یاساو رێسایەکی رێک‌و پێک ئەنجام بدرێ پێیدەوترێ ستانداردەو مۆری ستانداردی لێدەدەن، بۆ وێنە کاتێک خواردەمەنییەک دەکڕن‌و دەبینن کە مۆرکی ستانداردی پێوەیە، لەوەی کە ئەو خواردەمەنییە ستانداردەو پشکنینی بۆکراوەو جێگەی مەترسی نییە خۆشحاڵ دەبن.

9

### ئامانجەکانت

## فاکتەری سەرکەوتنتە

دیاریکردنی ئامانج بەوێناکردن‌و ئەو ئارەزووەی دەمانەوێت دەستپێدەکات. دارشتنی بەرنامە نەخشەی رێگایە بۆگەشتن بەئامانجەکان‌و هاندەری سووتەمەنیەکە کە دەمانگەیەنێتە ئەو شوێنە، بەڵام دەبێ لەسەرەتادا ئامانجێکمان هەبووبێت، چونکە ئەگەر نەزانین بۆ کوێ دەڕۆین ئەوسا هەر رێگایەک بەرەو خۆیمان دەبات. لەو کاتەدا ئیتر گرنگ نییە لەگەڵ ژیانماندا چیدەکەین. لەراستیدا ئەگەر نەزانین لەژیانماندا بەرەو کوێ دەڕۆین کاتێک دەگەینە ئەو شوێنە، ئەوێ ناناسین.

13

### پێرێرا

## کاکا توشی پێکان بێ بەرازیل چیدەکات؟



14